

هەموومان پێکەوە لە نیشتمانێکدا دەژین، هەرچەند بیروڕا و بەرنامەی جیاوازمان هەبن، لە ئەنجامدا کە دەکەوینە دووڕیانی پێشخستنی وڵات و بەردەوامی کێشەکاندا، دەبێ لەسەر بەرژەوەندیی باڵا کە پێشخستنی وڵاتەکەمانە یەك بگرینەوە.

هەر لەو چوارچێوەیەیشدا تەواو بڕوام بەوەیە زوو یان درەنگ پەیوەندی نێوان پارتیی دیموکراتی کوردستان و یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان دەگەڕێتەوە دۆخی ئاسایی خۆی، بۆیەیش پێویستە هەرچی زووە باری گرژی و ئاڵۆزی ئێستا بەجێ بهێڵین.

ڕووداوەکانی زاخۆ و دهۆك شتێکی وەها نین بتوانن ئەم دوو لایەنە لە یەك دابڕن، چونکە هەردوولامان وەك حزب و لایەنەکانی دیکە لە چوارچێوەی یاسادا کار دەکەین، جگە لەوەیش ئامانجی هاوبەشی زۆر مەزن کۆمان دەکەنەوە.

ئەو ڕووداوانە بێگومان نەخوازراو بوون، بۆ هەموو لایەکمان ناخۆش بوون، جێگەی نیگەرانی گەلی کوردستان بوون بە گشتی، بەڵام ئێستا وای دەبینین کە ئاڵۆزی دۆخەکەمان بەجێ هیشتووە، ئێستا کاتی ئەوەیە بە هێمنی و مەنتیقی و لە ڕوانگەی بەرژەوەندی باڵای کوردستانەوە بەرنامە بۆ چەسپاندنی پەیوەندییەکی ئاسایی و تەندروست لەسەر بنەمای لە خۆبووردن دابنێین و خۆمان بۆ قوناغە گەشەکانی ئایندە ئامادە بکەین.

لێکۆڵینەوەی ئەو لیژنە تایبەتییەی کە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم مەبەستە بڕیاری پێکهێنانی دابوو، گەیشتووەتە چەند ئەنجامێك و کەموکوڕی لایەنەکانی دیاری کردووە.

لەلایەکی دیکەیشەوە ئەوەندەی پەیوەندی بە پارتیی دیموکراتی کوردستانەوە هەیە، نە ئێستا و نە لە ئاییندەدا بە دروستی نابینین هەندی بەرپرسی حکومی یانیش حزبی لەخۆوە ڕەفتار بکەن، هەر بۆیە بەر لە هەموو کەسێك ڕوو لە بەرپرسان و ئەندامانی پارتی دەکەم کە لە ئاڵۆزترین کات و بارودۆخەکانیشدا پابەندی یاسا بمێننەوە و هەیبەتی حکومەت و ناوبانگی دیموکراسی و پێکەوەژیان لە کوردستاندا بە کردەوەی یاسا شکێنانە نەشێوێنرێن، بەڵکوو دەبێ بەرپرس و ئەندامانی پارتی پێش هەمووان ڕێز لە بەرژەوەندی وڵات و مافی یاسایی هاووڵاتیان و حزبەکان بگرن.

وەکوو لە کاتی ڕووداوەکاندا گوتم و ئێستایش دووبارەی دەکەمەوە، سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان بە کردەوەیەکی نادروست و نایاسایی دەزانین، ئەوەیش سیاسەتی پارتی نەبووە و نییە. بە خۆشحاڵیشەوە لەکاتی خۆیشیدا هەندێ لە بەرپرسانی یەکگرتوو لە پارێزگای دهۆك ئاماژەیان بەو ڕاستییەدا کە دڵنیان ئەوە سیاسەتی پارتی نییە.

بەداخەوە ئەو ڕووداوانە بە پەلاماردانی ماڵ و موڵکی کۆمەڵێك هاووڵاتی دەستیان پێکرد، ئەوەیش بەناڕەوا دەزانین، ئیتر ئەو هاووڵاتیانە سەر بە هەر بڕوا و پێکهاتەیەکی گەلی کوردستان بن.

حکوومەت بەرپرسە لە پاراستنی ئاساییش و ماڵ و موڵکی تایبەتی هاووڵاتیان و موڵکی گشتی و حکوومەت، هەروەها دەبێ پارێزەری فرەحزبی بێت کە بنەمایەکی بنچینەیی ئەزموونی هەرێمی کوردستانە لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنییەوە. هەر لەو چوارچێوەیەیشدا هەموو حزبە مۆڵەتدراوەکانیش دەبێ پابەندی یاساکان بن، وەکوو حزبی مەدەنی. هەر لەو ڕوانگەیەیشەوە دەڵێین کە دەبێ ڕێز لە بەهاکانی گەلەکەمان بگرین و هەستی هیچ لایەنێك بریندار نەکەین.

وابزانم تاوەکوو ئێرە گرفتەکان ڕوون و ئاشکران، ئێستایش نامانەوێت ڕێگە بدەین ئاسەواری ڕووداوی بەوشێوەیە هەتا هەتایە، تەنانەت ماوەیەکی درێژیش باڵ بەسەر باری سیاسی هەرێمی کوردستاندا بکێشن.

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لایەنێکی سیاسی مۆڵەتداری یاسایی کوردستانە، چەندین ساڵە بەشدارە لە پەرلەمانی کوردستاندا، بەشداری لە حکوومەتی کوردستاندا کردووە، چەندین جار بە لیستی هاوبەش لە تەك پارتی و یەکێتی و حزبەکانی دیکەدا بەشداریی هەڵبژاردنەکانی کوردستان و عێراقی کردووە.

# ئایندەی پەیوەندییەکانی پارتی و یەکگرتوو

نێچیرڤان بارزانی

هەروەها لەکاتی پێکهێنان و بەڕێوەبردنی کابینەی چوارەمی حکوومەتی هەرێمی کوردستاندا لە هەلومەرجێکی سەخیدا بەشداری لە حکوومەتدا کرد و بەو شێوەیەیش تاوەکوو ڕادەیەکی زۆر بەشداربوو لە کەمکردنەوەی ئاسەواری پارچەبوونی ئیداری و سیاسی هەرێمی کوردستاندا، من خۆم وەکوو سەرۆکی ئەو کاتی حکوومەت هەمیشە ئەوەم لە یادە و داوا لە ئەندامانی پارتی و یەکگرتوویش دەکەم کە ئەو وێستگە هاوبەشانەی نێوانمان لە بیر نەکەن، کە ئەو وێستگانە زۆر زیاترن لە ناکۆکییەکان.

کەوابێ یەکگرتوو هاوکار و هاوخەباتی پارتی و حزبە کوردستانییەکان بووە و با کەسمان ئەوە لەبیر نەکەین.

ئێستایش ئێمە ئامادەین پەیوەندی دۆستانە و هاوپەیمانی لەگەڵ یەکگرتووی ئیسلامی بەرەوپێش ببەین و شان بە شانی لایەنە نیشتمانپەروەرەکانی دیکە خزمەتی ئاوەدانی و گەشەپێدانی وڵاتەکەمان بکەین.

بە لەبەرچاوگرتنی ئامانجە گەورەکانی گەلەکەمان هیچ هۆکارێك یان پاساوێك نابینین بۆ بەردەوامبوونی کەشوهەوای گرژی و ئاڵۆزی، بەڵکوو دەبێ هەموو لایەك هەوڵ بدەین زوو بە زوو ئەم هەلومەرجە نائاساییە چارە بکەین و تێپەڕێنین، چونکە ئەرکی زۆر گەورەترمان لەپێشە، بۆ ئەو مەبەستەیش گەلی کوردستان چاوەڕوانی یەکڕیزی و تەبایی هێزە سیاسییەکانییەتی.

پارتی ڕێز لە ماف و ئازادی کاری هەر لایەنێکی سیاسیی نیشتمانی خاوەن مۆڵەت و یاسایی دەگرێ، چ لە کابینەکانی حکوومەت بەشداربن، یاخود لە ڕیزی ئۆپۆزسیۆندا بن.

پێویستە یەکتر قبووڵ بکەین، بە پێی توانا باری یەکتر هەڵبگرین و پشوو درێژ و لە خۆبردوو بمێنینەوە، ئەوەیش بەتایبەتی لەو قۆناغەدا لە هەموو کات پێویستترە، بۆیەیش وەك ئەرکێکی نیشتمانی نابێ هیچ لایەکمان خۆمان لەوە دوور بگرین.

کێشە نیشتمانی و نەتەوەیی کوردستان هێشتا ماوە و نەبڕاوەتەوە، هەموو نەتەوەی کورد چاوی لە ئەزموونی هەرێمی کوردستانە، هەموو کورد هێز لە بەهێزی هەرێمی کوردستان وەردەگرێ. ڕووداوگەلی توند و خێرای وڵاتانی دوور و دەوروبەرمان، بارێکی تازەیان هێناوەتە پێشەوە، کە بە گشتی ئیجابین و لە بەرژەوەندیی داهاتووی مەسەلەی گەلەکەماندان.

ئێستا لەو سەردەمەی بووژاندنەوەی هێزی جەماوەری گەلانی وڵاتانی عەرەبی ناوچەکەدا لە پێناو ئازادی و دیموکراسیدا، دەرفەتێکی زۆر گونجاو ڕەخساوە بۆ بەرەوپێشچوونی خەباتی گەلەکەمان لە پێناو ئازادی و گەیشتن بە مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی. ئەوە دەرفەتێکی تازەیە بۆ گەلەکەمان، دەبێ بە شێوەیەك کار لەسەر ئەو دەرفەتە بکەین کە نەوەی داهاتوو گلەییمان لێ نەکات، دەبێ هەموو هەوڵێك بدەین بۆ دانەبەزاندنی ورەی گەلەکەمان کە هەرێمی کوردستان چەقی ورەبەرزی هەموو کوردە.

ئێمە چ وەك پارتی، یان وەك کابینەی نوێی حکوومەت، چاوەڕوانی گەڕانەوەی باری تەبیعی پەیوەندی هەردوولاین، ئومێدەوارین ئیتر بەرەو دۆخێکی کراوەتر و گەشتر بڕۆین. بێگومان ئەوەیش بەندە بە خواست و ئیرادەی هەموولایەك، گرنگیش ئەوەیە یەکتر قبووڵ بکەین، جیا لە پێگە و قەوارە و بیروڕای هەر لایەنێك. ئێمە گەشبینین کە بەرەو قۆناغێکی بەرزتر دەڕۆین و، کوردیش دەگاتە ئاستێکی باشتر.

هەربۆیەیش دووبارەی دەکەینەوە کە لە چوارچێوەی گیانی پێکەوەژیانی ئاشتیانە، پاراستنی یاسا و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییە بەرزەکانی گەل، ئامادەی گفتوگۆ و هاوکاری هەموو لایەنێکین. سەرئەنجام کوردستان وڵاتی هەموومانە، کێشەی کوردیش پەیوەستە بە هەموو لایەکمانەوە، بە تاکە حزبێك یان تاکە کەسێك بەڕێوە ناچێت، پێویستی بە پشتگیریی و هاوکاری جەماوەری گەلی کوردستان و هەموو هێز و لایەنە نیشتمانییەکانە. ئەمڕۆیش لە هەموو ڕۆژ زیاتر ڕۆژی ئەو هاوکارییەیە.

***

*** ئەم وتارە لە ڕۆژنامەی هەولێر بڵاو کراوەتەوە**



# ئەگەر دیموکراتی مانای ئازادی بێت بڕیاردانی مافی چارەنووسیش ڕەنگدانەوەی ئەو ئازادیەیە



# ((باش گوێم لێ ڕابگرن چاوەڕوانی ئاییندەیەکی گەشبن ئینشائەڵڵا))

## سەرۆکی کوردستان



لــەدوای ڕووخانی دیــواری بەرلینەوە گۆڕانکارییەك بەســەر چەمکی پێکەوە ژیانی ئارەزوومەندانەی دەوڵەتی فرەنەتەوە هاتووە، ئەم گۆڕانکارییە بەرهەمی ئەو باهــۆزەی دیموکراتی بــوو کە لە دوای ئەو ڕووداوە، ڕۆژهەڵات و ناوەڕاســتی ئەورووپای گرتــەوەو کۆمەڵێك دەوڵەتی تــازەی بــەدوای خۆیدا هێنــا کە ئەم دەوڵەتە تازانە بەرهەمی جیابوونەوەی ئەو دەوڵەتانە بوون کە بەشــێوەیەك لەشێوەکان دەوڵەتی فیدرالی بوون(وەك کۆمارەکانی یەکێتــی ســۆڤیەت، چیکۆســلۆڤاکیا، یوگســلافیای پێشوو)، لەوانەیە هەندێك ئەمە بگێڕنەوە بۆ هەڵوەشانەوەی یەکێتی ســۆڤیەت، بەڵام فیدارلیەتی کەنەداش، لەماوەی ٢٠ ســاڵی ڕابردوو گەلێك جار هاتۆتە لێواری هەڵوەشانەوە، دەنگدان بۆ مانەوەی (کیبیك) لەچوارچێوەی کەنەدا و دەنگــدان بۆ جیابوونــەوەی (کیبیك) لەکەنــدا، جیاوازییەکی ئەوتۆیان نەبووە. ئەمەش مانای ئەوەیە سیســتمی وڵات چەند دیموکراتیش بێت، بەڵام فیدرالیزم خواستی نەتەوەیەك تێر ناکات، لێرەوە ئەگەر بەراوردی هەرێمی کوردستان بکەین وەك بەشــێك لەعێراق لەگەڵ خواستی گەلی کوردستان بۆ ســەربەخۆیی و بڕیاردانی مافــی چارەنووس، دەبینیــن نەك هەر بەراورد ناکرێت، بەڵکو گەلی کوردستان تا ئێستا دووجار بەشێوەی نافەرمی ڕای خۆی پیشانداوە، کەبەرێژەی نزیك ٪١٠٠ خواســتی ئەوەیە بڕیاری خۆی بدات و خاوەنی دەوڵەتی سەربەخۆی خۆی بێت، ئەو دووجارەش بریتی بوون لە:

١- دوای کشــانەوەی دامــودەزگا ئیدارییەکانــی حکومەتــی ناوەنــدی لەســاڵی ١٩٩١، گەلی کوردستان نەك هەر بەرگــەی ئەو گوشــارەی گرت، بەڵکو وەڵامدانەوەی ئیجابیانەشــی بۆ سەرکردایەتی سیاسی خۆی هەبوو بەوەی ئامادەیە هەموو شتێك قبوڵ بکات بەس کوردســتان نەبێتەوە بە بەشێك لەعێراق، هــەر ئــەم هاریــکاری و وەڵامدانەوە ئیجابیەی گەلی کوردستان کە زەمینەی سەرخستنی یەکەمین هەڵبژاردنی ئازادی لەکوردستان دروســتکرد، خەڵکیش وەك ڕۆژی سەربەخۆیی بەشداریی تێدا کرد.

٢- لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەددام حوسێن و لەزەمینەی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەو ڕێکخستنەوەی دەوڵەتی عێراق، زەمینە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزاو سازدانی ڕیفراندۆمێکی نافەرمی هاتە ئاراوە، لەمەشدا دیسان گەلی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی خۆی دڵنیاکردەوە، کە ئەو بڕیاری چارەنووسی دەوێت نەك بڕیاری فیدرالی و دووبارە خۆ گرێدانەوە بەعێراقەوە.

ئەم دوو بڕیارەی گەلی کوردستان کە پیشاندانی ئیرادەیەکی ئەخلاقی بۆ پابەندبوون بە بەبڕیاری چارەنووسەوە، سەرکردایەتی سیاسیی کوردستان لەبەر لەبەرچاوگرتنی هەلومەرجی نێودەوڵەتی و بۆئەوەی موجازەفە بەو دەسکەوتانەی بەدەست هاتوون و، هەروەها ئاکامی دابەشبوونی عێراق نەکەوێتە ئەستۆی کورد و گەلی کوردستان، بەفیدرالیزم ڕازی بوو، بەو جۆرەی ئەو فیدرالیزمە یەکێتیەکی ئارەزوومەندانەی نێوان هەردوو نەتەوەی سەرەکی (کورد و عەرەب) بێت لەعێراقدا و مافی تەواو نەتەوەو ئایینەکانی دیکەش گەرەنتی بکات، بەڵام ئەوە نزیکەی ٨ ساڵ بەسەر بونیادنەوەی عێراق وەك دەوڵەتێکی فیدرالی تێدەپەڕێت، بەڵام نەك هەر عێراق نەبووە دەوڵەتێکی فیدرالی بەڵکو، بەڵکو لەماوەی چەند ساڵی ڕابردوو عێراق بەچەندین وێستگەی ناخۆشی شەڕی مەزهەبی تێپەڕبووە و ئێستاش دوای ئەوەی هێزەکانی ئەمریکا

**لەدوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام حوسێن و لەزەمینەی خۆ ئامادەکردن بۆ هەڵبژاردنەکان بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەو ڕێکخستنەوەی دەوڵەتی عێراق گەلی کوردستان سەرکردایەتی سیاسی خۆی دڵنیاکردەوە. کە ئەو بڕیاری چارەنووسی دەوێت نەك بڕیاری فیدرالی و دووبارە خۆ گرێدانەوە بەعێراقەوە**

**دوای هەشت ساڵ لەبڕیاردان و پەسەندکردنی دەستووری عێراق کە بەپێی ئەم دەستوورە پێویستە کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند چارەسەر بکرێن و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی، ئەوە نە عێراق بۆتە دەوڵەتی فیدرالی و نە توانراویشە بەرێگەی ئەو دەستوورە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێن**

لەعێراقدا کشانەوە، پرۆسەی سیاسی کەوتۆتە قۆناخێکی ترسناك و لەخاڵێکدا پێکەوە ژیانی سڕکردووە، لەمەش خراپتر ئەوەیە دوای هەشت ساڵ لەبڕیاردان و پەسەندکردنی دەستووری عێراق کە بەپێی ئەم دەستوور پێویستە کێشەکانی نێوان هەرێم و ناوەند چارەسەر بکرێن و عێراق ببێتە دەوڵەتێکی فیدرالی، ئەوە نە عێراق بۆتە دەوڵەتی فیدرالی و نە توانراویشە بەرێگەی ئەو دەستوورە کێشەکانی نێوان هەرێم و بەغدا چارەسەر بکرێن، کە هەرە گرنگەکەیان کێشەی ناوچە دابڕێنراوەکان و جێبەجێکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری عێراقە، ئەم واقیعە وایکردووە یان دەبێت بەم بارودۆخەی ئێستا ڕازیبین کە هەموو هەنگاوەکانی دەوڵەت و حکومەتی ناوەندی عێراق بەهۆی کێشە ناوخۆییەکانەوە سڕبوون و حکومەتی ناوەندی عێراق نایەوێت لەچوارچێوەی دەستووردا کێشەکانی چارەسەربن، یان ئەوەتا بۆتە پێویستیەك کە دەبێت بیر لەرێگە چارەی دیکە بکرێتەوە، کە بڕیاری کۆی گشتی خەڵکی کوردستانە.

### ئاییندەی گەش چۆن دروست دەبێت؟

ئەگەر مەبەست لەئاییندەی گەش پاراستنی ئازادی و بونیادی دیموکراتی بێت، ئەوا ئازادی و دیموکراتی کاتێك بوونیان دەبێت، کە ڕەنگدانەوەی ئیرادەی خەڵکی ئەو وڵاتە بێت، بۆیە لەم چوارچێوەیەدا کاتێك باسی ئازادی و دیموکراتی دەکەین، ئەوا ئازادی و دیموکراسی لەو پرسانە مانای خۆی دەدۆزێتەوە کە نەتەوە ئەولەویەتیان پێدەدات و دەیان ساڵە لەپێناویدا قوربانی داوە و خۆی لەبەردەم کارەسات و نەهامەتیەکان ڕاگرتووە، بۆیە لەم حاڵەتەدا مانای ئازادی و دیموکراتی بۆ ئەو نەتەوە و گەلانەی وەك نەتەوەی کورد و گەلی کوردستان کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانیان هەیە، ئەوا یان دەبێت سیستمێك دابمەزرێت کە بتوانێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات، وەك سیستمی فیدرالی بەلجیکا و کەنەدا، یان ئەوەتا دەبێت ئەو کێشەیە بەو جۆرە چارەسەر بکرێت کە گەلی کوردستان بتوانێت ناسنامەی خۆی بدۆزێتەوە، هەربۆیە بەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتیش ئازادی و دیموکراتی لەناو چوارچێوەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی بونیادنراوە، هەربۆ نموونە ئەگەر چیك و سلۆڤاکیا یەك دەوڵەت بوونایە لەوانەبوو هەرگیز بەو ئاسانیە نەیانتوانیبایە ئەو دەوڵەتە یەکگرتووە بکەنە ئەندامی یەکێتی ئەوروپا، هەروەها یوگسلافیای پێشووش ئەگەر پێداگیری لەسەر ئەوە بکرابایە کە هەردەبێت بەیەکگرتوویی بمێنێتەوە، ئەوا هەتا ئێستاش کۆمەڵکوژی و جینۆساید بەردەوام دەبوو، یان هەتا ئەگەر ئاشتیەکی بەزۆر سەپێنراویشیان بەسەردا بسەپێنرایە، ئەوا هەرەشەکان بەردەوام دەبوون نەیاندەتوانی ئارامی و سەقامگیری لەناوچەی بەلکان فەراهەم

**دوای کشانەوەی دامودەزگا ئیدارییەکانی حکومەتی ناوەندی لەساڵی ١٩٩١. گەلی کوردستان نەك هەر بەرگەی ئەو گوشارەی گرت. بەڵکو وەڵامدانەوەی ئیجابیانەشی بۆ سەرکردایەتی سیاسی خۆی هەبوو بەوەی ئامادەیە هەموو شتێك قبوڵ بکات بەس کوردستان نەبێتەوە بە بەشێك لەعێراق**

بکەن، ئەمە بۆ دەوڵەتی سۆدانیش ڕاستە، سۆدان لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە کێشەیەکی چارەسەرنەکراوی لەگەڵ باشووردا هەبوو، ئەم کێشەیە دوای ئەوەی ماوەی دەیان ساڵ شەڕی سەربازی دەوڵەت و چەکداری شۆڕشگێڕەکانی لەپێناوداکراو، هەروەها دوای ئەوەی دەوڵەتانی ئەفریقیا ڕێککەوتنی ئاشتیان لەنێوان هەردوولادا ئیمزاکرد، بەڵام وەك ساڵی ڕابردوو بینیمان گەلی باشووری سۆدان بە هاوشێوەی گەلی کوردستان لەعێراقدا بە ڕێژەی زیاتر ٪۹۸ دەنگیان بۆ سەربەخۆییداو جیابوونەوە، لەدوای ئەم جیابوونەوەیەی باشووری سۆدان وەك دەوڵەتێك لەدەوڵەتی سۆدان، لەوانەیە دەوڵەتی باشووری سۆدان وەك دەوڵەتێکی تازە دامەزراو کۆمەڵێك کێشەی گەورەی هەبێت، بەڵام دەوڵەتی باکووری سۆدان کە پێشتر حەسەن بەشیر وەك هەڕەشەیەك بۆ ئاسایشی ناوچەکە سەیر دەکرا، ئێستا ئەویش گۆڕانکاری بەسەردا هاتووەو بەشێوەیەکی دیکە ڕەفتار لەگەڵ کێشەکانی سۆدان و تەنانەت دارفۆریش دەکات، سەبارەت بەو لایەنەی کە دیموکراتی ناتوانێت کێشەی ناسنامەی نەتەوەیی و نیشتمانی چارەسەر بکات، پرسیارمان لەپرۆفیسۆر جامیس فیرۆن ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ستانفۆرد و تایبەتمەند لەسەر کێشە ئیتنیەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست کرد، بەمجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە(دیموکراسی وەڵامی ئەو پرسیارە ناداتەوە کە ئایا ئەو خەڵکانە کێن کە دەبێت کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی بنیات بنێن، دیموکراسی شێوازێکی حکومڕانیکردنە لەنێو گرووپێکی دیاریکراودا، بەڵام خۆی لەخۆیدا دیموکراسی وەڵامی ئەم پرسیارە ناداتەوە کە ئایا ئەو خەڵکانە کێین کە دەبێت دیموکراتیانە حکومڕانی بکرێن، ئەمە کێشەیەکی بەردەوام بووە لەسەدەی نۆزدەوە، لەبەر ئەوەی لەڕاستیدا وەڵامێکی دیموکراتی نییە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو کەسانە کێن کە بڕیار دەدەن و ئەو کەسانە کێن کە دەبێت دیموکراتیانە حکومڕانی بکرێن.. ئەگەر ئەم پرسیارە لەسەر عێراق بکەین، ئایا فیدراڵیزم لەعێراقدا هۆکارە بۆ بەردەوامبوونی شەڕی ناوخۆیی؟ وەك وڵاتێکی یەکگرتوو؟ من پێموایە هەوڵدان بۆ دروستکردنی دەوڵەتێکی مەرکەزیتر ڕەنگە ئاستی شەڕەکە زیاتر بکات، بەتایبەتی لەناوچە کوردیەکان. هەر بەو بۆنەیەوە، فیدراڵیزمی ئەمری واقیع لەوڵاتە نادیموکراسیەکاندا مومکینە، ئەویش کاتێك حکومەتە مەرکەزیە نادیموکراتیەکە ئیعتیراف بەماف و ئیمتیازاتێکی دیاریکراو دەکات بۆ ناوچەیەك یاخود یەکە سیاسییە بچووکترەکان، ئەویش لەپێناو گەشەی ئابووری، سەقامگیری سیاسی یاخود بۆ ئەوەی شەڕ هەڵنەگیرسێت. بۆ نموونە، هەندێ کەس دەڵێن تایوان و چین، فیدراڵیەکی ئەمری واقیعە)).

پرۆفیسۆر فیرۆن کە لەنزیکەوە ئاگاداری بارودۆخی عێراقە لەوەڵامەکەیدا ئەوەمان پێدەڵێت، ئێستا حکومەتی عێراق وەك ئەمری واقیع هەرێمی کوردستانی وەك هەرێمێکی فیدرالی لەعێراقدا قبوڵکردووە، لەمەشدا ئاماژەی بەفیدرالیەتی ئەمری واقیعی نێوان چین و تایوان کردووە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئەم ئەمری واقیعە تاکەی؟ تایوان لەساڵی ۱۹۷۱ـەوە لەگەڵ ئەوەی وەك ئەمری واقیع بەهاوشێوەی دەوڵەتێك ڕەفتار دەکات و ئەندامی ڕێکخراوی بازرگانی جیهانییە، بەڵام هێشتا چین بۆ بارودۆخێك دەگەڕێت کە ئەم فیدرالیەی تایوان هەڵبوەشێنێتەوە، سەبارەت بەواقیعی خۆمان وەك گەلی کوردستان لەعێراقدا پرسیارمان لەپرۆفیسۆر مانۆس مدلارسکی ئوستادی زانستی سیاسیەت لەزانکۆی ڕۆتەر کردو سەبارەت بەواقیعی سیاسی کورد بەگشتی و هەرێمی کوردستان لەعێراقدا بەتایبەتی بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی (ئەگەر لەمڕووەوە مەبەستتان کورد بێت، ئەوە بەڕای من جموجۆڵێکی جێگیر لەئارادا هەیە لەسەر ناسنامەی نەتەوەیی کورد لەبەرئەوەی ئێوە لەعێراق پێشتر حکومەتتان هەبوو لەسلێمانی، هەروەها لەئێران حکومەتی (مەهاباد)تان هەبووە، لەتورکیا هەست دەکرێت جموجۆڵێکی باش هەیە، هەربۆیە هەستی ناسنامەی نەتەوەیی هەمیشە لەنێو کوردەکانی وڵاتە جیاوازەکاندا هەبووە و پێشوەختە پێشکەوتنی بەخۆیەوە بینیوە، بەڵام سەبارەت بەچۆنیەتی بەرەوپێشەوەچوونی زیاتر لەمڕووەوە ئەوە پێموایە لەعێراقدا زیاتر پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی عێراق. بەڵام ئەگەر پرسیار ئەوە بێت ئایا ئەمە ئێستا ڕوودەدات؟ ئەوا من لە وەڵامدا دەڵێم، لەو بڕوایەدانیم لەئایندەیەکی نزیك ڕووبدات لەبەرئەوەی هەردوو دەوڵەتی تورکیا و ئێران ئەوەیان پێ قبوڵ ناکرێت،، سەبارەت بەعێراقیش مەسەلەکە پەیوەستە بە پێوەندییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان لەباکوور و پارچەکانی دیکەی عێراق لەناوەڕاست و باشوور، بۆیە باوەڕناکەم ئەمە لەئاییندەیەکی نزیکدا ڕووبدات، بەڵام پێموایە تارادەیەك جۆرە ئومێدێك هەیە کە لەکۆتاییدا و لەئەنجامی پتەوکردنی پێوەندییەکاندا کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد بێتەکایەوە. بۆ گەیشتن بەم ئاکامەش بەڕای من پێویستیتان بەڕێککەوتن



پرۆفیسۆر جامیس فیرۆن بۆ گوڵان:

**لەڕاستیدا وەڵامێکی دیموکراتی نییە بۆ ئەو پرسیارەی کە ئایا ئەو کەسانە کێن کە بڕیار دەدەن و ئەو کەسانە کێن کە دەبێت دیموکراتیانە حکومڕانی بکرێن**



دەبێت لەنێوان هەر سێ دەوڵەتەکان (عێراق، تورکیا، ئێران) بێجگە لەسوریا لەبەرئەوەی ڕاستە کورد لەسوریا هەیە بەڵام ژمارەیان کەمترە، بەڵام ژمارەی کورد بەرفراوانترە لەسێ وڵاتەکانی دیکە. بۆیە پێویستە ئەو سێ وڵاتانە بگەنە جۆرە ڕێککەوتنێك، ئەمڕۆش ناوچەکە بەساتێکی سەختدا تێدەپەڕێت)).

کەواتە هەردوو پرۆفسیۆر فیرۆن و مدلارسکی، پێیانوایە دەبێت بۆ گەیشتن بەو ئایندە گەشە کە بڕیاردانی مافی چارەنووسە، ئەوا بمانەوێت یان نەمانەوێت لەحاڵەتی بڕیاردانی لەو جۆرەدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك گوشاری ناوخۆیی لەسەر ئاستی عێراق و ئیقلیمی لەسەر ئاستی دەوڵەتانی دەوربەر دەبینەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە ئایا دەتوانرێت ڕووبەڕووی ئەم گوشارانە بووەستینەوە؟ وەڵامی ئەم پرسیارە کە خۆی لەخۆیدا وەڵامێکی گریمانەییە، بۆیە دەڵێین ئەگەر گریمان سەرۆکی کوردستان بۆ ئەم ئایندە گەشە بڕیارێك بدات، ئەوا خودی بڕیارەکە خواستی گەلی کوردستانە و گەلی کوردستانیش ئەو توانایەی هەیە لەپشت سەرۆکی خۆیەوە ڕابوەستێت و ئەم گوشارانەش وەك گوشارەکانی پێشتر بڕەوێنێتەوە.

**ئیرادە بۆ بەرپەرچدانەوەی گوشارەکان**

ئەگەر پێمان وابێت، بڕیارێك بەئاستی ئەو بڕیارەی ئایندەی گەشی لێ چاوەڕێ بکرێت هیچ گوشار و کاردانەوەیەك بەدوای خۆیدا نەهێنێت، ئەوا ئەمە بەهەند هەڵنەگرتنی واقیعی حاڵی ئێستای سیاسەتی نێودەوڵەتی و بەهەند هەڵنەگرتنی سیاسەتی ئێستای ئیقلیمی و ناوچەکەیە، بەڵام وەك پێشتریش پرۆفیسۆر مندلارسکی ڕای خۆی پێیوتین، ئەم هەنگاوە پێویستی بەهەوڵدانە لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان و لەسەر ئاستی ناوخۆی عێراق، هەروەها لەسەر ئاستی ئیقلیمی و نێودەوڵەتیش، لەمبارەوە ئەوانەی خۆیان بە شارەزا لەسەر دۆزی گەلی کوردستان دەزانن، ئەم هەنگاوە پێویستی بەهەوڵێکی هەمەلایەنە و ڕێککەوتن و دیالۆگی هەمەلایەنە لەسەر ئاستی ناوخۆیی و

بەڵام فاکتەری گرنگ لەم پرسەدا ئیرادەی گەلی کوردستان و پشتگیری ڕاستەقینەی بڕیاری سەرۆکەکەیەتی، بۆیە کاتێك بڕیاری لەمجۆرە دەدرێت دەبێت ئامادەباشی بۆ دیالۆگ و لێکتێگەیشتن و تەنانەت ڕێککەوتنیش لەسەر ئاستی هەموو لایەنەکان کرابێت و هەموو لایەك بەتایبەتی لەسەر ئاستی ناوخۆی هەرێمی کوردستان ئامادەیی ئەوەیان تێدابێت شانی بدەنە بەرو خۆڕاگربن، سەبارەت بەو ئاستەنگانەی لەسەر مافی



مانۆس مدلارسکی بۆ گوڵان:

**تاراددەیەک جۆرە ئومێدێک هەیە کە لەکۆتاییداو لەئەنجامی پتەوکردنی پێوەندییەکاندا کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد بێتەکایەوە**

چارەنووس ڕووبەرووی نەتەوەو گەلانی جیهان بۆتەوە، زۆر لەپسپۆران پێیانوایە، یەکێك لەکێشە سەرەکیەکانی سیستمی فیدرالی ئەوەیە، ئەوەی لەدەستوورەکەدا دەنووسرێت، لەسەر ئەرزی واقیع جێبەجێ ناکرێت، هەربۆیە کاتێك پێکهاتەکانی ناو دەوڵەتێکی فرەیی فیدرالی باسی مافی چارەنووس یان جیابوونەوە دەکەن کێشەو ناکۆکی سەر هەڵدەدات، لەمبارەوە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر کیلی کلارك بیەردسڵی ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ئیمۆری کرد و لەلێدوانێکی تایبەتدا بەمجۆرە ڕای خۆی بۆ گوڵان دەربڕی و وتی (هەر کاتێك هەوڵبدرێت بۆ هێنانەدی فۆرمێکی نوێی نەتەوەیی یان بڕیاردانی چارەنووس لەلایەن نەتەوەیەکەوە، ئەوا ئەم کارە سەردەکێشێت بۆ ناکۆکی، جا لەدەوڵەتێکی دیموکراسیدا بێت یان نادیموکراتی، بەڵام بەڵگەکان ئەوە نیشان دەدەن کە هەر کاتێك نەتەوەیەك دروست بوو، ئەوا دۆخی سەقامگیرتر دەبێت ئەگەر حکومەتێکی دیموکراتی لەئارادا بێت. ئەگەر لەمبارەوە باس لەدەوڵەتی سەربەخۆی کوردستان بکەین، ئەوا پێموایە ڕەنگە ببێتە هۆکارێك بۆ سەقامگیری ڕەنگە دۆخەکە سەقامگیرتر بێت، بەڵام من پێموانییە لەهەل و مەرجێکدا بین ئەمە ڕووبدات، ئەویش بەهۆی ئەو سیاسەتی (هێز)ەی ئێستا لەئارادایە، ئەمە وادەکات کوردەکان دووچاری گیروگرفت ببن ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنن، لەبەر ئەوەی ئەمە دەبێتە مایەی نیگەرانکردنی ئەمریکا لەدابەشبوونی عێراق کە حاڵی حازر لەدۆخێکی لەرزۆکدایە، کە ئەمریکا خوێن و داراییەکی زۆری لەعێراقدا بەخەرجداوە بۆ ئەوەی سەقامگیری لەعێراقدا بهێنێتە ئاراوە، واتە نیگەرانن لەوەی ئەمە ناسەقامگیری دروست دەکات لەعێراقدا، هەروەها لەبەر ڕۆڵی تورکیا لەناتۆ و لەسیاسەتی ئەورووپی و ناوچەییدا، لەبەر ئەوە بەچەشنی باشووری سودان ناتوانن پشتیوانی بەدەست بهێنن، چونکە چەندین هێزی گەورە بەرهەڵستی دروستبوونی کوردستان دەکەن)).

هەر لەم چوارچێوەیەدا لەمیانەی بەراوردکردنمان لەنێوان کوردستان و باشووری سۆدان، پرۆفسیۆر کلارك لەدرێژەی لێدوانەیەکدا بۆ گوڵان وتی (من هاوڕام لەگەڵ ئەوەدا دروستبوونی دەوڵەت لەباشووری سۆدان گرژیەکانی کەمکردۆتەوەو ئەگەری ئاشتییەکی سەقامگیری لەناوچەکەدا زیاتر کردووە. هۆکاری ئەوەی بۆچی زووتر ئەو کێشەیەیان چارەسەرنەکردووە، ئەوەیە کە فشاری نێودەوڵەتی پێویست نەبووە لەسەر ئەو وڵاتە، تاوەکو ڕژێمەکەی بەشیر بخاتە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانەوە، لەبەر ئەوە هەمیشە گومانی ئەوە هەبوو کاتێك بەڵێنی شتێك دەدەن، ئەوا دواتر پابەند نەدەبوون بەڕێککەوتنەکەیان. لەسەرەتای ٢٠٠٠دا بینیمان ئەمریکا پتر دەستێوەردان دەکات لەسیاسەتی سۆداندا بۆئەوەی ڕژێمەکەی سۆدان بخاتەبەردەم بەرپرسارێتیەکانیەوە و دواتر باشتر ئامادەبوون بۆ ڕێککەوتن، کە نەك ئەمریکا، بەڵکو وڵاتە عەرەبیەکان و وڵاتە ئەورووپیەکانیش دەستێوەردانیان کرد لەدابینکردنی سەرچاوە بۆ ئەوەی ڕژێمەکەی سۆدان بخەنە بەردەم بەرپرسیارێتیەکانی خۆیی و دواتر



پرۆفیسۆر کیلی کلارک بیەردسڵی بۆ گوڵان:

**بەهۆی ئەو سیاسەتی (هێز) ەی ئێستا لەئارادایە، ئەمە وادەکات کوردەکان دووچاری گیروگرفت ببن ئەگەر سەربەخۆیی ڕابگەیەنن**

پشتگیری جیابوونەوەی باشووری سۆدانیان کرد، هەروەها بەڕای من دروستبوونی دوو دەوڵەتی فەلەستین و ئیسرائیل چارەسەرە بۆ کێشەکە و من شەخسی خۆم هیچ چارەسەرێك نابینم کە دروستکردنی دوو دەوڵەتی سەربەخۆ لەخۆنەگرێت، دەوڵەتی فەلەستینی و ئیسرائیل، پێموایە سادەکردنەوەی مەسەلەکەیە ئەگەر بڵێین ئەو چارەسەرە فەرامۆشکراوە، لەبەر ئەوەی باوەڕم وایە گەورەترین ئاستەنگ لەبەردەم دروستنەبوونی دەوڵەتی فەلەستینی،

بریتییە لەنەبوونی یەك دەنگی و یەكریزی لەنێو فەلەستینییەكاندا، واتە دابەشبوونی نێوان فەلەستینییەكان كە نەیانتوانیوە كارابن لەگفتوگۆكاندا بۆ ئەوەی فەلەستین دروست بێت).

پرۆفیسۆر كلارك خاڵێكی گرنگی بۆ پاشكەوتنی دەوڵەتی فەلەستین ئاماژە پێكرد، كە ئەویش نەبوونی یەكریزی و یەكدەنگی فەلەستینییەكانە لەسەر ئەم پرسە، بەڵام خاڵی لەمە گرنگتر كە دەبێتە هۆكاری ئەوەی دەوڵەتی فرە نەتەوە بڕیاری جیابوونەوە یان سەربەخۆیی بدات دەگەڕێتەوە بۆ هەژموون و باڵادەستی نەتەوەی سەردەست كە ناتوانێت ماف و ناسنامەی نەتەوەكەی بەرامبەری بسەلمێنێت، بۆیە ئاكامی ئەو بڕیارە هەرچۆنێك بێت نەتەوەی دووەم ناچار دەبێت ئەو بڕیارە بدات، سەبارەت بەم لایەنە پرسیارمان لەپرۆفیسۆر ڕەمسیس ئەمەر ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانكۆی ئۆپسالا كرد و بەجۆرە وەڵامی گوڵانی دایەوە(لەو دیموكراسییانەدا كە بریتین لە «یەك كەس و یەك دەنگ» بەواتای ئەگەر ئێوە خاوەن كۆمەڵگەیەكی فرەئیتنی-ن ئەوە ئەوكات یان واتای هاوپەیمانێتیی گرووپەكان و پێكەوە كۆبوونەوەیان دەگەیەنێت یاخود واتای ئەوە دەگەیەنێت كە یەكێك لەگرووپەكان حوكمڕانیی گرووپەكانی دیكە دەكات، لێرەدا كێشەكە لەوەدایە كە تەنانەت لەدیموكراسییەتە مۆدێرن و ڕۆژئاواییەكانیشدا هەندێك جار دەبینین گرووپی دەسەڵاتدار هەیە، هەر لەبەر ئەوەیشە كە بۆنموونە یاخیبوونی ناوخۆیی لەهەندێك لەوڵاتانی ئەوروپا ڕوویداوە لەبەرئەوەی هاووڵاتیان هەستیان بەوەدەكرد كە زۆرینە ڕێز لەكەمینەكان ناگرێت، هەڵبەتە پرسیارە سەرەكییەكە بریتییە لەچۆنیەتی مامەڵەكردن لەگەڵ ئەم مەسەلەیە بەوشێوەیەی كە ئایا بەشێوەیەكی ئاشتییانە و دیموكراسییانە مامەڵەی لەگەڵ دەكرێت یاخود لەڕێگەی توندوتیژی و دانانی هەندێك سیاسەت كە هەست و سرووشی كەمینەكان فەرامۆش بكات كە لەئاكامیشدا دەبێتەهۆی سەرهەڵدانی شەڕێكی ناوخۆیی، ڕاستە كە پێدەچێت ئەمڕۆ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا سەقامگیر و ئارامبن، بەڵام ئەگەر ئاوڕێك لەساڵانی ١٩٧٠كان بدەینەوە دەبینین یاخیبوون و توندوتیژی و پێكدادان لەژمارەیەك لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا هەبووە، بۆیە بەڕای من ناكرێ ئەزموونی وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا بكرێت بەنموونە و كۆپی بكرێت لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەمڕۆ سەقامگیر و ئارام بن، بەڵام ئەگەر لەمەودایەكی دووردا سەیری بكەن دەبینین بەوشێوەیە نییە كە بیری لێ دەكەینەوە. یان



پرۆفیسۆر ڕەمسیس ئەمەر بۆ گۆڵان:

**بەبێ ئیرادەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هیچ شتێك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوونادات**

سەبارەت بەچارەسەری دوو دەوڵەت بۆ فەلەستین و ئیسرائیل، ئەمڕۆ چارەسەری «دروستكردنی دوو دەوڵەت» بۆتە دروشمێكی زۆر قەناعەتپێهێنەر، بەڵام بەبێ ئیرادەی ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هیچ شتێك لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕوونادات بەتایبەتی لەمەسەلە پێوەندارەكان بە ئیسرائیل بەو ئیعتوبارەی كە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا هاوپەیمانێكی بەهێزی ئیسرائیلە، هاوكات بارەكە بەو شێوەیە كە ئیسرائیلە لەسەر ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا-ی دەسەپێنێت چی بكات نەك بەپێچەوانەوە، لەمبارەیشەوە مەسەلەكە پەیوەستە بەئیسرائیل و كە سازش لەچی بكات، بۆیە بەڕای من ئەمە پێشنیاری ئیسرائیلە بۆ دروستكردنی دوو دەوڵەت، بەڵام پێموایە دەیەوێ هەر بەخۆی كۆنترۆڵی دەوڵەتەكەی دووەم بكات، لەهەمان كاتیشدا بۆچوونێكی دیكە هەیە بۆ دروستكردنی دەوڵەتێكی «ئیسرائیلی-فەڵەستینی»ی یەكگرتوو پاشان لەڕووی دیموگرافییەوە گرووپەكان دابەش بكەن، بەڵام كێشەی سەرەكی پەیوەست نییە بەناكۆكیی ئایینی لەنێوان جوو و ئیسلام لەبەرئەوەی ئەگەر سەیرێكی پێكهاتەكانی فەڵەستین بكەن دەبینن زۆرینەیان كرستیان و بارودۆخی ئەوانیش بەو ئاستە باش نییە، بۆیە پێویستە سەیری ناكۆكییەكان بكەین وەكو ناكۆكیی سیاسی و جیۆستراتیژی، هاوكات كێشەكە لەوەدایە كە تەنانەت گەر كۆمەڵگەی نێودەوڵەتی تا چ ئاستێكیش داواكات بۆ دروستبوونی دوو دەوڵەت ئەوە داواكارییەكانیان هیچ سوودێكی نییە و بەهیچ شێوەیەك ڕوونادات لەبەرئەوەی مەسەلەكە پەیوەست نییە بەفەڵەستینییەكان و ناكرێ فشار بخرێتە سەریان، بەڵكو مەسەلەكە بەشێوەیەكی سەرەكی پەیوەستە بەئیسرائیلییەكان، لەهەفتەی ڕابردوودا «مونازەرە»یەك سازدراو هەندێك لەپارتە سیاسییەكان ئاماژەیان بەوەكرد كە پێویستە دان بە«فەڵەستین» بنێن، وەزیری دەرەوە وتی «چ سوودێك هەیە لەدان پێنان بەدەوڵەتێك كە لەژێر داگیركردندایە»؟ ئەم قسەیە زۆر واقعییە لەبەرئەوەی ناتوانین باس لەڕێگەچارەی ئاشتییانە بكەین لەكاتێكدا فەڵەستینییەكان هەستدەكەن لەژێر دەسەڵاتی هێزی داگیركەرن و تەنانەت گەر هەرچەندیش سازش بكەن ئەوە هیچ سوودێكی لێ ناكەوێتەوە، بۆیە پێموایە دروشمی «دروستبوونی دوو دەوڵەت» درووشمێكی زۆر جوانە، بەڵام ئەگەری ڕوودانی نییە و پێمواییە ئەمە هەمان ئەو ڕەنگدانەوەی هەیە لەبارەی هەموو ڕووداوەكانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەواتای گۆڕانكارییەكان لەڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تەنیا لەو حاڵەتانەدا باوەشیان لێ دەگیرێت كاتێك هەرەشە نەكاتە سەر بەرژەوەندییەكانی وڵاتانی زلهێز)).



### ئەدهەم بارزانی بۆ گوڵان:

# ئەگەر سەرۆک بارزانی بڕیاری چارەنووس بدات، دەبێت هەموو گەلی کوردستان و حزبە سیاسییەکان لە پشت ئەو بڕیارە رابوەستن

## لەوانەیە دوای ئەو بڕیارە گوشارێکی گەورە بێتە سەرمان، بەڵام دەبێت بەرگەی بگرین لەبەر ئەوەی کاتییە

ئەدهەم بارزانی وەك كەسایەتییەكی سیاسەتمەدار و ئەندامی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستان لەم دیمانە ڕاشكاوانەیەدا، وێڕای ئاوڕدانەوەیەكی خێرای بۆ مێژووی بەرخودانی میللەت، زۆر بە واقیعیانەوە بارودۆخی ئێستای كوردستانیش تەماشا دەكاتەوە، دانیشتن لە بەرانبەریدا بۆ دیالۆگ و گفتوگۆكردن، لە سەفەرێك دەچێت بۆ چوونە ناو دنیایەكی بێڤیزی و شەفاف كە قەدری هەموو كەسێكی لایەو ئاكام لە گەیاندنی پەیامی ئومێد بەخشانەش بێ بەشت نەكات، وەك گۆڤاری گوڵان لە سەردانێكمان بۆ لای بەڕێزیان ئەم دیمانەیەی لێ بەرهەم هات، كە ئەمەش دەقەكەیەتی.



***دەسپێکی پرسیارمان بەوە دەست پێدەکەین، ئایا شێخ ئەدهەم بارزانی واقیعی سیاسی ئێستا چۆن دەخوێنێتەوە، بە تایبەتی کە ئێستا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لەبارودۆخەکەدا هاتۆتە ئاراوە، گۆڕانکاری لە حکومەتیشدا دەستی پێکردووە؟**

- بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان، لەدەسپێکدا سوپاسی گۆڤاری گوڵانی ئازیز دەکەم بۆ ئەم دەرفەتە، سەبارەت بەم پرسیارە، بێگومان ڕاستە یەکەمین پرسیارە. بەڵام دەیان پرسیاری لەخۆی گرتووە، من پێموایە واقیعی ئێستای کوردستان ڕاستیەکەو، دۆزی میللەتێکی گەورەیە، بەدرێژایی مێژووی نوێی جیهان نەتوانراوە ئەم کێشەیە چارەسەر بکرێت، ئەوەی لەم بەشەی کوردستاندا لەدوای ڕاپەرین و هەڵبژاردنەکانی ١٩٩٢ نیمچە سەربەخۆییەکی بەخۆیەوە بینیوەو، پەرلەمان و حکومەتێك دامەزراوە، ئەوە ماوەی ٢٠ ساڵە لەم نیمچە سەربەخۆییەدا دەژین، بۆیە من ئەم ئەزموونەی باشووری کوردستان وەك بەشێك لە کێشەی نەتەوایەتی هەر چوارپارچەکە

**هەر کاتێك یەککگرتوو ئامادە بێت بۆ گفتوگۆ ئێمەش ئامادەین**

سەیر دەکەم، لەم ماوەیەدا کۆمەڵێك شت هەنگاوی بۆ هەڵگیراو خواست و ڤیانەکانی گەلی کوردستان بەرەو پێشەوە چوون، لەسەر ئاستی جیهان زیاتر کێشەی گەلی کوردستان ناسراو بایەخی پێدرا، ئەمەش وایکرد شانازی بەخۆمانەوە بکەین. بەڵام ئەم بارودۆخە لە خۆڕاو هەروا بە ئاسانی نەهاتۆتە ئاراوە بۆیە لێرەدا ئاماژە بەچەند شتێك دەکەم:

- جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لەشەڕی خواکوڕك پێشبینی گۆڕانکاری گەورەی کرد، بۆیە شەڕی خواکوڕك بوو بە خاڵی بەرخودان و بووە ئەو خاڵەی کە دەبێت بسەلمێنرێت کە کورد ماوەو هەردەمێنێت، لەو قۆناخەدا کە شەڕی خواکورك لە گەرمەدا بوو، جەنابیان جەختی لەسەر ئەوەکردەوە کە ئەمە بۆ ڕژێمی بەعس ناچێتە سەرو دەبێت گۆڕانکارییەك لە بارودۆخی ناوچەکە ڕووبدات، من پێموایە ساڵێك یان کەمتر دوای ئەم قسانەی جەنابی سەرۆك، ئیتر ئەوە بوو سەدام حوسێن ئەو هەڵە گەورەیەی کردوو کوەیتی داگیرکرد، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی هەموو شتێك بگۆڕدرێت.

- لەبەهاری ساڵی ١٩٩١ دیسان لەشاری کۆیەی خۆشەویست، ئاماژەی بەوەکرد پێویستە هەڵبژاردن بکرێت و بەرەو دەوڵەتی دامەزراوەو یاسا هەنگاو هەڵبگرین، ئەمەش ئەو ئەزموونەی ئێستایە کە تیایدا دەژین و هەنگاوی زیاتری بۆ هەڵدەگرین.

مەبەستم لێرەدا ئەو پێشبینیانەی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی لە خواکوڕك و کۆیە کردی ئەوەیە، کە دەبێت ئێمە کوردستان بەرەو وڵاتی دامەزراوەیی و سەروەریی یاسا و هەڵبژاردن ببەین، ئەمەش واتە دەبێت بڕیاری گەل شوێنی بڕیاری شۆڕشگێڕی بگرێتەوە، بەڵام ئەگەر پرسیار ئەوە بێت ئایا لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا گرفتەکانی ئێمە چی بوون؟ بێگومان ئێمە باش دەزانین کە چ کێشەو ململانێیەك لەناوەوەو دەرەوەی کوردستان لەسەر ئەم ئەزموونە هەبووە، لەلایەکەوە لەسەر ئاستی دەرەکی چەندەها کێشەو پیلان و هێرش (هێرشی ئاسمانی و زەمینی و تۆپخانەکان) هەبووەو هێزی سەربازی هەندێك دەوڵەتانی دراوسێ، ناوەناوە سنوورەکانیان بەزاندوین و هەڕەشەیان لە ژیان و بوونی ئەم میللەتە دەکرد، بەڵام وێڕای هەموو ئەو هەڕەشە دەرەکیانە توانیوومانە پێشکەوتن بەدەست بهێنین، بەڵام ئەگەر دیسان پرسیار بکەین، ئایا توانیوومانە بەتەواوەتی سوود لەم ئازادییەی وەربگرین؟ من ڕاشکاوانە دەڵێم بەداخەوە نەمانتوانیوە وەك خۆی سوودی لێ وەربگرین و هەنگاوەکانمان بەو ئاستە خێرابکەین، کە ئەم ئەزموونە بەرەو دەوڵەتێکی هاوچەرخ بچێت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا.

بۆیە لەم خاڵەدا پێویستە هەمووومان دان بەو ڕاستیەدا بنێین، بەوەی هەمووومان لەم پرۆسەیەدا هەندێك هەڵەمان کردووەو ویستوومانە ئەزموونی دەوڵەتانی ڕۆژئاوا بێنین و لەکوردستان فۆتۆکۆپی بکەین و جێبەجێی بکەین، ئێمە ئەو پرسیارەمان لەخۆمان نەکردووە، ئایا دەتوانین لە هەموو شتێکدا بگۆڕێین؟ ئایا دیموکراسی شمەکە تا بچین لە یەکێك لە مۆڵە گەورەکانی ئەورووپاو ئەمریکا بە ئەندازەی کوردستان بیکڕین و پیادەی بکەین؟ بێگومان نەخێر لەبەر ئەوەی دیموکراسی بەرهەمی ئەزموونی دەیان ساڵەی نەتەوە جیاوازەکانی ئەم جیهانەیەو دەبێت ئێمە لەو ئەزموونانەوە فێربین چۆن دیموکراسی بونیاد دەنرێت.نەك کۆپییان بکەینەوە.

*** لێرەوە ئەگەر جارێکی دیکە بگەڕێینەوە بۆ پێشبینیەکانی سەرۆك مسعود بارزانی، بێگومان وەك بەڕێزیشت ئاگاداریت کە بەڕێزیان لە ڕۆژی ١٩ی شوبات ٢٠١٢، لە ساڵیادی یەکێتی لاوان و قوتابیانی کوردستاندا، ئاماژەی بەوەکرد (چاوەڕوانی**

**سەرۆك بارزانی ئومێدی هەرە گەورەی ئەوەیە گەلی کوردستان بە ئازادی بژین و خاوەنی دەوڵەتی خۆیان بن**

**ئایندەی گەش بن..)، ئایا بەڕێزت چۆن ئەم پێشبینیەی سەرۆك دەخوێنیتەوە؟**

- ئەمە یەکێکە لە وتەکانی ئەو ڕۆژەی (٢٠١٢/٢/١٩) ی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی، کە لەشاری هەولێرو لە مەراسیمی لاوان و قوتابیان ئاماژەی پێکردو بەدەق دەڵێت:(باش گوێم لێڕابگرن چاوەڕێی ئایندەیەکی گەشبن ئینشائەڵڵا) ئەو بەدەق ئەمەی فەرموو، من لەوانەی پێشتر ئاماژەم پێکرد، مەبەستم لەم (ئاییندە گەشە) بوو کە بەڕێزیان ئاماژەی پێکرد، من دەمویست بگەمە ئەم خاڵەو ئاماژە بەوە بکەم، ئایا ئەمە تەنێ قسەی ئەدهەم بارزانی یە، یان شرۆڤەیەکە، یان پروپاگەندەیەکە بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن؟ لەوانەیە هەندێك بەوجۆرە تەفسیری بکەن و بڵێن: بەڵێ ئەدهەم ئەندامی حزبێکەو دەیەوێت بەم شێوەیە پروپاگەندە بۆ حزبەکەی خۆی بکات، من دەڵێم نەخێر، لەبەر ئەوەی سەرۆکی حزبەکەی من کە ئێستا سەرۆکی هەڵبژێردراوی هەرێمی کوردستانیشە، لە تەمەنی ١٦ ساڵییەوە پێشمەرگەی ئەم کوردستانە بووە، هەروەها ئەم سەرۆکە شاگردو پەروەردەی دەستی مستەفا بارزانی یە و موریدی شێخ ئەحمەدی بارزانی یە، ڕێگای شێخ ئەحمەدی بارزانیش ڕێگەیەکی ڕۆشن و دیارە بۆ هەموو کەسێك و بێجگە لە(خۆشەویستی و دادپەروەری و باوەڕبەخۆبوون و ڕاستی) شتێکی دیکەمان لەم ڕێبازە بەدی نەکردووە، لەم ڕوانگەیەوە جەنابی سەرۆك بارزانی ئومێدی هەرە گەورەی ئەوەیە کە ڕۆژێك لەڕۆژان نەتەوەو گەلی کوردستان وەك تەواوی نەتەوەو گەلانی جیهان، لەسەر خاکی کوردستان بە ئازادی بژین وخاوەنی دەوڵەت و ئاڵای خۆیان بن.

*** ئایا تۆ وەك شەخسی ئەدهەم بارزانی پێتوایە ئەم (ئایندە گەشە) دوورە یان نزیکە، یان با بڵێین ئایا ئەم پێشبینەش وەك پێشبینیەکانی**

**دەبێت بگەینە ئەوەی بزانین پێش ئەوەی ئەندامی حزب بین، دەبێت بزانم من کوردم و کوردستانیم**

> **مسعود بارزانی لەناو باوەڕێك دروست بووە كە دادپەروەری و خواناسی و ئاداب و ئەخلاق بووە**

**جەنابیان زوو دێتە دی؟**

- جەنابی سەرۆك بارزانی هەر بڕیارێك بدات، دەبێت ئەو بڕیارە لەو شوێنە رابگەیەنرێت كە شوێنی خواست و ئاواتەكانی گەلی كوردستانە، بۆیە من زۆرجار ئەم باسەم وروژاندووە، هەستمكردووە هاووڵاتیانی كوردستان، بە جیاوازی بۆچوون و نەتەوەو ئایینەوە، هەموویان بەچاوێكی پڕ ڕۆندكەوە ئومێد دەكەن، ئەم ڕۆژە ساتێك زووتر بێت، بۆیە من پێموایە ئەگەر جەنابی سەرۆك بڕیارێك لەمبارەیەوە بدات، ئەوا لەسەر خواست و ویستی ئەم میللەتە بڕیار دەدات، بەڵام ئەوەی گرنگە لێرەدا ئەوەیە ئەگەر جەنابی سەرۆك بڕیارێكی لەو جۆرە بدات، ئەوا ئەوەی لەسەر ئێمە پێویستە وەك جەماوەری كوردستان و گەلی كوردستان و تەواوی حزب و لایەنە سیاسییەكان ئەوەیە، دەبێت بە هەموو توانای خۆمان لەپشتی ئەم بڕیارە ڕابووەستین، هەروەها دەبێت چاوەڕێی ئەوە بكەین بۆ ماوەیەكی كاتیی گوشارێكی گەورە بێتە سەرمان، بەڵام دەبێت بەرگەی بگرین لەبەر ئەوەی ئەو گوشارە لەماوەیەكی كەمدا بەڕێدەكرێت.

***لەم بارودۆخەدا قسەوباس لەوەدەكرێت ئێستا هەوڵدان بۆ گرێدانی كۆنگرەیەكی نەتەوەیی لە ئارادایە، بەڵام لەباری واقیعیشدا دەبینین حزب و لایەنە سیاسیەكان وەك پێویست لێك نزیك نین، ئایا چی بكەین بۆ ئەوەی ئەم یەكڕیزییە بێتە دی؟**

- گومانی تێدا نییە هیچ پێشكەوتنێك بۆ هیچ میللەتێك نایەتەدی، ئەگەر ناوماڵی خۆیان دروست نەبێت، لە گوتاری سیاسیی نیشتمانیدا هەڵوێستەكانیان یەكگرتوو نەبن، من لێرەوە یەكەمجار ئەم پرسیارە لەخۆم دەكەم، من وەكو ئەندامێكی پارتی، وەك دەروێشی ڕێگای مەلا مستەفا بارزانی، پاشان هەمان پرسیار لەتەواوی حزب و لایەنە سیاسیەكانی

> **نەمانتوانیوە ئەزموونی كوردستان بەرەو دەوڵەتێكی هاوچەرخ لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ببەین**

كوردستان دەكەم و دەڵێم، ئایا ئێمە چ كێشەیەكمان هەیە كە وایكردووە لەیەكتری نزیك نەبین؟ بۆچی هەموومان براو هاوكاری یەكتری نەبین؟ ئەگەر جیاوازی ڕێگرە كە هاوكاری یەكتری نەكەین ئەوا راشكاوانە دەڵێم بەدرێژایی مێژوویی مرۆڤایەتی نەك هەر لە سیاسەتدا، بەڵكو لەنێوان ئایینەكان و لەناو یەك ئاینیشدا، لەنێوان مەزهەبەكاندا، جیاوازی لە تێڕوانین و بۆچوون و شرۆڤەكاندا هەبووە، هەر بۆ نموونە قورئانی پیرۆز كە وەك موسڵمانان مەرجەعی هەموومانە،دەبینن چەندین تەفسیری جۆراوجۆر لەسەر دەقە پیرۆزەكانی ئەم قورئانە كراون، ئەگەر سەیری هەریەك لەم تەفسیرانەش بكەین، دیسان جیاوازی دەبینین، بۆیە دەڵێم بوونی جیاوازیی یەكێكە لەو نیعمەتانەی كە خوا بە مرۆڤەكانی بەخشیوە، بۆیە ئەگەر ئەم جیاوازییە بوونی نەماو من و تۆ وەك یەك بیرمان كردەوە، ئەوا پێشكەوتنی هەردووكمان لەئاستی پێشكەوتنی یەك مرۆڤدا دەبێت نەك دوو مرۆڤ، ئەمە هەر فیكری یەك كەسە، بەڵام ئەگەر ١٠ كەس لەم ژوورەدا بن و هەریەكەیان لەوێ دیكە جیاواز بیر بكاتەوە، ئەو كاتە هەست دەكەین ١٠ مرۆڤ بوونی هەیەو بەجیاوازی بیر دەكەنەوە، هەر بۆیە هیچ گومانی تێدا نییە لە فیكری ١٠ كەسدا شتێكی جوانترو ڕێكوپێك تر بەرهەم دێت وەك لە فیكری تەنیا كەسێكدا، هەروەها توانای مرۆڤەكانیش ئەو كاتە دەردەكەوێت كە بتوانن پێكەوە مامەڵە بكەن و پێكەوە بەرەو ئامانجێك هەنگاو هەڵبگرن، كەواتە جێگەی خۆیەتی بپرسم ئایا من چ كێشەیەكم لەگەڵ جەنابی كاك نەوشیروان مستەفا هەیە؟ بە پێچەوانەوە من نەك كێشەم لەگەڵی نییە، بەڵكو شانازی پێوە ئەكەم، چونكە ڕۆژێك لەڕۆژان چەكی پێشمەرگایەتی لەشان بووەو زەحمەتی بۆ كوردستان بینیوە. یان ئایا بۆچی من ڕێز لەهەموو شەهیدانی تەواوی لایەنە سیاسیەكانی كوردستان نەگرم؟ ئەمە هی پرسیار كردن نییە، بەڵكو پێویستە لەسەرم ڕێزیان بگرم و سەری ڕێزیان بۆ دابنەوێنم. یان ئایا پیشمەرگەكانی ئەم حزب لەگەڵ ئەو حزب چ جیاوازییەكیان هەیە؟ بێگومان بەجیاوازی بیربۆچوونەكانیانەوە هەموویان بەڕێزن، لەبەرئەوەی هەموو یەك ئامانجیان هەبووە، ئامانجەكەش خزمەتكردنی گەل و خاكی كوردستان بووە. لێرەدا دیسان دەیڵێم بەداخەوە لەبەرئەوەی هەندێك جار بەو جۆرە بیردەكەینەوە، ئێمە هەموومان تووشی هەڵە بووین، من پێموایە دەبێت ئەم بیركردنەوەیە بگۆڕین و، دەبێت ئەو پرسیارە لەخۆمان بكەین بۆچی تەنیا جوانی و ئیجابیەتەكانی حزبەكەی خۆم ببینم؟ ئایا تەنیا جوانی و ئیجابیەت تەنیا لەناو حزبەكەی مندا هەیە؟ من لەوەڵامدا دەڵێم نەخێر جوانی و ئیجابیەت لەلایەنەكانی دیكەش هەن بەڵام تائێستا بەرچاوم نەكەوتوون، من پێموایە زۆرجار وابیرمانكردۆتەوە كە تەنیا حزبەكەی خۆمان ببینین و تەنیا پروپاگەندە بۆ حزبی خۆمان بكەین، بۆیە من بەشێوەیەكی گشتگیر و تێكڕایی دەڵێم، ئێمە هەموومان كادر و ئەندام و لایەنگرانی خۆمان بۆ مەبەستی كوردستان و كوردایەتی و مەزڵومیەتی گەلی كوردستان پەروەردە نەكردووە، بۆیە حزبایەتی لە كوردستان بۆتە شتێكی جیاواز، حزب بۆتە پەرستگاو ئەندام و كادرانی حزب بوونە بەندە لەو پەرستگایەدا، ئەمەش وایكردووە تەنیا

> **من توانای حكومەت و حكومداری لە نێچیرڤان بارزانیدا دەبینم كەسێكە دەتوانێت بڕیار بدات، زۆر باش دەتوانێت دروست و نادروست دەست نیشان بكات و لە كوێ دەست پێدەكات و لەكوێ كۆتایی پێدەهێنێت، ئەمەش یەكێكە لە كەرەمەكانی لەدونی، كە خوا بەكەسێكی دابێت**

چوارچێوەی یەك حزب(ئەو حزبەی خۆمان ئەندامین تیایدا ) ببینین و، بێجگە لە جوانی و ئیجابیەتەكانی حزبەكەی خۆم، هیچ شتێكی دیكە بەجوان و ئیجابی نازانین، ئەمەش زیانی لەهەموومان داوە، بۆیە ئەگەر حزب ڕێكخستن بێت بۆ توانا و ئیمكانیەتی ئەم میللەتەو بۆ گەیشتن بە ئامانجێكی پیرۆز، ئەوە كارێكی زۆر باشە، بەڵام كە گەیشتە ئەوەی حزب ئامانج بێت یان حزب ببێتە پەرستگا و ئەندامی حزب ببێتە بەندەی ئەو پەرستگایە، ئەوا لێرەدا دژایەتی لەسەر ئەو فیترەتە پاكەی مرۆڤ كە جیاوازییە دروست دەبێت و هیچ جیاوازییەك قبوڵ ناكرێت، كە ئەمە دروست بوو من ناتوانم جوانی و ئیجابیەتەكانی پارتی دیموكراتی كوردستان وەك خۆی ببینم، كە ئەم حزبە لەسەردەمی مەلا مستەفا بارزانیدا پارتێكی جەماوەری

بووه و بێجگە لە ئامرازێك بۆ ڕێكخستنی تواناو ئیمكانیەتی گەلی كوردستان شتێكی تر نەبووە، بێجگە لە خزمەتكاری بۆ خاكی كوردستان و گەلی كوردستان شتێكی تر نەبووە و هەر لەم پێناوەشدا بە هەزاران شەهید و قوربانی داوە، یان جوانی و ئیجابیەتی لایەنەكانی دیكەش نابینم.

*** ئەدهەم بارزانی خۆی ئێستا ئەندامی ئەنجوومەنی سەركردایەتی پارتی دیموكراتی كوردستانە، ئایا ئەمەی دەیڵێیت خۆشت دەگرێتەوە، ڕاشكاوانەتر ئایا تۆش بەوجۆرە حزبایەتی دەكەیت؟**

- من ئومێدەوارم وانەبم، بەڵام حزبایەتی وای لێهاتووە بەم شێوەیە بیردەكەینەوە، هەربۆیە پێشتریش ئەوەم وتووە ئەدهەمیش زۆرجار تووشی هەڵەبووە، لەوانەیە منیش ئەو هەڵەیەم كردبێت، بەڵام مرۆڤ لە گۆڕین و پێشكەوتندایە، ئەوەی ئێستا دەیڵێم لەوانەیە ساڵی داهاتوو گۆڕانكاری باشتر لە بۆچوونەكانم هاتبنە ئاراوە، بۆیە دەبێت ئەم گۆڕانكارییە هەبیت و مرۆڤ ئەوەندە جورئەتی هەبێت بە هەڵەكانی خۆی بڵێت هەڵە. داوای لێبوردن بكات.

**پارتی لەسەردەمی مەلامستەفا بارزانیدا پارتێكی جەماوەری بووەو بێجگە لە ئامرازێك بۆ ڕێكخستنی تواناو خزمەتكاری بۆ خاكی كوردستان و گەلی كوردستان شتێكی تر نەبووە**

*** ئەگەر هەر لەچوارچێوەی كاری حزبایەتی بمێنینەوە، ئایا چۆن گۆڕانكاری لە میكانیزمی حزبایەتی كردن لە كوردستاندا بێنینە ئاراوە؟**

- من بەپێویستی دەزانم لەسەر ئەم مەسەلەیە لای هەموومان جدییەتێك هەبێت، بەوەی میللەت و وڵاتی ئێمە پێویستی بەوە هەیە ئەو قۆناخە تێپەڕێنن و بۆ قۆناخێكی كراوەترو گەشتر هەنگاو هەڵبگرین، دەبێت بگەینە ئەوەی من بزانم پێش ئەوەی ئەندامی حزبێكم لە حزبەكانی كوردستان، من كوردم و كوردستانیم، هەروەها لەوە تێگەیشتبم كە سێ بەشی دیكەی ئەم كوردستانە لە ژێر دەستمدا نییەو تا ئێستا داگیركراوە، هەربۆیە كاتێك بەمجۆرە بیرمان كردەوەو بەرژەوەندی تەسكی



> **ئومێدم بە لاوانی کوردستان زۆرە، بۆ ئەوەی پێکەوە بگەینە خاڵێك کە خزمەتکاری میللەتی خۆمانە**

حزبایەتیمان وەلانا، کێشەی حزبایەتی ئێمەش چارەسەر دەبێت، هەر لەم بۆچوونەوەیە کاتێك باسی کۆنگرەی نەتەوەیی دەکەین، پێویستە بزانین ئەم کۆنگرەیە سەرکەوتوو نابێت، ئەگەر دڵەکان پاك نەبێتەوە، ئەوەی من ئومێدم پێیەتی ئەوەیە کە گەلی کوردستان و لاوەکانی ئەم کوردستانە بەتێکڕایی ببنە هۆکارێك بۆ ئەوەی ئێمە هەموو پێکەوە هۆشیار بینەوەو بگەینەوە خاڵێك، ئەو خاڵەی کە پێی دەڵێن خاڵی خزمەتکردن و بەرەو پێشەوە بردنی ئامانجەکانی ئەم میللەتە.

*** هەروەك بەڕێزت دەزانی جەنابی سەرۆکی هەرێمی کوردستان یەکڕیزی نێوماڵی کوردی زۆر مەبەستە، ئایا تاچەند سەرۆك بارزانی وەك سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەدەرەوەی پارتی هەوڵ بۆ ئەم لایەنە بدات؟**

- ئاشکرایە جەنابی سەرۆك بارزانی، یەکڕیزی نێوماڵی کوردستان بە فاکتەری سەرەکی و گرنگی هەر هەنگاوێك دەزانێت، ئەمەشی لەچەندین بۆنەو وتاردا ئاماژەی پێکردووە، هەروەها ئەم ئەرکەش بە هۆکارێکی گرنگ دەزانێت کە پۆستی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستانی قبوڵ کردووە، واتە ئەو بۆیە ئەم پۆستەی وەرگرتووە بۆ ئەوەی بتوانێت ناوماڵی کورد ڕێکبخاتەوە، یان وەك خۆی فەرموویەتی (بۆ ئەوەی بتوانم لایەنەکان هێندە لێکنزیك بکەمەوە کە چیتر خوێنی کورد بەدەستی کورد نەڕژێت) وەك لە دەسپێکیشدا ئاماژەم پێکرد جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی دەرچووی قوتابخانەی مەلا مستەفا بارزانی یە، مەلا مستەفای بارزانیش موڵکی تەنیا لایەنێك نییەو بەتەنیا موڵکی پارتی نییە بەڵکو موڵکی هەموو کوردستانە، بۆیە ئەگەر سەیری مێژووی بزاڤی رزگاریخوازی کوردستان بکەین لەو کاتەی مەلا مستەفا بارزانی ڕێبەرایەتی کردووە، ئەوا دەبینین هەموو بیرۆبۆچوون و ئایدلۆژیای جیاواز لە ناو ئەو بزاڤە بوونی هەبووە، لەمپەڕی چەپەوە بۆ ئەوپەری ڕاست، هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکانی کوردستان، بەهەژارو دەوڵەمەندو ئاغاو جوتیار لەسێبەری ڕێبەرایەتی مەلا مستەفا بارزانی کۆبوونەوە، بێگومان ئەم خەسڵەت و تایبەتمەندیانەی مەلا مستەفای بارزانیش لەناو باوەڕێکدا دروست بوون کە دادپەروەری و خواناسی و ئاداب و ئەخلاقی تێدا بووە، سەرۆك مسعود بارزانیش قوتابی ئەو ڕێبازە، بۆیە هەوڵەکانی ئەویش بۆ هەمان ئەم ئامانجانەیە.

*** سوود وەرگرتن لە مێژوو و لە ڕێبازی بارزانی بەرەو ئەوەمان دەبات ئەو باسە بکەینەوە کە ئەم تایبەتمەندی و خەسڵەتانەی مەلا مستەفای بارزانیش هەڵقوڵاوی ڕێبازێك بووە کە پێشتر بوونی هەبووە، ئایا دەکرێت لەسەر ڕێبازی بارزانی و تەریقەتی شێخەکانی بارزان باسی ئەو مێژووە بکەین؟**

- بۆ ئەوەی بەتەواوی سوود لەو مێژووە وەربگرین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی شێخەکانی بارزان، ئاشکرایە شێخ عەبدولڕەحمان یەکەم شێخی تەریقەت بووە لە بارزان، دوای ئەویش شێخ عەبدولسەلامی یەکەم برای بووە، لەدوای ئەویش، شێخ محەمەدی بارزانی بووە کە دەبێتە باوکی (شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ ئەحمەد و مەلا مستەفا) بۆیە شێخ محەمەد سێیەمین شێخی تەریقەت بووە لە بارزان، دوای ئەویش دوو لە کوڕەکانی (شێخ عەبدولسەلامی دووەم و شێخ ئەحمەد) یەك لەدوای یەك جێگەیان گرتۆتەوە، بۆیە ئەم پێنج کەسە یان ئەم پێنج شێخە درێژەپێدەری یەکتری بوون لە تەریقەتی بارزاندا، لەسەردەمی هەریەك لەم شێخانەدا، قۆناخ بە قۆناخ ئەم تەریقەتە گەشەی کردووەو فراوان بووەو لە چوارچێوەی گوندێك دەرچووەو و چووەتە ناو عەشیرەتی بەرۆژ، لەناو عەشیرەتی بەرۆژیش دەرچوو، چووە ناو عەشیرەتەکانی دیکە.

*** واتە مەبەستت ئەوەیە بڵێیت بارزان یان بارزانیەکان عەشیرەتێکی دیاریکراو نین؟**

- لێرەدا بەپێویستی دەزانم هەڵوەستە لەسەر ئەم مەسەلەیە بکەم، لەبەر ئەوەی بەداخەوە زۆر لایەن هەن، زۆر لە مێژوونووسان، زۆر لە ڕاگەیاندنەکان، بە هەڵەدا دەچن کاتێك دەڵێن عەشیرەتی بارزان، لەبەر ئەوەی بارزان

> **بوونی جیاوازیی یەکێکە لەو نیعمەتانەی کە خوا بە مرۆڤەکانی بەخشیوە. بۆیە ئەگەر ئەم جیاوازییە بوونی نەماو من و تۆ وەك یەك بیرمان کردەوە. ئەوا پێشکەوتنی هەردووکمان لەئاستی پێشکەوتنی یەك مرۆڤدا دەبێت**

عەشیرەت نییە، هەربۆیە ئەگەر سەیری مێژووی عەشیرەتەکانی کوردستانیش بکەین، عەشیرەتێك بەناوی بارزان بوونی نییە، بەڵکو بارزانیەکان ملەتێکن و، گوندی بارزان بۆتە ناوی ئەم ملەتە، بۆیە لێرەوە دەکرێت بڵێین بارزان گوندێکە لەناو عەشیرەتی بەرۆژ، پاش بەرفراوانبوونی تەریقەت، بێجگە لە بەرۆژییەکان ( نزاری، دۆڵەمەڕی، گەردی، مزووری، شێروانی، هەرکی، بنەجی ) گرتەوە، واتە ئەم حەوت عەشیرەتە کۆبوونەوەو ناوی بارزانیان هەڵبژارد کە لەژێر ئاڵای بارزان کۆببنەوەو، ئەویش ئاڵای ( عەدالەت، خواناسی، کوردناسی، وەفا ) بووە، هەربۆیە بارزان گوندێکە لەناو عەشیرەتی بەرۆژی، بەڵام ئێمە دوای فراوانبوونی تەریقەت لە چوارچێوەی عەشائیری خۆمان دەرچووین، لەژێر سێبەری ئەو بیروباوەڕانەی لەگوندی (بارزان) دروست بوو، هەموو کۆبووینەوە، بۆیە من بازران بە زانکۆیەك دەزانم لە بوارەکانی (کوردایەتی، خواناسی، دادو دادپەروەری کۆمەڵایەتی،

> **بەریتانیا بۆ یەکەم جار فڕۆکە جەنگیەکانی لە شۆڕشەکانی بارزان تاقیکردەوە**

ئەخلاق و پاکی و ڕەوشت بەرزیدا ) وشەی (ملەت)یش کە بۆ بارزانیەکان بەکارهاتووە، لەمانا عەرەبیەکەیدا بۆ ئەو کەسانە یان ئەو کۆمەڵە کەسانە بەکاردەهێنرێت کە لەدەوری بیروباوەڕێك (عەقیدەیەك) کۆدەبنەوە، بۆیە مەرج نییە ئەم کەسانە لە گوندو عەشیرەت و ڕەنگ و ڕەگەزێك بن، هەروەك لە قورئانیشدا هاتووە ملەتی ئیبراهیم و تاد. بۆیە ئێمەش ملەتێکین لەدەوری ئەم بیروباوەڕە پاکە کۆبووینەوە. من لێرەدا ئەگەر بگەڕێمەوە بۆ مێژوو لەوانەیە بڵێن پروپاگەندە دەکات، بەڵام پێش هەموو شت دەڵێم بارزان ئێمەی فێرکردووە کە توندڕۆ و موتەعەسب نەبین، لە ناو خودی دێی بارزاندا، مزگەوتی موسڵمان و لەتەنیشت ئەو دێری کریستیانەکان، لە تەنیشت ئەویش کەنیشتی جولەکەکان(کە ئەو کات جولەکەی لێبووە) هەرسێکیان لەیەکڕیز پێکەوە بوونیان هەبووە، هەر کەسێك بەشێوازی خۆی خواپەرستی دەکردو کەسێك نەبووە کە ڕێگەی لێبگیرێت، هەروەها ئەو عەدالەتەی لەناو کۆمەڵگەی بارزاندا لەسەر

## مەلامستەفای بارزانی موڵکی تەنیا لایەنێك نییەو بەتەنیا موڵکی پارتی نییە بەڵکو موڵکی هەموو کوردستانە

دەستی ئەو شـێخانەی تەریقەت بەدیهات، ئەگـەر وەك دەڵێن دادپەروەریـی ڕەها تەنیا کاری خـودای پـەروەردگارەو، ناتوانم بڵێم دادپەروەری ڕەها لەبارزان بوونی هەبووە، ئەوا زۆر بەجورئەتـەوە دەتوانم بڵێم دادپەروەریەکی نیمچـە ڕەها لەهەمـوو بوارەکانـدا بوونی هەبووە. ئەم حاڵەتە هەتا گەیشتۆتە سەردەمی شێخ عەبدولسەلامی دووەم، تەریقەتی بارزان خواناسـی و ئەخلاق و دادپەروەری بووە، ئەم باوەڕەش لەناو ملەتی بارزاندا شـوێنی خۆی گرت، ئەمە وایکرد کـە لەدەوری تەریقەتی بارزان هێزێك دروسـت بێت، ئەم هێزە چەکدار بوو بەمانای وشە، واتە چەکدار بە عەقیدە، بە باوەڕێکی بەهێز کۆبێتەوە، بەڵام لەسەردەمی شـێخ عەبدولسـەلامی دووەم ( کە لەساڵی ١٩١٤ لە موسـڵ بەدەسـتی عوسمانیەکان شـەهید کرا)، بیروباوەڕی تەریقەتی بارزان دەکەوێتە خزمەتی کوردو کوردایەتی، ئەمەش لەبەر ئەوەبووە کـورد میللەتێکی مافخوراو مەزڵـوم بووە، ئایینی پیرۆزی ئیسـلامیش هەمیشە ئەمری پێکردوین پێویستە بەرگری لە مەزڵـوم بکەیـن و دژی زۆرداری بین، ئیـدی لێرەوە بارزان بازنەی خواپەرسـتی و خواناسین و بازنەی موریدەکان و مانەوە لەناو مزگەوتـەکان دەردەچێت، ئەم بـاوەڕە دەبێتە کوردایەتی و بەرگری لە کورد و کوردستان، ئەمەش بووە هۆکاری ئەوەی چەندەها شـەڕ لەبارزان دروسـت بێت، بەرگری و مقاوەمەت بەردەوام بێت،هەروەها پاش شـەهادەتی شێخ عەبدولسەلامی دووەمیش، ئەم ئالایە نەکەوتە سـەر زەوی و شـێخ ئەحمەدی بـرای وەك مورشیدی تەریقەت و شێخی پێنجەمی بارزان بەردەوامـی دایە ئەم ڕێبازە و بەرگریکردن لە کـورد و کوردایەتی، لەو سەردەمەشـدا کە مەلا مسـتەفا گەنجێکی تازە پێگەیشـتوو بـووە، چەندین جار لەلایەن شـێخ ئەحمەدی بارزانیەوە ڕاسـپێردراوە بۆ هـاوکاری کورد لە باکوور، بۆ هاوکاری شۆڕشـەکانی شێخ مەحمودی حەفید لەسلێمانی و بارزانیش بووە ئەو شوێنەی بەهیچ شـێوەیەك تەنازولی بۆ حکومەتی ناوەنـدی عێراق نەکات، هەربۆیە کاتێك لەسـاڵی ١٩٢١ حکومەتی عێراق لە هەر سـێ ویلایەتی موسڵ و بەغدا و بەسرا دروستکراو لە ساڵی ١٩٢٥ بەزۆر و زۆرداری هێزەکانی ئاسمانی بەریتانیا کوردستان لکێنرا بە حکومەتی تـازەی عێراقەوە، ئەو کاتە بۆ یەکەمین جاربوو هێزی ئاسـمانی بەریتانیا فڕۆکە جەنگیەکانی لە شۆڕشـەکانی بارزان تاقیبکاتـەوە، پاش بارزان بـۆ دووەمین جار بەریتانیا لە ئەفغانسـتان بەکاری هێنا، بۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین مەلا مستەفای بارزانی لەسەرو بەندێکی وادا و لەناو ئەم بیروباوەڕەدا دەرکـەوت، بۆیە زۆرجار لەم ڕاسـتەوە دەڵێم بەداخەوە، خەڵکانێك کە ئێستا سەیری بارزان دەکەن، ئەدەهەم بارزانی بـە نوێنەری بارزان ببینن، بەڵام ئەو عەدالەتەی لەبارزان هەبووە، بەهیچ شـێوەیەك ئەوە نییە ئێسـتا لەسەروو چاوی ئەدەهـەم بارزانیدا دەیبینیت، ئەو پاکی و عەدالەتەی ئەو کات لـە بارزاندا هەبووە، بڕواناکەم لە هیچ شـوێنێك هەبووبێت، هەر بۆنموونە باسـی سۆسـیالیزم دەکەن و دەڵێن پێویسـتە هەموو شـت بە عەدالەت دابەش بکرێت، ئەوا من دەڵێم پێش ئەوەی شۆڕشـی بەلشـەفیك ڕوویدات، ئەو عەدالەتە لەبارزان بوونی هەبووە، ئەمە ماوەی چەند سـاڵێکە لە دەوڵەتە پێشـکەوتووەکان باسی ژینگە و گیاندارانی کێوی دەکـەن، بەڵام ئەوە دەیان ساڵە لە بارزان ژینگە پاراستن پێڕەو دەکرێت، هەتا ئێستاش کێشەی ژن و کچ لە زۆر شوێنی کوردستان ماوە، کە پارە وەردەگرن، کە کچ بە کچ دەگۆڕنەوە، کە زوڵـم لە کچ دەکرێت و بەزۆر بەشـوو دەدرێن، ئەم کێشـانە لە دەیان ساڵ پێش ئێستادا لە بارزان چارەسەرکراون و ئەو کێشانە بوونیان نەماوە، هەر کچ و کوڕێك لە بارزان یەکتریان ویسـتبا باوکی کچەکە ڕێگری بکردایە لەو هاوسەرگیرییە، دەیتوانی پەنا بباتە شێخی بارزان و شێخ بانگی باوکی کچەکەی دەکرد و پێی دەوت : دەبێت بیدەی بەم کوڕە لەبەر ئەوەی یەکتریان خۆشدەوێت.

*** ئەگـەر لێرەوە کاریگەری ڕێبازی بارزانی لەسەر پارتی باس بکەین، ئایا پێگەی پارتی لەناو ڕێباز و باوەڕی بارزاندا چۆن بووە؟**

- من دەڵێـم : مەلا مسـتەفا بارزانی ئەو سەرکردە گەورەیەی نەتەوەی کورد لە بارزانەوە هەنگاوی هەڵگرت بۆ شۆڕشـی نەتەوەیی سەرتاسـەریی و ئەو خەڵکانەشـی لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی بوون، بەم باوەڕە بەهێزە چەکداربوون،کە هەر هەموویـان ئامادەبوون ڕۆحـی خۆیـان پێشکەشـی کوردایەتی و پاراسـتنی خاکی کوردسـتان بکەن...ئەوجا ئەگـەر لێرەوە بگەڕێینەوە سـەر پارتی، من پێموایە ئەو بناخە فیکرییەی لە بارزان لەسەر دەسـتی بارزانی و هەڤاڵانـی لەناو پارتی دروست بوو، گەورەترین سـەرمایەی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، بۆ بەرەو پێش بردنی ئامانجەکانی خۆی، بۆیە ئەگەر وەڵامی ئەو پرسـیارەت بدەمەوە، ئایا پارتی سەبارەت بە باوەڕی بـارزان چ پێگەیەکـی هەیە؟ من لێرەدا دەڵێم پارتی تـەواوکاری ئەم بۆچوون و عەدالەتـەی بارزان بووە بۆ ڕێکخسـتنی بواری کوردایەتی و پرسـی نەتەوەی کورد، بۆیە دەتوانین بڵێین ئەگەر پارتی دیموکراتی کوردستان نەبوایە، باوەڕی بارزان نەیدەتوانی لەسـەر ئاسـتێکی بـەرزی نەتەوەیـی و کوردسـتانی پەرە بەم بۆچوون و ڕێبازە بدات و بەرگری لـە مەزلومیەتی نەتەوەی کورد بکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر پارتی وەك حزبێك یان ڕێکخستنێك ڕۆڵی خۆی نەگێڕابایە، من پێموایە بەبێ پارتی ئەمەش بە بارزان نەدەکرا، من پێش ئێستا باسی حزب و حزبایەتیم کرد، بەڵام لەسـەردەمی مەلامسـتەفا بارزانیدا حزبایەتی پارتی وەك حزبایەتی ئێستا نەبووە، پارتی هۆکار و ئامرازی ڕێکخسـتنی هێزو تواناکانی گەلی کوردسـتان بـوو، هەموو بیربۆچوونـە جیاوازەکانیـش لەنـاو پارتی جێگەیان دەبووەوە،هەمووشیان یەك ئامانجیان هەبـوو کە کوردایەتی و پاراسـتنی کورد و کوردسـتان بوو. ئەگەر سـەیری سـەرکردە دیارەکانی ئێستا بکەین، مـن دەڵێم هەموو ئەو سـەرکردانەی ئێسـتا هـەن دەرچووی قوتابخانەی پارتی و مەلامستەفای بارزانین، با پێش هەموویان ناوی جەنابی کاك مسعود بارزانـی و بەرێز مام جـەلال تاڵەبانی، کاك نەوشیروان، کاك کۆسـرەت ڕەسوڵ، حەمەی حاجی مەحمود بێنم. زۆری دیکەش .. ئەمانە هەموویان و هەریەك بەشـێوەیەك دەرچووی قوتابخانەی مستەفا بارزانین، لەچوارچێوەی

### شێخ ئەحمەدی بارزانی چەندین جار مەلا مستەفای بۆ هاوکاری باکوور و شۆڕشەکانی شێخ مەحمودی حەفید بۆ سلێمانی ناردووە

### میللەتان پێشکەوتوو نابن ئەگەر ناوماڵی خۆیان دروست نەبێت و. لە گوتاری سیاسیی نیشتمانیدا هەڵوێستەکانیان یەکگرتوو نەبن

## لەگەڵ هەرسێ لایەنی ئۆپۆزسیۆن دانەبڕاوین و کەناڵەکانی پەیوەندی بەردەوامن

ڕێکخستنەکانی ئەو سەردەمی پارتی دیموکراتی کوردستان پێگەیشتوون، هەموو بیرۆبۆچوونەکانیش لە ژێر چەتری پارتی و گەورەیی مەلا مستەفا کۆبووبوونەوە، لێرەدا بە جورئەتەوە دەڵێم لەوانەیە ئێستا ڕەشماڵی پارتی بۆ هەموو بیرۆبۆچوونەکان بچووك بێت و نەتوانێت هەموویان کۆبکاتەوە.

*** با لەرێبازی بارزانیەوە بێین بۆ پرۆسەی چاکسازی سەرۆك مسعود بارزانی، کە بڕوای بە عەدالەت و چاکسازی هەیە، ئایا چۆن سەیری ئەم پرۆسەیەی سەرۆك بارزانی دەکەن و چۆن دەتوانین ئەم پرۆسەیە سەربخەین؟**

- ئەگەر تێبینیت کردبێت لە پەنجاو نۆیەمین ساڵیادی کۆماری کوردستان لە مەهاباد و ساڵیادی قوتابیان و لاوانی کوردستان، جەنابی سەرۆك ئاماژەی بە پرۆسەی چاکسازی کرد،و وتی بەرنامەی چاکسازیمان هەبوو و ئەم بەرنامەیەش بەردەوامی هەیە، لەوانەیە هەندێك کەس بڵێن ئایا بۆ تائێستا زۆر شت نەکراوە؟ بەڕێزی ئاماژەی بەمە کرد کە ئەمە کارێکی گران و سەختە هەتا بتوانین هەموو چاکسازییەکان لەکاتێکی کورتدا ئەنجامبدەین . من لێرەدا زۆر باش دەزانم مەبەستی جەنابی لەم قسەیە چییە بۆیە لێرەدا دەڵێم با بێین هەموومان بە جورئەتەوە(لێرەدا تەنیا مەبەستم پارتی نییە مەبەستم هەموو لایەنەکانە) بڵێین ئایا کێ لە ئێمە هەڵەی نەکردووە؟ ئایا لەماوەی ئەم ١٠-١٢ ساڵەی حکومڕانی کوردستان کێ لە ئێمە هەیە تووشی هەڵە نەبووبێت؟ ئایا هەموومان کە دەسەڵاتدار بووین بەشێوەی نایاسایی نەچووین بۆ ئەم بوارە هەڵانە؟ من لەوەڵامی ئەم پرسیارانە دەڵێم هەموومان هەڵەمان کردووە، بۆیە مەبەستی جەنابی سەرۆك لێرەدایە، کە دەڵێت قورسە، قورسیەکە لێرەدا ئەوەیە، ئایا ئەوانەی هەڵەیان کردووە چەند بەرانبەر ئەو کەسانەن کە هەڵەیان نەکردووە، بۆیە پێویستە بۆ ئەم کارە بەرنامەیەکمان هەبێت و هەمووشمان شانی بدەینە بەر بۆ ئەوەی سەرکەوتوو بێت، تا هەموومان دەگەینە ئەو قەناعەتەی پێکەوە هاوکاری یەك بین و ئەم هەڵانە ڕاست بکەینەوە، بۆ ئەمەش کاتمان پێویستە.

*** مەبەستت لەهاوکاریکردن چییە؟**

- دەمەوێت زۆر بەروونی باس لەم خاڵە بکەم، من باسی کەس ناکەم باسی خۆم دەکەم، ئەگەر من تاکو ئێستا لەم بوارانە تووشی هەڵە بووبم، ئەوا پێویستە لە ئێستا ڕابووەستم، ستۆپێك بکەم، بڕیاربدەم کە ئیتر ئەم هەڵەیە ناکرێت و دووبارە ناکرێتەوە، پاش بڕیاردان کە هەڵە نەکەم، ئەگەر من تووشی لێپرسینەوە ببم لەبەرامبەر ئەم میللەتە دەبێت جورئەتم هەبێت داوای لێبوردن لە میللەتی خۆم بکەم و دەڵێم بەڵێ هەڵەم کرد، ئەگەر میللەت داوای لێبوردنی لێ قبوڵ کردم، من سوپاسی میللەتی خۆم دەکەم، ئەگەر لێبوردنی قبوڵ نەکرد، پێیان دەڵێم لەمانە هەڵەم کردووە و داوای لێبوردن دەکەم، ئەگەر قبوڵیان کرد سوپاسیان دەکەم، نەیانکرد ئەوا دادگا چی بڕیاردا قبوڵی دەکەم و ئامادەم بچمە بەردەم دادگا، منیش یان بەرگری لەخۆم دەکەم یان دووبارە دان بە هەڵەکانی خۆمدا دەنێمەوە.

*** مەبەستی من ئەوە بوو کاتێك دەڵێن چاکسازی پێویستە هەموومان هاوکاری بکەین و پێکەوە جێبەجێی بکەین، هەر ئەوەندە نەبێت بڵێین ئەوە بەرنامەو فەرموو ئێوە جێبەجێی بکەن، ئایا بەبێ هاوکاری بەرنامەی چاکسازی سەرکەوتوو دەبێت؟**

- کێ بەرنامە بۆ چاکسازی پێشکەش دەکات؟

*** وەك ئەو بەرنامەیەی ئۆپۆزسیۆن کە شەش پاکێجی لەخۆی گرتووە دەڵێن ئەوە بەرنامە فەرموو جێبەجێی بکەن؟**

- من ناوی ئۆپۆزسیۆن ناهێنم، من ڕێزی ئۆپۆزسیۆن دەگرم، بەڵام هەر کەسێك بێت، با بڵێین گریمان ئەم شەش پاکێجانە هی ئەدهەم بارزانی بێت، دەبێت ئەدهەم بارزانی ئەو کارانەی نەکردبێت کە لەناو پاکێجەکاندا هاتوون، نابێت من خۆم جگەرە دەکێشم بە تۆ بڵێم جگەرە مەکێشە، کاتێك جگەرەم تەرککرد ئەو کاتە بەتۆش دەڵێم جگەرە مەکێشەو خراپە، بۆیە دووبارەی دەکەمەوەو دەپرسم ئایا هەمووان بە تێکڕایی تووشی ئەم هەڵانە نەبووین؟

*** لایەنێکی دیکە مەسەلەی گۆڕینی**

## ئۆپۆزسیۆن دەیانتوانی لەهەموو بوارێکدا ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لە چوارچێوەی کابینەی کاك نێچیرڤان بارزانی بەدەستی بهێنن گەر بەشدارییان لە حکومەت بکردایە

## سووتاندنی بارەگاکانی یەکگرتوو کارێکی ناشرین بوو تاوانبارکردنی پارتیش کارێکی دروست نییە

**کابینەی حکومەتی هەرێمی کوردستانە، وەك دیاریشە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی لە پەرلەمان دەستنیشانکرا بۆ ئەوەی کابینەی تازە پێکبهێنێت و سەرۆکایەتی حکومەت بکات، خەڵك سەبارەت بەم کابینەیە ئومێدێکی لا دروست بووە، ئایا سەرچاوەی ئەم ئومێدە لای ئەدهەم بارزانی چییە؟**

- ئێمە لێرەدا باسی شتێك دەکەین کە پێی دەڵێن حکومەت، حکومەت کۆمەڵێك کەس پێکیدەهێنن، ئەگەر ئێمە سەیری سەرۆکی ئەم حکومەتە نوێیە بکەین کە بەڕێز نێچیرڤان بارزانی یەو لە پەرلەمانی کوردستانەوە ناوزەد کراوە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە چۆن توانای ئەم کەسە کە ناوی نێچیرڤان بارزانیە هەڵدەسەنگێنین؟ ئەوا لەوەڵامدا من ئەوە دەڵێم کە ئەمە ڕای زۆربەی خەڵکی کوردستانیشە، ئومێدێکی زۆریان بە نێچیرڤان بارزانی هەیە، ئەمەش چەندین هۆکاری لە پشتە لەوانە:(لەبەر ڕابردووی ئەو لە حکومڕانی، لە ئاوەدانکردنەوە، لەپێشخستنی ئابووری کوردستان، لەبوار بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی دەرەوەی و دەرەکیدا) ئەمەش واتە من توانای حکومەت و حکومداری لە نێچیرڤان بارزانیدا دەبینم کەسێکە دەتوانێت بڕیار بدات، زۆر باش دەتوانێت دروست و نادروست دەست نیشان بکات، زۆرباش دەزانێ لە کوێ دەست پێدەکات و لەکوێ کۆتایی پێدەهێنێت، ئایا ئەمە خۆی فێرکردووەو هەوڵیداوە، یان ئەمەش یەکێکە لە کەرەمەکانی لەدونی، ئەمەش بە شتێك دەڵێن کە خوا بەکەسێکی دابێت، ئەمە کەسایەتی کاك نێچیرڤان بارزانی یە، بەڵام لێرەدا شتێك دەمێنێت پێویستە زۆر بەراشکاوی دانی پێدا بنێین، هەرچەندە من ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستانم و هەرخۆشی بەشێکی سەرەکی و دامەزرێنەری حکومەتی هەرێمی کوردستانیشە، چ پارتی و چ لایەنی هاوپەیمانی ئێمە یەکێتی نیشتمانی کوردستان، چ حزبەکانی دیکە، ئەگەر نەبینە کۆسپ لەبەردەم بەرنامەی کاك نێچیرڤان بارزانی ئەوە پێشکەوتن دروست دەبێت، بەڵام ئەگەر ئێمە وەك حزبە بەشداربووەکانی کوردستان کۆسپمان بۆ دروستکرد، ئیدی ئەم کەسایەتیە بەچ شێوەیەك دەبێت حکومەت

بەرێوە ببات، ئایا دەتوانێت بەدەستێك شەڕ لەبەرەی ناوخۆی بکات و بە دەستێکیش حکوومەت ئاوەدان بکات؟ بێگومان ئەمە بۆ ئەو کارێکی سەخت دەبێت.

*** بەڵام کاتێك سەرکردایەتی پارتی باسی حکومەتەکەی کاك نێچیرڤان بارزانی دەکەن، ئاماژە بەوەدەکەن، بەرنامەی حکومەت بەرنامەی خەڵك دەبێت، ئایا مەبەستتان لەم بەرنامەیە چییە؟**

- تاکو ئێستا گلەیی و گازندەیەکی زۆری خەڵك لە کابینەکانی پێش ئێستای حکومەتی هەرێمی کوردستان هەبووە، مەبەستم هەموو کابینەکانە کە دووانیان بەڕێز نێچیرڤان بارزانی خۆی سەرۆکی بووە، گلەیی و گازندەکان لەسەر ئەو بنەمایانە بوون کە ئەم کابینانە کابینەی حزبەکان بوون، ئەوجا ئەوەی من لە کاك نێچیرڤان تێگەیشتبووم ئەو دەیویست ئەم کابینەیەی حکومەتی هەرێمی کوردستان کابینەی هەموو لایەنە سیاسیەکانی کوردستان هەرێمی کوردستان، من پێموابوو دەیانتوانی لەهەموو بوارێکدا ئەوەی خۆیان دەیانەوێت لە چوارچێوەی کابینەی کاك نێچیرڤان بارزانی بەدەستی بهێنن، لەبەر ئەوەی کاك نێچیرڤان کەسێکی کراوەیە بەهیچ شێوەیەك جیاوازی لەنێوان هیچ لایەنێکدا ناکات، بۆ مێژووش ئەوە دەڵێم وەزیرەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هەموویان ئەو شاهیدیە بۆ کاك نێچیرڤان دەدەن، ئەگەر سەرۆکی حکومەت لە یەکێتیش بووایە، هەر ئەوەندە دەسەڵاتیان دەبوو، بە قەناعەتیشەوە دەڵێم ئەگەر ئەو لایەنانەی پێیان دەڵێن ئۆپۆزسیۆن یان با

*** سەبارەت بەو ساردییەی لە نێوان پارتی و یەکگرتوو هەیە، ئایا بەنیاز نین چارەسەرێکی بۆ بدۆزنەوە، یان هەنگاوی دیکە هەڵبگرن؟**

- ئێمە هەمیشە وەك پارتی وتوومانە و لە ئاستێکی بەرزی پارتیش باس لەمەکراوە، هەر کاتێك یەکگرتوو ئامادە بێت بۆ گفتوگۆ ئێمە ئامادەین بۆ گفتوگۆ.

*** بۆچی یەکگرتوو ئامادە نییە بۆ گفتوگۆکردن؟**

- من شتێك بە تۆ دەڵێم و لەهەمانکاتیشدا دەڵێم ئینشائەڵڵا بەوجۆرە نابێت کەمن بیرم لێکردۆتەوە، من پێموایە یەکگرتووی ئیسلامی لە شۆڕشەو تەفسیرکردنی ئەم دواییانە بۆ هەندێك ڕووداو لەگەڵ ڕژێم بۆیان تووشی هەندێك هەڵەبوون، یەکێك لەو تەفسیرە هەڵانەیان بۆ ئەو هەڵبژاردنانەیە کە لەچەند وڵاتی عەرەبی وەك تونس و میسر ئەنجامدراون، بەوەی لایەنێکی ئیسلامی کۆمەڵێك کورسی بەدەست هێناوە، بۆیە



بێت، هەموو لایەنەکانی کوردستان پێکەوە بکەونە خزمەتی گەنجان و خەڵکی کوردستان، بێ ئەوەی لەسەر بنەمای حزبایەتی (هەموو حزبەکان) کار بۆ هیچ کەسێك بکرێت.

*** بەڵام وەك دەیبینین ئەمجارەش لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن بەشداریان نەکرد، پرسیار ئەوەیە ئایا چارەسەری نێچیرڤان بارزانی بۆ ئەم حاڵەتە چی دەبێت، بۆ ئەوەی ئەم حکومەتە حکومەتی هەمووان بێت و لە خزمەت و بەرژەوەندی خەڵکی کوردستاندا بێت؟**

- من لەسەر ئەم پرسە ئەوەندە دەڵێم، بەداخەوە (تۆ ناوت بردن بە ئۆپۆزسیۆن) من دەڵێم بەداخەوە ئەو لایەنانەی کە مەبەست بوو بەشداری بکەن، بەشدارییان نەکرد، بەڵام ئەمە بۆچوونی تایبەتی منە، ئەگەر ئەو لایەنانە بەشدارییان بکردایە قازانجێکی زۆریان دەکرد، مەبەستم لە قازانجی ماددی و دەسکەوتی حزب خۆیان نییە، بەڵکو مەبەستم هەتا ئەو بۆچوونانەی هەیانە لەسەر ئایندەی حکومەتی بڵێین ئەو لایەنانەی لەدەرەوەی دەسەڵاتن، ئەگەر ئێستاش بەشداری لە کابینەکەی کاك نێچیرڤاندا بکەن هەموو شتێك لەداواکانی خۆیان بەدەست دەهێنن.

*** لەم حاڵەتەدا کە پارتی و یەکێتی لەگەڵ سێ لایەنەکەی دیکە کۆبوونەوەی پێنج قۆڵیان ڕاگرتووە، ئایا کەناڵی دیکە بۆ پەیوەندی کردن لەگەڵ ئەو لایەنانە هەیە یان تەواو لێکدابڕاون؟**

- بێگومان نە، لێکدانەبڕاوین، بۆیە گومانم نییە کە کەناڵەکانی پەیوەندی بەردەوامن.

*** مەبەستت ئەوەیە نهێنین؟**

- نە، مەبەستم ئەوەیە مەرج نییە هەموو شت لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنەوە بڵاوبکرێتەوە، خودی کاك نێچیرڤان ڕۆژانە بەتەلەفون لەگەڵ سەرکردەی هەموو حزبەکانی کوردستان قسە دەکات، ئەمە بێجگە لەسەردانەکانی کە خۆی دەیکات و بڵاودەکرێنەوە، بۆیە بەردەوام پەیوەندی هەیە.

یەکگرتوو وابیر دەکاتەوە لە هەڵبژاردنی داهاتووی کوردستان، ئەوانیش بە هەمان ئاست خەڵك دەنگیان پێدەدەن و ڕێژەیەکی زۆری کورسییەکان دەبەنەوە، پێموایە ئێوەش تێبینی ئەوەتان کردووە وتیان ڕایانگەیاندووە بەوەی یەکگرتوو وتوویەتی کەمن درێژپێدەری ئیخوان موسلمینم لە کوردستان(من ئەمەم بیستووە بەس ڕاگەیەنراوەکەم نەبینیووە) من ئەڵێم لەمەدا خۆیان تووشی هەڵەیەك کردووە لەبەر ئەوەی لەو شوێنانەی تر ڕوودەدات، بەهیچ شێوەیەك لە کوردستان ڕوونادات، بۆیە ئەگەر لێم بپرسی فیکر و کاری یەکگرتوو چۆنەو بەچ شێوەیەك دەبێت؟ لەوەڵامدا دەڵێم یەکگرتووش وەك هەموو حزبەکانی کوردستان مافی خۆیانە چۆن خۆیان پێیان باشە بەو جۆرە سیاسەت بکەن، لێرەوە ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ ئەو ئاژاوەیەی لە دەڤەری زاخۆ دروست بوو، هەرچۆنێك دروست بووبێت، لێژنەیەك بۆ لێکۆڵینەوە لەو ڕووداوە لەلایەن سەرۆکی

هەرێمـــەوە پێكهێنراوە، ئـــەو لیژنەیە هەندێك بۆچوونی خۆی وتووە رەنگە هەندێك شـــتی دیكـــەش مابێت، بۆیـــە من لێـــرەدا ناتوانم هیچ بڵێم تـــا لێكۆڵینەوەكان كارەكانیان تەواو دەكـــەن، بۆیە دەڵێم ســـووتاندنی بارەگاكانی یەكگرتوو كارێكی ناشـــرین بوو دەبوایە ئەم كارە نەكرێت، بەڵام ئەوان پێش ئەوەی ئاكامی لێكۆڵینـــەوە دەربچێت دێن پارتـــی تاوانبار دەكەن، لەدەسپێكیشـــدا پارتییان تاوانبار كرد، ئەمە كارێكی دروست نەبوو، ئەمە لەكاتێكدا كۆمەڵێك راپۆرت ئاماژەیـــان بەوەكردووە كە كۆمەڵێك لەئەنـــدام و هەوادارانی یەكگرتوو كۆمەڵێك شوێنی خەڵكیان لەزاخۆ سووتاندووە، بەڵام تا ئێســـتا پارتی بەیانێكی دەرنەكردووە كە یەكگرتوو تاوانبار بكات، بەهەر شێوەیەك بێت ئەم ئاژاوەیە لەبەرژەوەندی كەســـدا نییە، قەتیش لەبەرژەوەندی هیـــچ لایەكدا نەبووە، بۆیە وێڕای هەموو ئەمانە پێویســـتە بڕیاری پێكەوەژیانمان لەگەڵ لایەنە سیاسیەكانی تردا هەبێت، پرســـیار لێرەدا ئەوەیە ئایا برادەرانی یەكگرتـــوو تاكەی دەتوانن بـــە تەنیا بژین و

> **حەزم لەو بەتەمەنیەكە شتێك لە گەنجایەتی تێدایە و حەزم لەو گەنجەشە كە شتێك لە بەتەمەنی تێدایە**

دیالۆگ رەتبكەنەوە، ئەم هەڵوێســـتە بێجگە لەوەی لە كۆتاییدا سوودی بۆ ئەوانیش نییە، لەهەمانكاتـــدا یەك ڕیزی نێوماڵی كوردیش بەئەندازەی قەوارەی یەكگرتوو بەرەو لاوازی دەبات.

*** حەز دەكەین لەگەڵ بەرێزت باسی تۆڕی كۆمەڵایەتی فەیسبوك بكەین، كە بەڕێزتان پەیجێكـــی كاراتان هەیە و نزیكەی ١٣- ١٤ هەزار كەس لایكی كردوون، بۆیە لەم لایەنەوە ئێمە وەك لاوێك سەیرت دەكەین و وەك كەسێك كە لەنێو لاوان خۆشەویســـت بێت، پرسیاری من ئەوەیە شـــێخ ئەدهەم بارزانی چۆن لەناو فەیسبووك خۆی دەبینێتەوە؟**

- مـــن ویســـتم لەرێگەی ئـــەم لاپەڕەیەی فەیسبووكەوە رێچكەیەك بشكێنم، واتە ویستم لەرێگـــەی ئەم ماڵپـــەرەوە دەرگایەكی دیكە لەگەڵ جەماوەر بكەمەوە، دەرگای دیالۆگ و لێكتێگەیشتن و دەرگای دڵم لەگەڵ خەڵك بكەمەوە، بۆ ئەمەش هەندێك جار بە ڕێگەی بڵاوكردنـــەوەی هەندێـــك وێنـــەی قۆناخی خەباتی چەكـــداری، بڵاوكردنەوەی هەندێك كاری هونـــەری خۆم، لەبـــەر ئەوەی ئەگەر هونەرمەندان قبوڵی بكەن من لەدوو بواردا خۆم بەهونەرمەند دەزانم، بوارێكیان شیعرە، بواری دووەمیشیان تەحنیت كردنی گیاندرانە،كە ناوە زانستیەكەی تاكسیدەرمی ( taxidermy) یە،كـــە هەندێك جـــار ئەو كارانـــە دەكەم و هەندێك وێنەی ئەو شتانەشـــم بڵاوكردۆتەوە، ئەگـــەر هیچم نەبێت تەنیا ســـڵاوێك بۆ ئەو خەڵكانە دەنێرم كەلەسەر ئەم پەیجەن، هەندێك جار پرســـیارێك دەكەم بۆ ئـــەوەی بزانم رای ئەوان چییـــە، هەر لەرێگەی ئـــەم پەیجەوە دەرگایەكی دیكـــەم لەگەڵ خەڵكانێكی زۆر لەدەرەوەی وڵات كە لێـــك دوورین كردۆتەوە، ســـەبارەت بەوەشـــی تۆ بەمنت وت لاو، من لـــە لاویەتی تێپەڕیووم و لە ١٦ی نیســـانی ١٩٦٢ لەدایك بووم، واتە پاش یەكدوو مانگی تر تەمەنم دەبێتە پەنجا ســـاڵ، ئەگەر تێبینت كردبێت لەســـەر ئەم پەیجە بە عەرەبی شتێكم نوسیبوو(احب شـــیخا ان یكون فیە شیئا من الشـــباب. احب شـــاب ان یكون فیە شی من شیخوخە)، ئەمەش واتە حەزم لەو بەتەمەنیە (ناڵێم پیرەیە)كە شتێك لە گەنجایەتی تێدایە. حەزم لەو گەنجەیە كە شـــتێك لە بەتەمەنی تێدایە، هەربۆیە كاتێك دەچینە ســـاڵەوە ئەمە بـــەو مانایە نییە كە پیربـــووم و دەبێت واز لە هەموو شتێك بێنم، یان گەنجێكی پێگەیشتوو بم مانای ئەوەنییە كە هیچ ســـنوورێك بوونی نەبێت.

*** بەڵام شەوێكیان نووسیبووت ئەوە سەعات یەكی دوای نیوەشەوەو من تا دوو كاتژمێری تر لەخزمەتانام، پرســـیاری مـــن ئەوەیە ئایا ئەمە بۆنەیەك بوو یان تۆ ئەو ماوەیەت هەیە تەرخانـــی بكەیت بـــۆ وەڵامدانەوەی خەڵك؟ ئایا تاچەند ئەو كێشـــانەی خەڵك بە ڕێگەی فەیســـبووك پێت دەڵێن تـــۆ وەك ئەندامێكی ســـەركردایەتی دەیبەیتـــە كۆبوونەوەكانـــی سەركردایەتی پارتییەوە؟**

- یەكێك لەو كێشـــانەی ئێستا هەیە، بوونی ئەو بۆشاییەیە كە لەنێوان خەڵك و بەرپرساندا دروســـت بووە، زۆرجار بەڕێگەی ئەم پەیجە، خەڵكانێك بۆم دەنووســـن، من شـــانازی بە مێژووی بەرخودان و ئەو داستانانە دەكەم كە تۆ بڵاویان دەكەیتەوە، بـــەڵام پێمان بڵێ بۆ ئێستا چیت هەیە بۆ ئێمە؟ بۆیە پێویستە ئێمە بزانین ئێستا میللەت چی پێویستە، بەرنامەی تازەی ئێســـتای من چییـــە؟ ئەمە گرنگە، من نامەوێت بچمە ناو وردەكاری بەرنامەی خۆمـــان وەك پڕوپاگەندە، بەڵام ئەوەندە دەڵێم ئەگەر هەریەك لەئێمە هەریەكەمان یەكێك لە خاڵەكان چارەســـەر بكەین، دەتوانین هەموو

> **من شێخ نیم، ناگەمە ئاستی كەمتر لەیەك لەسەدی ئەو مەقام و ئەو پێگەیەی شێخانی بارزانی پێی ناسراون**

كێشـــەكانمان چارەســـەر بكەین، هەر لەسەر ئـــەم بابەتە رێگەم بدە شـــتێكی تریش بڵێم، ئەویش ســـەبارەت بە بەرپرســـیاریەتیە، ئەم وشەیە ماناكەی بەكوردی روون و ئاشكرایە، وشـــەی موورادیفی ئەویش بـــە عەرەبی كە دەبێتە(المســـؤلیة) ئەویش هـــەر دیارە، بۆیە بەرپرس یان مەسئول ئەو كەسەیە كە هەر كەس دەتوانێت لێی بپرســـێت، واتە پێم بڵێ ئەدهەم بارزانـــی بۆ ئەم كارەت كـــرد بۆ ئەو كارەت نەكرد؟ ئەمە بەرپرسە لەبەرامبەر میللەت و لەبەرامبەر جەمـــاوەرو بۆ جەماوەر هەیە كە لێی بپرســـێتەوە، هەروەهـــا لەمەش گرنگتر بەرپرس، لەبەرامبەر پەروەردگاریش بەرپرسە واتە پرسیاری لێدەكرێت، ئایەتیكی قورئانمان هەیـــە كـــە دەڵێت(وقفوهم انهم مســـؤلون) ئەمەش واتە لـــەرۆژی حیســـابدا بانگیان دەكات و دەڵێت ڕایانبگـــرن ئەمانە لەدنیادا بەرپرس بوون، لێیان بپرســـن بۆ ئەمەیان كرد یان بۆ ئەمەیان نەكرد؟ ئەمەش واتە لەهەردوو دنیا بەرپرســـین، لەم دنیا بەرپرسین وەڵامی پرسیاری هاووڵاتیان و جەماوەر بدەینەوە، لەو دنیاش دەبێت وەڵامـــی پەروەردگار بدەینەوە، بۆیە من لەم چوارچێوەیەدا بەرپرســـیاریەتی یان مەســـئولیەت دەبینم. ئەمـــەش واتەی بەرپرسیاریەتی خزمەتكارییە، خاكڕاییە.

*** ئەگەر دواپرســـیاری خۆم بە پرسیارێكی تایبەتی كۆتایی پێبێنم و بڵێم بۆچی بە كاك ئەدهەم بارزانی دەڵێن شـــێخ ئەدهەم و بەڵام بەشێكی دیكەتان هەر لە خانەوادەی بارزانی شێختان پێوە نییە؟**

- سەبارەت بەو پرسیارە من بەوجۆرە وەڵامت دەدەمەوە، كە وشەی شێخ لەناو ئێمەدا پیرۆزە، لەبەر ئەوەیە ئێمە لەشێخانی بارزان عەدالەت و كوردناسی و خواناســـی و پاكیمان بینیوە، وشەی شێخیش لەناو ئێمە تەنیا بۆ ئەو پێنج شـــێخە بەكارهاتووە كە لەشێخ عەبدولڕەحمان دەست پێدەكات تاوەكو شێخ ئەحمەد، سەبارەت بـــەوەی بەمن دەڵێن شـــێخ ئەمەش وەك هەر نازناوێك بەو جۆرە ناوی دەركردووە، ئەگەر نا من شـــێخ نیم، ناگەمە ئاستی كەمتر لەیەك لەسەدی ئەو مەقام و ئەو پێگەیەی شێخانی بارزانی پێی ناســـراون، حەزیش ئەكەم هەموو كەســـیش بەناوی ئەدهـــەم بانگم بكەن، نەك كاك ئەدهەمیش، بۆیە وشەی شێخ نازناوە.

# کۆنگرەی نەتەوەیی:
# (هەندێ پێشنیار و بیرخستنەوە. لانیکەم بۆ بەتاڵکردنەوەی چاوەڕوانییەکانی خۆم..)

ڕێبوار سیوەیلی *
تایبەت بۆ گوڵان نووسیویتی

قسەکردن لەسەر کۆنگرەی نەتەوەیی کوردستان، دەکرێ گەمەیەکی دڵخۆشکەر و دەشکرێ ریسك و مەترسییەکی گەورەی فیکری بێت، بەتایبەتیش بۆ هزری سیاسی کوردەکان و لە هەمان کاتیشدا خۆتاقیکردنەوەیەکی پێشوەختی کوردەکان بێت، بۆ بردنەوە، یان دۆڕاندنی داهاتوو. هیچکام لەم گریمانانە لە پێشەوە زانراو نین و چارەنووسەکەشیان بە تەواوی دیار نییە. کوردەکان مافی خۆیانە کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستن و لەبارەی چارەنووسی نادیاری مێژوویی خۆیانەوە، جەم بن و بە گوتەی حاجی قادریی کۆیی: «کۆڕی خۆیان ببەستن وەکو هەنگ».

بەڵام بۆچی کۆڕبەستنی کوردەکان ریسك و مەترسییە؟ ئایا ئەم مەترسییە بە پلەی یەکەم دەرەکییە یان ناوەکی؟ سەبارەت بە مەترسییە دەرەکییەکان، شتێکی چاوەڕوانکراوە، کە وەك هەڕەشەیەکی کوردەکان بۆ سەر سیاسەتی ناوچەکەو گشت ئەو دەوڵەتانە لێکبدرێتەوە، کە کوردستانیان لە ڕووی مێژووییەوە بەسەردا دابەش بووە. بەڵام ئەمە بابەتی وتارەکەی من نییەو پێشبینییەکی تایبەتیم نییە، جگە لەوەی کە دەزانم پێویستە کوردەکان خۆیان بۆ لێکدانەوەیەکی وەها ئامادە بکەن. ئەوەی جەمبوون و کۆبوونەوەی کوردەکان دەکاتە مەترسی هەر کوردەکان خۆیانن، کە سرووشتیی مێژوویییان پیشانمان دەدات، چەندە بە ئازایەتییەوە خەبات و قوربانییان داوە بۆ بەدەستهێنانی هەل و بواری تایبەت بە بەرژەوەندییەکانیان، ئاواش بە ئاسانیی لە دەستیی دەدەن. بۆیە کۆنگرەی نەتەوەیی، هەرچەندەش لێرە لەوێ قسەی لەبارەوە دەکرێت و وادەی بەستنەکەی دەستنیشان دەکرێ و دەگۆڕدرێ، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا مەترسیی ئەوە لە ئارادایە کە هەرگیز نەبەسترێ یان دوابخرێ، یاخود لە حاڵەتێکدا بە تەواوی خۆمان بۆ ئامادە نەکردبێت، فەشەل بهێنێ. لەگەڵ ئەوەشدا



ڕێگە بدەن، کەمێ لەو چوارچێوەیە بدوێم، کە لەو بڕوایەدام ئەگەر کۆنگرەکەی تێدا ببەسترێ، سەرکەوتنێکی زیاتر و ستراتیژانەتر بەدەست بهێنێ. بیروڕاکانم بە شێوەیەکی چڕو هەندێکجاریش بە وردەکارییەوە، دەخەمە پێشچاو، کە هیوادارم لە کاتی خۆیدا سوودمەند بن، ئەگەرچی بە دڵی هەمووانیش نەبن. لەم نووسینەدا هەمیشە نەگوتراوێك، ناوەڕۆکێکی شاراوە هەیە، کە بارودۆخەکە ڕێنادات لەوە زیاتر ڕوونبکرێتەوە، بەڵام بۆ کەسانێك بە وردیی دەیخوێننەوە، لەو ڕەهەندەش تێدەگەن، کە من بە ئاشکرا دەرمنەبڕیوە.

**یەکەم: خۆبەدوورگرتن لە پێشداوەرییە کەلتوورییەکان و تەشریفات:**

ئێمە نەتەوەیەکین لە پرۆسەی مێژوویی دروستبوون و سەرهەڵدانی خۆماندا، رق و کینەو دەسیسە و پیلانگێڕی، بەشێکی زۆر لە سایکۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتیمانی داگیرکردووە. ڕەنگە ئەمە ڕەنگدانەوە و دەرەنجامی کارکردنی باووباپیرەکانی ئێمە بێت، لە سرووشتی سەختی وڵاتەکە و خەباتیاندا لە پێناو مانەوەدا، کە هەرچەندە دەستمایەیەکی گەورەی هەڵکردن و لێبووردەیی لەگەڵ سرووشتدا بۆ کەڵەکە کردووین، بەڵام لە ڕووی کۆمەڵایەتی و سایکۆلۆژییەوە، وردە کولتوورێکی ئەوتۆی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستاندا بەرهەمهێناوە، کە بە زەحمەت دەچێتەوە سەر یەك و لە ژێر ناوی کولتوورێکی سەراپای کوردیانەدا، پۆلێن دەکرێت. ئەم کولتوورە ڕەنگدانەوەی تایبەتیی خۆیشی لەسەر هزری سیاسی و چۆنێتی پێکهاتەی کایە سیاسییەکانی سەرجەم بەشەکانی خاکی کوردستان هەبووە و تەنانەت لە هەندێ دەرفەتی مێژوویدا، جیاوازیی کولتووریی بۆتە مەترسیی بەسەر هەرجۆرە هەوڵدانێك کە ویستبێتی کوردەکان وەك نەتەوەیەکی یەکسان و یەکدەست بەرجەستە بکات و بیانناسێنێ. لەبەر ئەم فاکتەرە سایکۆ- سۆسیۆلۆژیە، ئێمە یەکێکین لەو نەتەوانەی کە بەردەوام ئامادەیییەکی تەواومان هەبووە، بۆ بەرهەمهێنانی وزەی شەڕ و خۆوێرانکردن، کە وزەیەکە بەفیڕۆ ڕۆیشتووە و هیچی نایەتەوە شوێن. بەڵام ئەم هوشیارییە بەرامبەر بە ئاراستەبوونی وزەی نەتەوەیی ئێمە

**ئەوەی جەمبوون و کۆبوونەوەی کورد دەکاتە مەترسی هەر کورد خۆیان، کە سروشتیی مێژووییان پیشانمان دەدات، چەندە بە ئازایەتییەوە خەبات و قوربانییان داوە بۆ بەدەستهێنانی هەل و بواری تایبەت بە بەرژەوەندییەکانیان، ئاواش بە ئاسانیی لە دەستیی دەدەن**

بەرەو شەڕانییەت، بۆی هەیە یارمەتیدەرمان بێت لە خۆ ئامادەکردندا بۆ کۆنگرە، تاکو نەک هەر بەرهەمی نەهێنینەوە، بەڵکو ئاراستەکەشی بگۆڕین و لە جیاتی بەرهەمهێنانەوەی وزەی ناوبراو، کە بە فیرۆچوونی توانا مرۆییەکانمانی بەدواوەیە، بیگۆڕین بۆ بەرهەمهێنانی وزەی نەتەوەیی داهێنان. ئەمە ئەو خاڵەیە کە پێویستە پێش بەستنی کۆنگرە، خۆمانی بۆ ئامادە بکەین و جیاوازیی کولتووری کۆمەڵایەتی و ڕەنگدانەوەکانی لە کایەی سیاسی و بۆچوونی ئایدۆلۆژییدا، وەک ڕووبەڕووبوونەوەیەکی، یان تێکەڵبوونەوەیەکی کولتووری تەماشا بکەین، نەک جیاوازیی کولتوورییەکانمان، ببێتە هۆی هەڵپەساردنی یەکبوونی سیاسی و بڕیاری سیاسیمان لە ئاستیی نەتەوەییدا. چونکە ئەمەی دواییان دیسانەوە ئاراستەمان دەکاتەوە بەرەو یادەوەرییەکی ناخۆش، کە لەو بڕوایەدام زیندووکردنەوەی، یان پەنا بۆ بردنەوەی کوردەکان لێکتر دوور دەخاتەوە، تا نزیکخستنەوەیان. دەمەوێ بڵێم، بەشداربووانی کۆنگرەی گریمانەکراو، پێویستە نەک هەر تەنیا خۆیان بۆ یەکخستنی گوتاری یەکێتیی نەتەوەیی کوردستان ئامادە بکەن، بەڵکو لە ڕووی کولتوورییشەوە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، کە تیایدا ئاشتەوایی کولتووریی ببێتە نیەتێکی ویژدانی، نەک هەر تەنیا ئامانجی سیاسی ببێتە مەبەستی سەرەکیی. بە مانایەکی تر، پێویستە ئامادەسازییەکی وەها بۆ کۆنگرە بکرێت، کە تیایدا یەکبوونی کولتووری و یەکخستنی گوتاری سیاسیی لە هەمان ئاست و بە هەمان گرنگییەوە، بەرجەستە ببن.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەو ڕاستییەش بدەم، کە بەشێك لە سەرکەوتنی ئەم کۆنگرەیە، چ لە ڕووی کولتووریی و چ لە ڕووی سیاسییەوە، کە خزمەت بەو بیرۆکەیەی سەرەوە دەکات، بریتییە لە کەمکردنەوەی ڕەسمیات و سیستەمی تەشریفاتی بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، کە بەرهەمهێنەرەوەی زۆرێك لەو پێگە و پلەوپایە و مەقامە سیاسیی و کۆمەڵایەتی و عەشیرەتیانەیە، کە کوردەکان لە ئاستیاندا هەستەوەر و حەسساسن. پێویست ناکات ئەم کۆنگرەیە، سەرکەوتنی خۆی لە گرتنەبەری سیستەمێکی تەشریفاتی قەبەدا، کە بۆی هەیە هەڵەی تێبکەوێ و حەساسییەت دروستبکات، ببینێ. کەمکردنەوەی سیستەم و شێوازیی تەشریفاتیانە، شتێکی باشە، چونکە جگە لەوەی تەشریفات، لە کایەی سیاسیی کوردەکاندا، بە مانا مۆدێرنەکەی شتێکی تازەو وەرگیراو و لاسایکراوەیە، ئاواش نوێیەو ئێمە هێشتا زۆر تیایدا شارەزا نین. لەبەر ئەوە ئەگەری هەڵگەڕانەوەی ئەم شێوازە تەشریفاتییە، بۆ نانەوەی تەفرەقە لە ئارادایە. لە درێژەی ئەمەشدا، پێویستە کۆنگرە، بە هەمان شێوە خۆی لە زیادە مەسرەفیی و بەهەدەردانی سامان و پیسکردنی ژینگە و جۆرەکانی پێشێلکاریی ئەخلاقیی، وەك گۆشتخۆریی زۆر و قەسابخانە دروستکردن، لەگەڵ ئامانجی مرۆڤدۆستانە

**ئێمە هیچ قازانجێکی نەتەوەیی و مرۆیی ناکەین، بەوەی نەوەی داهاتوو گیرۆدەی میراتێک بکەین، لە گرژی و غەدر و ستەمکاری، کە بۆخۆمان تا سەرئێسقان لێی زەرەرمەند بووین و زۆرێک لە وزەی مرۆییانەمانی بەفیرۆداوە**

و ئازادیخوازانەی کۆنگرەدا نایەتەوە. ناکرێ، کۆنگرەیەکی ئەوتۆ بە شێوازێك ببەسترێ، کە شێوازیی بەڕێوەچوونەکەی لەگەڵ ئامانجەکانیدا بکەوێتە ناکۆکییەکی هێندە گەورەوە، کە ئامرازەکانی و بەڕێوەچوونەکەی بەشێك بێت لە فەشەلی گریمانەکراوی ئەنجامەکانی و هەر لەسەرەتاوە متمانەی جەماوەریی بەخۆی سست بکات.

هەر لە درێژەی ئەمەشدا، پێویستە ئەوەش بەیاد بهێنینەوە، کە ئەم کۆنگرەیە نابێت لە کاتی بەڕێوەچوونیدا، کاریگەریی نێگەتیف بکاتە سەر ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیانی ئەو شوێنەی کۆنگرەکەی لێدەبەسترێت و گونجاو نییە، سیستەمی بەڕێوەبردنەکەی ببێتە مایەی تێکدانی بەرنامەی خەڵك و هاتوچۆو گرتنی شەقام و ڕێگاکان و ئەو ڕووداو و پەرچەکردارانەی لە ئەنجامی ئەمەوە دەکەونەوە، کە پێشتر ئەمە ڕوویداوە.

**دووەم: زمانی فەرمیی و هاوبەش وەك بنەمایەك بۆ کولتووریی نەتەوەیی هاوبەش:**

پێویستە لە کۆنگرەدا زمانێکی هاوبەش، یان شێوەزارێك ببێتە زمانی فەرمی بەتایبەتی لە ئاستی نووسینەوەی دۆکترین و بەڵگەنامە فەرمییەکانی کۆنگرەدا. ئەمەش دەمانخاتە بەردەم هەڵبژاردنێکی پێشوەخت بۆ بەدیهێنانی کۆدەنگییەك سەبارەت بە زمانی فەرمیی تۆمارکردنی بەڵگەنامە و بڕیارەکانی کۆنگرە، بەبێ ئەوەی ئەمە ڕێگربێت لەبەردەم ئاخاوتنی بەشداربووان بە شێوەزاریی لۆکاڵیی خۆیان. هەڵوێست لە ئاست زمانیی فەرمیی کۆنگرەدا، پێشزەمینەی هەڵوێستێکە بۆ بەفەرمیکردنی زمانی ستانداردی نەتەوەیی و ئەمەش سەرەتایەکی گرنگە بۆ ئامادەکاری نەوەکانی داهاتووی کوردستان تا شوناسیی خۆیان لە چوارچێوەی زمانێکی ستانداردی نەتەوەییدا، دابڕێژن. ئەمە جگە لەوەی بناخەیەکی گرنگ لە ڕێگەی شێوەزارێکی هاوبەشەوە، دەبێتە لانکەی پەروەردەیەکی نەتەوەیی و ڕاگرتنی شوناسێکی پتەو لەسەر لەخۆتێگەیشتنێکی فراوانتر لەوەی کۆمەڵگای لۆکاڵیی دەیخاتە بەردەم تاکی کورد و لە هەمان کاتیشدا سڕینەوەی ستەمکارانەی ئەم شوناسە لەلایەن سیستەمە داخراوەکانی تر و پرۆسەکانی وەك بە عەرەبکردن و بە فارسکردن و بە تورك کردن، کە لە ڕێگەیانەوە، کورد بە ئەویتر کراوەو دەکرێت.

**سێیەم: شێوازیی پەرلەمانیانە و یاساییانەی بەڕێوەچوونی کۆنگرە:**

دەکرێ شێوازیی بەڕێوەچوونی کۆنگرە، بۆ پتەوکردنی ڕەهەندیی یاسایی و جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە یەکتر، شێوازێکی پەرلەمانیانە بێت، کە تیایدا و لە ڕۆژەکانی یەکەمدا سەرۆك و دەستەی سەرۆکایەتی پەرلەمان لەسەر بنەمای بەشەکانی کوردستان، یان هەر بنەمایەکی تر، هەڵبژێردرێن و دەنگیان پێبدرێت و ئەندامەکانیش لە کۆی ئەندامانی لایەنە سیاسییەکان و نوێنەرانی دیکەی کۆمەڵگای کوردستانی لە شوێنە جیاوازەکان،

**گۆڕانە سۆسیۆ کولتوورییەکان و ئەو کاریگەرییە ڕۆژانەییانەی دەکرێتە سەریان، بە توندڕەوانەکردنی ئایین و باوەڕ، یان بە ئاپۆرەکردنی هاووڵاتیان و هاندانیان بۆ هەر ڕەفتارێکی نامەدەنیانە، وەلامنادرێنەوە**

پێك بێن و لیژنە جیاوازەکانیان لێپێکبهێنرێن بۆ چالاکبوونیان لەو بوارانەدا کە وەك ئەرك پێیاندەسپێردرێ و خستنەڕوویان لە بەردەم پەرلەمانە کاتییەکەدا. ڕەنگە ئەمە کارێکی ئاسان نەبێت، بەڵام بۆ نەتەوەیەك کە هەرگیز حساب بۆ کەسایەتی نەتەوەیی نەکراوە، گرتنە بەری ڕێگای ئەقڵانیی و دیموکراتیکیانە، نرخدانانێکی مەزنە بۆ خەباتی نەتەوەیی ئەو میللەتە و سارێژکردنی برینە قووڵەکانی و ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بەهۆیەوە متمانەی لاوازبوو و لەدەستچووی خۆیان بەدەست بهێننەوە. پێکهاتەی پەرلەمانتارانەی کۆنگرە، دەکرێ وەك پێشنووسێکیش بێت بۆ چێکردنی هەر جۆرە پەرلەمانێکی داهاتووی ویلایەتە یەکگرتووەکانی کوردستان.

**چوارەم: خۆبەدوورگرتن لە ڕەگەزسالاری و حزبسالاری:**

زۆر گرنگە ئەم کۆنگرەیە لەدوو خاڵی نێگەتیف خۆی بەدوور بگرێت: یەکەم نەبێتە کۆنگرەیەکی پیاوسالار و ڕێژەی بەشداربوونی ژنان تیایدا بە ئاستێك بێت، کە وەڵامدەرەوەی بوون و بەشداریی و خەباتی خانمان و دایکانی ئەم وڵاتە نەبێت. پێویستە ئەقڵی کارا لە کۆنگرەدا، حسابی ئەوە بکات، کە نەتەوە، یەك ڕەگەز نییە و یەکڕەگەزانە بیرکردنەوە لە نەتەوە هۆکارێکی ڕاستەوخۆی بەرهەمهێنانەوەی کۆی ئەو ستەمانەیە کە پیاوسالاریی و نێرسالاری بە درێژایی مێژوو لە دژی ڕەگەزەکەی تر بەرهەمهێناون و ئەوانی خستۆتە پەراوێزی مێژووەوە.

دووەم خاڵ ئەوەیە کە نابێت کۆنگرە، حیزب سالارانە بێت و بەشداربووان تەنیا لە ئەندامانیی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان، پێك بێت. چونکە ئەمە لە قورسایی نەتەوەییبوونی کۆنگرە کەم دەکاتەوە و متمانەی گەلی کورد بەم چالاکییە لاواز دەکات. لەسەر ئەم خاڵە زۆر ناوەستم، چونکە ئەزموونەکانی پێشتر لە ئاستی لۆکالیدا، لە یادی خەڵکدان و ئەنجامگەلێکی باشیان نەداوە بەدەستەوە.

**پێویستە کۆنگرە لە بڕیارەکانیدا، بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتوو لەبەرچاو بگرێت و سنوورێک دابنێ لە بەردەم چۆنێتی هەڵسوکەوتکردنی نەوەی ئێستا لەگەڵ سامانە نەتەوەییەکاندا**

**پێنجەم: ڕووکردنە داهاتوو بەلەبەرچاوگرتنی بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان:**

گرنگە ئەم کۆنگرەیە ڕووی لە داهاتوو بێت، نەك ڕابردوو. لەم ڕوانگەیەشەوە پێویستە کۆنگرە لە بڕیارەکانیدا، بەرژەوەندیی نەوەکانی داهاتوو لەبەر چاو بگرێت و سنوورێك دابنێ لە بەردەم چۆنێتی هەڵسوکەوتکردنی نەوەی ئێستا لەگەڵ سامانە نەتەوەییەکاندا، کە نەوەکانی داهاتووش، مافی سروشتیی خۆیان و پشکی ڕەوای خۆیان تیایدا هەیە. بەبێ ڕەچاوکردن و گرتنەبەری ڕەهەندی ستراتیژیانە و دوورمەودایانەی داهاتوو، کۆنگرە ناتوانێت بەرژەوەندیی نەتەوەیی بۆ داهاتووی کوردەکان دەستنیشان بکات و شتێك نابێت لایەنەکان پێوەی پابەندبن تا هەریەکەیان لەلای خۆیەوە لە کارنامەی سیاسیی خۆیدا و لە کۆمەڵگای لۆکاڵیدا، کاری بۆبکات و بیکاتە بەشێ لە پەروەردەی نەتەوەیی و نیشتیمانی.

**ئێمە نەتەوەیەکین لە پرۆسەی مێژوویی دروستبوون و سەرهەڵدانی خۆماندا، ڕق و کینە و دەسیسە و پیلانگێڕی، بەشێکی زۆر لە سایکۆلۆژیای سیاسی و کۆمەڵایەتیمانی داگیر کردووە. بەردەوام ئامادەییەکی تەواومان هەبووە، بۆ بەرهەمهێنانی وزەی شەڕو خۆ وێرانکردن**

**شەشەم: هەڵوێستی ڕاشکاو لە ئەوانیتر وەك خاوەن شوناسی نەتەوەیی، بەبێ گەڕانەوە بۆ ڕابردوو:**

بە هەمان شێوە پێویستە کۆنگرەی نەتەوەیی هەڵوێستێکی ستراتیژیانە لە نەتەوە دراوسێکانیتر و دەسەڵاتەکانی ناوچەکە وەربگرێت، کە زیاتر ڕەنگدانەوەی گەورەیی نەتەوەیی کوردەکان بێت، نەك پەرچەکرداریی سایکۆلۆژیی لە ئاست مێژوویەکدا کە ئەمانی خستۆتە پەراوێزە و ئەوانیتریشی کردۆتە سەردەستە. بەمجۆرەش پێویستە کۆنگرە، هەڵوێستی کوردیانەی خۆی لە ئەوانیتر، کە وەکخۆی خاوەن کەرامەتیی مرۆیین، وەربگرێ و ئەو هەڵوێستە بخاتە پلانێکی ستراتیژیی تری پەروەردەییەوە، تا پاش چەند نەوەیەك سوودەکەی بۆ بەرەی مرۆڤایەتی لە کەمکردنەوەی توندوتیژیی و بەشداریی لە ئاشتەوایی ناوچەکەدا، ڕەنگبداتەوە. لە ئاستیی حکومەت و پێوەندییە سیاسیی و بازرگانیی و ئەوانەش کە لە پاشە

**لە هەندێ دەرفەتی مێژوویدا، جیاوازیی کەلتووریی بۆتە مەترسیی بەسەر هەرجۆرە هەوڵدانێک کە ویستبێتی کوردەکان وەک نەتەوەیەکی یەکسان و یەکدەست بەرجەستە بکات و بیانناسینێ**

ڕۆژدا دروستدەبن، هەڵوێستێکی دیپلۆماسیانە لەسەر بنەمای دانپیانانی دوولایەنە بە مافی یەکتر و پاراستنی بەرژەوەندیی یەکتر و ڕێزدانان بۆ ڕێککەوتنە فەرمییەکانی نێوان گەلان و حکومەتەکانیان، بە لەبەرچاوگرتنی مافی هاوسێیەتی و نزیکایەتی کولتووریی و ئایینی، وەربگرێت.

ئەو مێژووەی کوردەکانی لەگەڵ نەتەوە دراوسێکانیدا گەیاندووە بەم ڕۆژگارە، ئەو ستەمەی لە سایەی دەوڵەتەکانی دراوسێکانیدا، چەشتوویەتی، میراتێکی خراپ و ناسوودمەندیی بۆ ئێستا دروستکردووە و ئەقڵ و ژیریی مرۆیی ڕێگەمان پێنادات کە بمانەوێ ببێتە میرات بۆ پاشەڕۆژیش تا نەوەکانیتریش لە هەردوو لا، بەو کێشانەوە سەرقاڵ و بەقوربانیی بکات، کە نەوەکانیتر لە پێشوودا و لە ئێستاشدا بەدەستیانەوە دەناڵێنن. ئێمە هیچ قازانجێکی نەتەوەیی و مرۆیی ناکەین، بەوەی نەوەی داهاتوو گیرۆدەی میراتێك بکەین، لە گرژی و غەدر و ستەمکاری، کە بۆخۆمان تا سەرئێسقان لێی زەرەرمەند بووین و زۆرێك لە وزەی مرۆیانەمانی بەفیرۆداوە. ئاشتییەکی ڕێژەیی و بچکۆلەی گریمانەکراو و دڵنیا لە داهاتوودا، سەدهەزارجار باشتر و ژیرانەترە، لە بردنەوەی شەڕێکی گەورە و تۆڵەکردنەوەیەکی بچووك..

دەکرێ ئەم کۆنگرەیە کار بکات بۆ بە واقیعیکردنەوەی ئەویتر لە فۆرم و قەبارەی خۆیدا، نەك خۆبچووککردنەوە لەکاتی ڕووبەڕووبوونەوە و شەرمکردن لێی، نەك خۆ هەڵاوساندن و گیڤبوونەوە لە وەختێکدا کە سوور دەزانیت هیچت لەدەست نایەت. لەسەر بنەمای بە واقیعیکردنەوەی ئەویترەوە، دەکرێ هەموو پەیوەندییە گرژەکان و بەدگومانیەکانی کورد لەگەڵ ئەوانیتر، بکرێنە پەیوەندیی گفتوگۆئامێز، کە کورد بە هەمان مافی چوونیەك و یەکسان و بە هەمان ڕاستیی ڕێژەییەوە، تیایدا بەشدارە، بەبێ ئەوەی

**کۆنگرەی نەتەوەیی پێویستە لەبەرامبەر پێوەندییە دەرەکییەکانی و کۆمەڵگای مرۆیی و ڕای گشتیی جیهانیدا، خۆی وەک فاکتەرێکی بڕوا پێکراو، هەرێمێکی ئابووریی بەهێز و بەرەیەکی ئاسایش و ئاشتیخواز، بناسێنێت**

پێویستیی بەوە هەبێت بەمەبەستی ڕازیکردنیان لە ئاست ئەوانیتردا کەمێك لە مافەکانی خۆی بکشێتەوە.

لە ئاستی ناوخۆشدا، پێویستە کۆنگرەیەکی ئەوتـۆ، میسـاقێکی نەتەوەیـی مۆربکات بـۆ قەدەخەکردنی هەرجۆرێکی شـەڕ، یان پەنابردن بۆ هێز و ئابڕووبردن و ڕووشـکاندنی سیاسیانەی هێز و لایەنە سیاسیەکانیتری هەر هەرێمێك و بەشـەکانی دیکەی کوردسـتان و دووبارەنەکردنەوەی شەڕی ناوخۆیی و خوشك و براکوژیی نەگریس. هەروەها نابێت دەسەڵاتی کورد، بۆخۆی سووکایەتی بە نەتەوەی خۆی بکات و بە هێز و چـەك ڕووبەڕووی ببێتەوە و سـەرکوتی بکات. ئەم شەڕ و توندوتیژیانە لـە ئاسـتیی نێونەتەوەیی و لەبـەردەم ڕای گشتیی جیهاندا، زیانێکی ئەوتۆ بە شوناسیی کوردیانەمان دەگەیەنن و لە شکۆی گەورەیی نەتەوەییمان دەهێننە خوارەوە. لە ئاستی ناوخۆ و لەخۆتێگەیشتنی مرۆڤی کوردیشدا، دووچاری بەخۆداشکانەوە و ڕووشکێنی و هەستکردن بە کەمیی و دەروون پشێویمان دەکات.

هەروەها پێویسـتە ئەو میسـاقە، هەرجۆرە دەستخستنەناودەستی لایەنی نەیار و بەگومان بـە نەتەوەی کـورد، لە ئاسـتی هەرێمی و نێودەوڵەتیـدا، کە زیانی هەبێت بۆ ئاشـتیی مرۆیی و سـەقامگیریی سیاسیی و هەڕەشە دروستکردن بۆسەر لایەن و هێزی تر، ڕەتبکاتەوە و توانای هەبێت لە داهاتوودا، ئەو لایەنە سزا بدات کە هەستاوە بەکارێکی لەوجۆرە و زیانی بە کەسـایەتی نەتەوەیی کـوردە هاوزمان و هاوکێشـەکانی گەیاندووە و ئەوانی خستۆتە بەرەی غولام، جاسـووس و دەسـتەندەخۆر و ڕیشوەخۆر و خیانەتکارەوە.

**حەوتـەم: یەکاڵاکردنـەوەی پێوەندیـی سیاسەت و ئایین لەبەر ڕۆشنایی بەرژەوەندیی نەتەوەییدا:**

کوردسـتان وڵاتێکی فرە ئایین و ئاینزایە. مۆڵگـەی کۆمەڵـێ ململانێـی بەمیرات بۆماوەی ئاییـنـزاکان و لق و پۆپە عەقیدەتی و بڕواداریـیەکانیانـە، کە ئەگـەر ئەو میراتە بکرێتە پێوەر، ئاسۆی چارەسەرکردنی کێشەکان و بەشـداریی ئاشـتیخوازانەی ئایینەکان لە دابینکردنـی داهاتـوودا، لاواز و بگـرە بە زیانی خۆشـیان تەواو دەبێـت. لەلایەکیترەوە، داهاتوو سـەپرایز و موفاجەئەی سڕکەریشی بۆ ئایینەکان پێیە، چونکە گۆڕانە سۆسـیۆ کولتوورییەکان و ئەو کاریگەرییە ڕۆژانەییانەی دەکرێتە سـەریان، بـە توندڕەوانەکردنی ئایین و بـاوەڕ، یان بە ئاپۆرەکردنـی هاووڵاتیان و هاندانیـان بۆ هەر ڕەفتارێکـی نامەدەنیانە، وەڵامنادرێنـەوە. باشـترین وەڵامدانـەوەی باوەڕداریانـە و ئایینیانـە، بۆ کێشـەکانی داهاتوو، نەرمینواندنی ئایینیانە و گەڕانەوەیە بۆ سـرووت و بۆنە ئایینیە ڕەسـەنەکان، وەك ئەوەی لە وڵاتە پێشـکەوتووەکانی ئەورووپا و ئاسیا، دەبینرێ. بۆیە پێویستە کۆنگرە، ئەوەی

**بەشداربووانی کۆنگرەی گریمانەکراو، پێویستە نەک هەر تەنیا خۆیان بۆ یەکخستنی گوتاری یەکێتی نەتەوەیی کوردستان، ئامادە بکەن، بەڵکو لە رووی کەلتووریشەوە، لاپەڕەیەکی نوێ هەڵبدەنەوە، کە تیایدا ئاشتەوایی کولتووریی ببێتە نیەتێکی ویژدانی**

لەبەر چاوبێت، کە گرنگە هەڵوێستی خۆی لە ئاییـن ڕوونبکاتەوە و زۆرترین مافی ئازادیی بـۆ بیـروڕا و ئایینەکان، بەبـێ جیاوازیی، دابیـن بکات و هەرجۆرە نانـەوەی تەفرەقە و بە سـەنتەرکردنی ئایینی و بە پەراوێزخستنی ئایینزایی، ڕەتبکاتـەوە. چونکە هەروەکچۆن تەفرەقەی ئایینـی و جیاوازیی ئایینزایی لە ڕابردوودا زیانی بە یەکێتی نەتەوەیی کوردەکان گەیاندووە، ئاواش لە داهاتوودا دەبێتە ڕێگرێکی گەورە لەبـەردەم گواسـتنەوەی کۆمەڵگای کوردسـتان بەرەو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و هاوچەرخ. هەڵوێسـتی کۆنگرە لە بەشدرایی ئایین لە بڕیاریی سیاسـیدا، خۆبەدوور گرتنە لـە هەرجـۆرە بارگرژییەکـی هەرێمەکانی کوردستان، کە بۆی هەیە لە داهاتوودا لەسەر بنەمای ئایینزایی و عەقیدەتیەوە دروست ببێت و یەکەمجـار زیانێکی گـەورە لەو عەقیدە و ئایینە بـدات و دووەمجاریش لە بەرژەوەندییە نەتەوەییەکانی نەتەوەی کورد. ڕشتنی ئاوێکی وا بۆ نەوەکانی داهاتوو، بەمانای سەپاندنی میراتێك دەبێت بەسـەریاندا، کە ئێمە ئێستا بۆخۆمان بەدەسـتییەوە دەناڵێنین. لەبەر ئەوە هەرچەندە ڕۆڵی سـرووتیانەو کولتووریانەی ئایین و دامەزراوە ئایینیەکان بەهێز بکرێن و ئازادیی پراکتیزەکردنی ئایین فراوانتر بکرێت، خۆمان لەو کێشـە سیاسـی و بارگرژییە سیاسـی و ئایدۆلۆژییانە بـەدوور دەگرین، کە سەرچاوەکەیان لە جیاوازیی عەقیدەتی و ئایینییەوە پەیدا بووە و دەبێت ڕەنگدانەوەکانیان لە سیاسەتیشـدا تەحەمـوول بکرێن، بەڵام بەدژی سیاسەت و ئایین دەکەونەوە، چونکە ئایین بنەمایەکی بڕواداری و سرووشتیانەی هەیە و سیاسەتیش پرانسیپێکی ئەقڵانیی و تیۆری هەیە بۆ ڕێکخستنی پراکتیکیانەی ژیانی کۆمەڵـگاکان. ئەم دوو کایەیە تەنیا ئەوکاتە دەتوانن سـوودی گشتیی و سوود بەیەکتر بگەیەنن، کە ڕێز لە سنووری ئەرك و مـاف و دەسـەڵاتی یەکتر بگـرن. هەر کامیان لە بەرخاتری، یان لە ترسـی یاخود بۆ دوورخسـتنەوەی ئەویتریان، دەسـت لە مافەکانی خۆی بکێشێتەوە، یان چاوپۆشیی بـکات لەمافەکانی خـۆی، یانژی ئەویتر ناچار بکات بۆ ژێر ئیرادەی خۆی، بە زیانی خـۆی و ئەویتریش تەواو دەبێت و کۆمەڵگا دەبێتـە بارمتـەی هەر جـۆرە گرژییەکی ئایدۆلۆژیی نێوانیان.

**هەشتەم: ئاشتیی و ئاسایش، وەك نامەی کورد بۆ کۆمەڵگای جیهانی:**

ئایا کۆنگرەی نەتەوەیی هیچ چارەیەکی تری هەیـە، لـەوە زیاتر کـە لەبەرامبەر پەیوەندییـە دەرەکییەکانـی و کۆمەڵگای مرۆیی و ڕای گشتیی جیهانیدا، خۆی وەك فاکتەرێکی بڕواپێکراو، هەرێمێکی ئابووریی بەهێز و بەرەیەکی ئاسـایش و ئاشـتیخواز، بناسـێنێت؟ ئەزموونی سـەدەی بیستەمی کورد لە شۆڕش و بەرەنگاربوونەوەکانیدا، ئەو زیانانەی لێیکەوتوونەتەوە و ئەو ئەنجامانەی لێیکەوتونەتەوە لە پیرۆزکردنی توندوتیژی

**زۆر گرنگە ئەم کۆنگرەیە لەدوو خاڵی نێگەتیڤ خۆی بەدوور بگرێت لەلایەک کۆنگرە نەبێتە کۆنگرەیەکی پیاوسالاری و لەلایەکی تروە نابێت کۆنگرە حیزبسالارانە بێت**

**گرتنە بەری ڕێگای ئەقڵانیی و دیموکراتیکیانە، نرخدانانێکی مەزنە بۆ خەباتی نەتەوەیی ئەو میللەتە و سارێژکردنی برینە قووڵەکانی و ئەمەش ئەو ڕێگایەیە کە لایەنە سیاسییەکان دەتوانن بەهۆیەوە متمانەی لاوازبوو و لەدەستچووی خۆیان بەدەست بهێننەوە**

**نابێت کۆنگرە، حیزب سالارانە بێت و بەشداربووان تەنیا لە ئەندامانی لایەنە سیاسییەکانی پارچەکانی کوردستان، پێک بێت. چونکە ئەمە لە قورسایی نەتەوەییبوونی کۆنگرە کەم دەکاتەوە و متمانەی گەلی کورد بەم چالاکییە لاواز دەکات**

**پێویستە کۆنگرە، هەڵوێستی کوردیانەی خۆی لە ئەوانیتر، کە وەکخۆی خاوەن کەرامەتیی مرۆیین، وەربگرێ و ئەو هەڵوێستە بخاتە پلانێکی ستراتیژیی تری پەروەردەییەوە**

**ئایین بنەمایەکی بروادارێ و سروشیانەی هەیە و سیاسەتیش پرانسیپێکی ئەقڵانیی و تیۆری هەیە بۆ ڕێکخستنی پراکتیکیانەی ژیانی کۆمەڵگاکان**

و بووژانـەوەی جۆرەکانی دوژمنداریی و توندڕەوی، هەروەها دوورخستنەوەی دۆست و هاوڕێیانی کورد لە ئازادیخوازانی جیهان و ناوچەکە، ئاماژەیەکی ئەوتۆمان دەدەنێ کە دووبارەکردنەوەی ئەو ئەزموونە، هەرچەندەش دەستکەوتە کاتییەکانی بەرچاو بووبن، بەڵام لە ئاستی ستراتیژیی و بۆ داهاتووی نەتەوەییمان، زیانبەخش دەبن. لەبەر ئەوە پێویستە کورد سیمای لۆکاڵیانەو جیهانیانەی خۆی بگۆڕێت و ناوچەکە بکاتە شوێنی سەرنجڕاکێشان و ئاوەدانیی و ئاساییش. بەم مانایەش، ئەم کۆنگرەیە پێویستە چەندە خۆڕزگارکردن بێت لە ڕابردوو، بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە، ئەوەندەش خۆئامادەکردن بێت بە هەموو ڕەهەندەکانییەوە. وا چاوەڕواندەکرێت، کۆنگرەیەکی ئەوتۆ، نامەیەکی ڕوون و ئاشکرا بۆ کۆمەڵگای نێونەتەوەیی بنێرێت و ڕۆڵی ئایندە خوازانەی کوردەکان لە ناوچەکەدا، بۆ جیهان ڕوونبکاتەوە.

**نۆیەم: هەڵوێست لە سەرمایەدارییەتی بێدەروەست و بەرپرسیارکردنی سەرمایەداران:**

پێویستە ئەم کۆنگرەیە لە هەمان کاتدا کە بیر لە بەرژەوەندیی گشتیی هەنووکەیی و پاشەڕۆژی کوردەکان و کوردستانیەکان دەکاتەوە، لە هەمان کاتیشدا بنەمایەکی یاسایی و ئەرکمەندانە بۆ چۆنێتی سنووردارکردنی هەرجۆرە هێزێك دابنێ، کە لە دوارۆژدا بۆی هەیە بەرژەوەندییەکانی خۆی بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی نەتەوەییەوە. لە ئێستادا ئەو هێزەی ئەمکارە دەکات و بەدەر لە بنەما ئاکاری و مرۆیی و ژینگەیی و مافناسییەکان، خۆی وەکو دەسەڵاتێك لەناو دەسەڵاتی فەرمیی کۆمەڵگادا مانیفێست دەکات، هێزی ئابووری و سەرمەیەداریەتی دڕندەی بێدەروەستی کوردە، کە لە هەمان کاتدا بە هۆی هاوکار و شەریکەکیانیەوە لە دامەزراوە نەتەوەیی و حکومی و فەرمییەکاندا، دەرگای ئاوەڵاکردووە بۆ سەرمایەدارانی مشەخۆر و کۆمپانیای زەبەلاحی بیانی، کە بەبێ هیچ ئیلتیزامێك بۆ کۆمەڵگای کوردستانی و مافی بەهرەمەندبوونی مرۆڤی ئەم وڵاتە، خەریکی مژینی وزە و سامانی ئابووریی کوردستانە، کە پشکێکی گەورەی مافی خەزنکراوی نەوەکانی داهاتووە و دەبێت بە خەزنکراویش بمێنێتەوە. من چاوەڕوانیی هیچ بڕیارێکی پراکتیکی لەمبارەیەوە لە کۆنگرە ناکەم، بەڵام پێویستە هەڵوێستێکی ئەخلاقیانە و ویژدانیانەی لەم فۆرمە سەرمایەداریەتە دڕندەیە وەربگرێت و سنووره ئەخلاقییەکانی دەستنیشان بکات، چونکە ئەو سیستەمە سەرمایەدارییەتە بۆخۆی هیچ ئەرکێکی ئەخلاقیانە و ویژدانیانەی لە ئاست ئەم کۆمەڵگایە و مرۆیەکانی لەبەرچاو نەگرتووە و ناگرێت. پێویستە ئەم کۆنگرەیە، ئەوە بەبیری سەرمایەدارانی مشەخۆر بخاتەوە، کە لە هەرشوێنێکی کوردستاندا دەروەستن بە ڕەچاوکردنی بەرژەوەندیی نەتەوەیی هاووڵاتیان و بەشداریکردنی کردەیی لە گەشەپێدانی مرۆیی و ئابووری و دامەزراوەیی و تەندروستیی و کوردستان و پشکدارییان لە خستنەسەر سامانی نەتەوەیی و سندووقی دەرامەتی هاووڵاتیان لە بوارەکانی عەدالەتی کۆمەڵایەتی و کەمکردنەوەی بێکاری و هەژاری بەسەر پەرشتیی حکومەت و یەکە ئیدارییەکان. کۆنگرەی نەتەوەیی، بەبێ زاڵکردنی ویستی نەتەوە بەسەر ویستی ئەوانەدا کە سامان و خاکی نەتەوە بۆ مەبەستیی تایبەتیی خۆیان بەکار دەهێنن، کۆنگرەیەك دەبێت ڕێگای گورگایەتیکردنی سەرمایەداران بە کراوەیی دەهێڵێتەوە.

**کۆتایی:**

هیچکامێك لەم پێشنیار و بیرخستنەوانە، نەشیاو نین، هیچکامێکیشیان ڕێگرێکی مەترسیدار لەبەردەمیاندا نییە، لانیکەم لەبەردەم قسەکردن لەبارەیانەوە. ئێمە قسەمان لەسەر کۆنگرەیەکی ئایدیاڵی و نمونەیی نەکردووە، بەڵکو قسەمان لەسەر ئەو خاڵانە کردووە کە تەنیا بە کەمترین قازانجی نەتەوە، شەرعییەتی نەتەوەیی بەو چالاکیە دەدەن، کە پێویستە تازەکەرەوە و زیندووکەرەوە و بووژێنەرەوەی ڕۆحیی نەتەوەیی و مرۆییانەی کوردیانە بێت تا لە سنووره لۆکاڵی و پێکهاتە کولتووریی و عەشیرەییەکانی خۆی، دەرباز ببێت و کولتوورێکی نەتەوەیی بەرفراوانتر تەرویج بکات، کە شایانی قوربانیی و خەباتی کوردەکان و کوردستانیەکانی ترە. هیوادارم، ئەم کۆنگرەیە، نەك لە ئێستادا و لەکاتی بەستیندا، یاخود پاش تەواوبوونی، بەڵکو دوای بیستوپێنجساڵیتر، کە گۆڕانێکی مەزنی ئابووری و سیاسی و کولتووری لە ناوچەکەدا ڕوو دەدات، شایانی ئەوە بێت لەلایەن نەوەکانی پاشە ڕۆژەوە بۆ یەکەمجار ڕەخنەی لێبگیرێت و ئەندامانی ئەم کۆنگرەیە وەك ئەو قارەمان و دەستپێشخەرانە ناویان بێت، کە کوردستانیان فرێدایە ناو داهاتووەوە.

٢٠١٢/٢/٢٤

* مامۆستا لە بەشی فەلسەفە،
زانکۆی سەڵاحەدین

# لە ئابووری حکوومەتەوە
# بۆ حکوومەتی ئابووری



عەبدولڕەحمان سدیق

دیارە کە ئەو حکومەتەی ئێستا لە هەرێمی کوردستاندا فەرمانڕەوایەو کاروباری هەرێم بەڕێوە دەبات، حکومەتی زۆرینەی پەرلەمانییە کە لیستی کوردستانی نوێنەرایەتی دەکات، لەبەرامبەریشدا سێ لایەنی دیکە بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیان هەڵبژاردووەو بەشدارنین لەحکومەتدا .

حزبەکانی دەسەڵات گەیشتوونەتە ئەو قەناعەتەی کە هەرچەندە بەشێکی باشی چاکسازیی بەخۆیان دەکرێت و لەتوانایاندایە، بەڵام دەشزانن کە چاکسازیی پرۆسەیەکی هەمەلایەنەیەو بۆ هەموو لایەنەکانیشە، بۆیە دەیانەوێت هەموان تیایدا بەشداربن و، هەموانیش پێی رازیی بن .

حزبەکانی ئۆپۆزیسیۆنیش گەیشتوونەتە ئەو قەناعاتەی کە پێویستە پێداچوونەوەیەك بەکارەکانی دوو ساڵ لەمەوبەریاندا بکەنەوە، سەرئەنجامیش گەیشتوونەتە ئەو ڕایەی کە: ئۆپۆزیسیۆنبوون هۆکارەو، کاری کەمینەی هەڵبژاردنەو، کاتییەو بڕیارێکی حزبیی دەوێت، بەڵام پەرەپێدان بە کولتووری دەوڵەت و، بونیادنانی پایەکانی، ئامانجە و هەموانی دەوێت و، هەمیشەییەو بڕیارێکی نیشتمانیی پێدەوێت.

وەك دەرئەنجامێك بۆ گشت ئەوانەی کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکردن، لەوانەیە باشترین ڕێگەچارەیەك بۆ ئەم قۆناغەی ئێستای هەرێمی کوردستان، (لێکدان) ی گشت پرۆژەکان و (کۆکردنەوە)ی خاڵە هاوبەشەکان و، (لێدەرکردن)ی خاڵە جیاوازەکان و، (دابەشکردن)ی دەسەڵاتەکانە لەنێوان گشت شەریك و بەشداربوواندا.

هەموو ئەمانەش لەپێناو پاراستنی ئەزموونی هەرێمی کوردستانداو، لەپێناوی ئەوەی لە گرفتە سیاسییەکانەوە بەرەو چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان هەنگاو بنێین، چونکە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییانەی ئەمریکاو بەریتانیاو یۆنان و ئیتاڵیاو ئیسپانیاو ئیسرائیل پەیامی زۆری بە ئەودوای جیهان گەیاند، یەکێك لەوانە قسەکانی دێڤید کامیرۆنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا بوو بۆ رۆژنامەی دەیلی تەلەگراف، کەتیایدا دەڵێت: (هۆکاری سەرەکی ئەم ئاژاوەو تالان و تۆڵەیە بریتییە لە ڕاپەڕینی یەکە هەڵوەشاوو نەخۆشەکانی کۆمەڵگەیە، کە نەبوونی و هەژاریی و بێکاری بۆتە مایەی خراپ پەروەردەکردنیان و، لەدەستدانی هەستی بەرپرسیارێتیی ).

بۆیە کۆبوونەوەی لوتکەش لەنێوان (مێرکڵ و سارکۆزی ) پاش چەندین سەعات گفتوگۆو شیکردنەوە، گەیشتنە خاڵێکی سەرەکی: کەئەوروپا پێویستیی بەحکومەتی ئابووری هەیە.

دەستلەکارکێشانەوەی هەردوو سەرۆك وەزیرانی یۆنان و ئیتاڵیا، خۆپیشاندانەکانی هەندێك وڵاتانی ئەوروپاش لەسەر کێشەی دارایی نەك سیاسیی، باشترین بەڵگەن بۆ ئەم قسەیەمان.

چونکە ئابووری بەهێزو عەدالەتی کۆمەڵایەتی یەکێکە لەتایبەتمەندییەکانی هەر دەوڵەتێك کەدەیەوێت ئارامیی و سەقامگیریی سیاسیی و کۆمەڵایەتی لە شەقامدا بەرقەرار بێت، لەبەرئەوەی تەواوی چالاکیی و کارەکانی دەوڵەت لەسایەی ئارامیی و هێمنیدا بەڕێوە دەچن.

بۆیە مەسەلەی خۆپیشاندانەکان کە لەڕێڕەوی ئاسایی خۆیان لادەدەن یان لادەدرێن، جاری واش هەیە خۆپیشاندان دەگۆڕێت بۆ پەلاماردانی ماڵی هاووڵاتییان و سامانی گشتیی، ئەم مەسەلەیە بەشێوەیەکی ڕیشەیی و هەمیشەیی لەسەر شەقام چارەسەر ناکرێت، چونکە کێشەکە لەنێو ماڵەکاندا سەری هەڵداوە.


چارەسەرکردنی ئەم کێشانە لەسەر شەقام چارەسەرێکی کاتییەو، دەبێت ببێتە هەلێك بۆ بیرکردنەوە لەچارەسەری ڕیشەیی هەڵەکان وەك:

یەکەم: ڕێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ و دابینکردنی لای کەمی ژیانێکی خۆشگوزەران و بیمەی کۆمەڵایەتی و شوێنێکی نیشتەجێبوونی شایان بەمرۆڤ .

دووەم: نەهێشتن یان کەمکردنەوەی ڕادەی هەژاریی و بێکاریی لەنێو چینەکانی خوارەوەی کۆمەڵگەو کەناری شارەکان، چونکە هەژاریی هۆکاری سەرەکی بەرهەمهێنانی نەوەیەکی توڕەو تۆڵەسێن و توندوتیژو ڕەگەزپەرستە

هەموو ئەمانەو هی دیکەش زامنی پاراستنی ئاسایش و ئارامیی نێوخۆن، بۆیە زۆر گرنگە حکومەتەکان لەخەمی نان و ئازادیی خەڵکدا بن، بۆئەوەی خەڵکیش لەخەمی پاراستنی ئاسایش و ئارامیی ئەواندا بن .

# سوریا نزیکبوونەوە لەکۆتایی سەرەنجام هەردەبێت کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بڕیارێک بدات



ئاراستەی ڕۆژانەی ڕووداوەکان و هەڵکشانی توندوتیژی ئاماژەن بۆئەوەی ئەم بارودۆخە تاسەر بۆهیچ لایەك ناچێتە سەر و، ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەنگاوی جددی هەڵنەگرێت و کێشەی سوریا و ڕژێمی ئەسەد یەکلایی نەکاتەوە، ئەوا خۆیان دەبنە شاهید لەسەر کۆمەڵکوژییەك کە پێدەچێت ئەوەی ڕژێمی بەعسی عێراق بە گەلەکەی خۆی کردی هەمان ڕەفتار دووبارە بێتەوە، بۆیە ئەم ئاراستەیە پێمان دەڵێت ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرەو لەسەر بەجێهێشتنی دەسەڵات لەلایەن ئەسەدەوە بکات، ئەوا زۆر زەحمەتە ئەمە ڕووبدات و لەبەر ئەوەی بەشار ئەسەد خۆی بۆ شەڕێکی یەکجاریی ئامادە کردووە، لەبەرامبەریشدا ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پێیوایە گەلی

**دەنگەکان بەس نین بۆ بەکۆتاهێنانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، بەڵکو ئاشتی سەرپێچییەکان بەسە بۆ تێگەیاندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی**

سوریا واز لە خۆپیشاندانەکان دێنێت و بەشێوەیەکی ئاشتیانە لەگەڵ ڕژێمی ئەسەد دەست بە چاکسازی دەکەن، ئەوا ئەمیشیان دیسان گرەوێکی دۆڕاوە، سەبارەت بەم دوو ڕێگەیەی کە ئائێستا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرەوی لەسەر دەکات، پرسیارمان لە پرۆفیسۆر جێرمی پریسمان پرۆفیسۆری زانستی سیاسەت و ڕێکخەری دیراساتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەزانکۆی کونیکتیکت کرد و ئەو لە لێدوانێکی تایبەتی بۆ گوڵان وای دەبینێ کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دیراسەتی زیاتر لەچەند ڕێگەچارەیەکی کردووە و تەنیا خۆی پابەندی دوو ڕێگە چارە نەکردووە، لەمبارەوە بە گوڵانی ڕاگەیاند: (پێموانییە تەنیا دوو ڕێگاچارە هەبن، بەڵکو چەندەها ڕێگاچارە هەن و لەداهاتووشدا کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی

**ئەگەری گرتنەبەری دەستێوەردانی سەربازی لەلایەن ئەمریکاوە دوورە لەبەر ئەوەی ئەمریکا مێژوویەکی باشی لە دەستێوەردان نەبووە**

زیاتر دەنگی خۆیان یەکدەخەن، ئەوە دەبینین کە لەماوەی چەند مانگی ڕابردوودا بینیومانە، کە زۆرێك لەوڵاتان زۆر نارازین لەئاستی ئەوەی لەسوریادا ڕوودەدات، زۆربەی وڵاتانی جیهان، هەروەك لەکۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکاندا بینیمان، کارەکانی ڕژێمی ئەسەد ڕەتدەکەنەوە، هەروەها چەند وڵاتێکی کەم ئامادەنین بۆئەوەی سزای بەرفراوان بەسەر سوریادا بسەپێنن. پێموانییە مەسەلەکە یان ئەم ڕێگاچارەیە دەبێت یان ئەو ڕێگاچارەیە. بەڵکو بەردەوام هەندێ وڵات دەبینین کە دژی کارەکانی ئەسەد نارەزایی دەردەبڕن، هەندێ وڵات مەشق و دارایی یاخود چەکیان بۆ دابین دەکەن، هەروەها هەندێ لەوڵاتان ئاوارەکان لەخۆدەگرن، بۆ نموونە هەڵکەوتەی جوگرافی تورکیا، عێراق و ئەردەن بەشێوەیەکە کە دەبێت هەندێ کار ئەنجام بدەن بەچاوپۆشین لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ بڕیارێك دەدات، کەواتە مەسەلەکە ئەوەنییە تەنیا دوو ڕێگاچارە لەئارادابێت، چونکە چەندین وڵات پێوەندیان بەم کێشەیەوە هەیە و ڕێگاچارەی جیاواز دەگرنەبەر. بۆیە دیسان دووپاتی دەکەمەوە هەوڵ بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنێکی نێودەوڵەتی بەرفراوان دراوە، بەڵام لەلایەن ئەو وڵاتانەوە ڕێگریان لێگیرا کە پشتیوانی سوریا دەکەن، بۆ نموونە ئەنجومەنی ئاسایش هەوڵیدا ڕێوشوێنێك بگرێتەبەر، ڕوسیا و چین ڕێگر بوون، کەواتە مەسەلەکە بێتوانایی

**هەڵگیرسانی جەنگ و خوێن ڕشتن لەسوریا لەبەرژەوەندی هیچ وڵاتێکی دراوسێ نییە**

یاخود خەمساری نییە، بەڵکو مەسەلەکە ئەوەیە میکانیزمگەلێکی سنووردارت هەیە. ئەگەر ئەنجومەنی ئاسایش نەیەوێت ئەو بڕیارە بدات، دەتوانیت پەنا بۆ کۆمەڵەی گشتی ببەیت، بەڵام هەمان ئەو کاریگەریەی نابێت. وڵاتگەلێکی کەم هەن مافی ڤیتۆیان هەیە کە ئامادەن بەکاری بهێنن، پێشتر ئەمریکا بەکاری دەهێنا، بەڵام لەکێشەی سوریادا ڕوسیا و چین بوون ئەم مافەیان بەکارهێنا. پێموانییە بێدەنگی کرابێت، من دەتوانم لەبارەی ئەمریکاوە قسەبکەم، لەئەمریکا بەچڕی باس لەدەستێوەردان و باس لەوە دەکرێت کە لەسوریادا ڕوودەدات، کە ئەمە بۆتەهۆی پاشەکشەپێکردنی باسی ئێران، بەڵام پێموایە مشتومڕێکی زۆر هەیە لەنێوان ئەو کەسانەی لەبواری وەزارەتی دەرەوەدا کار دەکەن لەبارەی ئەوەی

**هەرچەند بارودۆخی سوریا توندوتیژی زیاتر بەخۆیەوە ببینێت ئەگەری هاتنە پێشەوەی هێزە توندوتیژەکان بۆ دەسەڵات زیادتر دەکات**

لەسوریا ڕوودەدات و بەردەوام مشتومڕ لەبارەی دەستێوەردانی سەربازی، یاخود کارێکی ڕاستەوخۆ دەکرێت. من پێموانییە ئەم گفتوگۆ و مشتومڕانە تەواو بووبێتن، بەلای کەمەوە لەئەمریکادا و پێموایە وڵاتانی دیکەش هەن لەجیهاندا کە بەردەوام بایەخی پێدەدەن)).

ئەوەی پریسمان ئاماژەی پێدەکات لایەنێکی گرنگی پرسەکەیە کە ئێستا کۆمەڵگەی کوردی بەدەستیەوە گرفتارە و دەگەڕێتەوە بۆئەوەی ڕوسیا و چین بە بەکارهێنانی ڤیتۆ دژی هەر بڕیارێك ڕادەوەستنەوە کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بیگرێتە بەر سەبارەت بەم لایەنە، بەڵام ئایا تاچەند ئەمریکا و یەکێتی ئەورووپا و تورکیا و دەوڵەتانێك لە کۆمکاری عەرەبی دەتوانن لەدەرەوەی ئەنجوومەنی ئاسایش دەستێوەردان بکەن، سەبارەت بەم

پرۆفسیۆر پریسمان ئەگەری گرتنبەری دەستێوەردانی لەلایەن ئەمریکاوە بەدوور زانی لەبەر ئەوەی ئەمریکا مێژوویەکی باشی لە دەستێوەردان نەبووە، بۆیە جەختی لەسەر ئەوەکردەوە دەکرێت تورکیا وەك گوشارێك بەکار بهێنرێت، لەمبارەوە و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ گوڵان پریسمان وتی: (لەماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا ئەمریکا دەستێوەردانی چڕی کرد لەچەند وڵاتێکدا، وەك عێراق و پێشتر ئەفغانستان، کەواتە بەلای ئەمریکا میراتێکی جیاوازی هەیە کە وا لەهەندێ کەس دەکات پتر دوودڵبن لەدەستێوەردان. ئەمریکا لەلیبیادا دەستێوەردانی کرد، کە ڕەنگە دەستێوەردانێکی هاوشێوە بکاتەوە، نەك دەستێوەردانی چەشنی عێراق. زەحمەتە نەتەوە یەکگرتووەکان تێپەڕێنرێت، بەڵام مەحاڵ نییە، کەواتە هەمیشە ئەوە مومکینە، پێموایە هەندێ کەس لەئەمریکا چاوەڕوانی ئەوە دەکەن جامیعەی عەرەبی جڵەوی دەستپێشخەری بگرێتەدەست و نایانەوێت لەم کێشە تایبەتەدا هەڵوێستی جیاوازیان لەجامیعەی عەرەبی هەبێت، کە ئەگەر من لەجێی موعارەزەی سوری بوومایە ئەوا ڕەنگە خۆشحاڵ نەبوومایە، چونکە ڕۆژانە خەڵك دەکوژرێت و ڕۆژانە خەڵك قوربانی دەدات. پێموایە هەندێ دوودڵی هەیە لەوەی هەڵوێستی جیاواز لەجامیعەی عەرەبی بگیرێتەبەر، جامیعەی عەرەبی هەستا بەڕەوانەکردنی چاودێر بۆ سوریا، پرسیارەکەش ئەوەیە ئایا هەنگاوی داهاتوو چی دەبێت، کە پێموایە هێشتا ئەوەمان نەبینیوە. سەبارەت بە تورکیاش من دەڵێم یەکێك لەڕێگاکانی فشار دروستکردن لەسەر ئەسەد بریتییە لەهاوکاری تورکیا، لەبەر ئەوەی ئاشکرایە تورکیا هەڵکەوتەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە، ئەگەر کارەساتە مرۆییەکە بەرەو خراپتر بچێت و ئەگەر ڕەوشی ئاوارەکان لەوە ئاڵۆزتربێت، ئەوا ئەمە ئاکامی ڕاستەوخۆی دەبێت لەسەر تورکیا، من نازانم تورکیا چ ئاڕاستەیەك دەگرێتەبەر جگە لەوەی کە دەبێت ڕێگەی دیکە هەبێت بۆ ئەوەی کاریگەربین بەسەر سوریاوە، جگە لەپشتبەستن بەتورکیا. ئەمەش بەشێوەیەکی گشتی گرنگە. وڵاتانی دیکەش بەردەوام ئەوە تاوتوێ دەکەن چۆن کاریگەربن لەسەر ڕەوشی سوریا، ئایا ئەمریکا چی دەکات، ئایا فەڕەنسا چ ڕێوشوێنێك دەگرێتەبەر، ئایا ڕوسیا چی دەکات کە بەرهەڵستی دەستێوەردانی نێودەوڵەتی دەکات، ئایا عێراق چی دەکات، کەواتە چەندین وڵات هەن کە پێوەندیان بەکێشەکەوە هەیە...دووبارە ئەگەر من لەجێی موعارەزەی سوری بوومایە، ئەوا




جێرمی پریسمان بۆ گوڵان:

**هەڵکەوتەی جوگرافی تورکیا و عێراق و ئەردەن بەشێوەیەکە کە دەبێت هەندێ کار ئەنجام بدەن بەچاوپۆشین لەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی چ بڕیارێک دەدات**

نائومێد دەبووم لەسستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. سەبارەت بە سعودیەش لەم کێشەیەدا چ ڕۆڵێك دەگێڕێت بۆ ئەمەش پێموایە سعودیە بڕیارێکی جیوپۆلەتیکی دەدات، نەك بڕیارێکی دیموکراتی، ئەوان خوازیاری ڕۆیشتنی ئەسەدن، بەڵام نەك لەبەر ئەوەی دەیانەوێت دیموکراسی و مافەکانی مرۆڤ لەناوچەکەدا بڵاوبێتەوە، ئەوان بەرهەڵستی ئەسەد دەکەن لەبەر ئەوەی ئەسەد هاوپەیمانی ئێرانە، کە ئێرانیش دوژمنی سعودیەیە، کەواتە نیگەرانییەکە نیگەرانییەکی جیوپۆلەتیکیە. لەبەر ئەوە بەدڵنیاییەوە لەپێناو بەرژەوەندیە نەتەوەییەکاندایە و کارکردن بۆ بەرەوپێشبردنی دیموکراسی تەنیا ئامرازێکە لەم کێشەیەدا).

بەڵام ئەوەی ڕۆژانە دەبینرێت قوربانی زیاتر و نەهامەتی زیاترە کە ڕووبەڕووی گەلی سوریا دەبێتەوە، ئەمانەش هەموویان پێشلکاری زەقن دژی مافەکانی مرۆڤ، بۆیە لەمبارەوە پرسیارمان لە پرۆفیسۆر گۆردن باون ئوستادی زانستی سیاسەت لەزانکۆی ماری بەدوین کرد لەوەڵامدا بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتە ئاخاوتن و وتی: (کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەبێت پابەند بێت بەوەی لەبری خەڵکی سوریا لەسەر پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ بێتە دەنگ و هەتا ئێستا بە ئاستێکی بەرز سەرپێچیی لێکراوە و هاووڵاتیان سەرکوتکراون، هەڵبەتە دەنگەکان بەس نین بۆ بەکۆتاهێنانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد، بەڵام پێموایە ئاستی سەرپێچییەکان بەسە بۆ تێگەیاندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەبارەی ئاکامەکانی بەردەوامبوونی سەرکوتکارییەکان. بەڵام جیاوازی نێوان سوریا و لیبیا ئەوەیە، پارساڵ ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەنگ بوو و ڕوسیا هاوڕا بوو لەسەر بڕیاری ڕێگەپێدان بە کۆمکاری عەرەبی و ناتۆ لەبری نەتەوە یەکگرتووەکان بجووڵێنەوە، ئەمەیش یاریدەدەر بوو بۆ سەربەخۆیی لیبییەکان، بەڵام کەیسەکەی سوریا جیاوازە لەبەرئەوەی ناکۆکییە تایفەگەرییەکەی نێوان هاووڵاتیان و عەلەوییەکان تێکهەڵکێشە، هەروەها هاوپەیمانێتیەکی بەهێز لەنێوان ڕوسیا و ڕژیمی ئەسەد هەیە، ئەمانە هاوکاتن لەگەڵ هەڵبژاردنەکانی ڕوسیا و مەسەلەکەی بۆ فلادمیر پۆتین زەحمەتکردووە، ئەم هەموو لایەنانە وایانکردووە وەدەستهێنانی کۆدەنگی زەحمەت بێت لە ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، بەهەرحاڵ پێموایە ئەم واقیعە پاش هەڵبژاردنەکانی ڕوسیا دەگۆڕێت، ئەگەر پۆتین دووبارە دەنگ وەدەست بێنێت و ببێتەوە بە سەرۆك، ئەوا دوای بەکۆتاهاتنی هەڵبژاردنەکانی ڕوسیا هێزی دەرەکی بەجوڵە دەکەون

و لەوانەیە دەستێوەردان بکەن، بەڵام ئەگەر هات و هەڵوێستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەگۆڕا، بەڵام کێشەکە دێت و ڕوو لە خراپتر دەکات، بۆیە پێموایە کە کارئەکتەرە هەرێمییەکان بەتایبەتی تورکیا ئەگەر هەیە ناچار بن شتێك بکەن لەپێناو بەرژەوەندیی خۆیان لەبەرئەوەی کێشەی پەنابەرەکان هەر دێت و ڕوو لە هەڵکشان دەکات و ئەگەری دابەزینی نییە، بۆیە هیوادارم ئەمە یاریدەدەر بێت بۆ یاخیبووەکانی سوریا، بەڵام هێشتا هەڵوێستەکان بەئاستێکی بەرفراوان گۆڕانکاریی بەخۆیەوە نەبینیوە. من زۆر دڵگرانم بەو توندوتیژییەی کە لەدژی خەڵکی سوریا ئەنجام دەدرێت. هەروەها هەموو ئەمانە هۆکارەکان لەپشت ئەو چاوەڕوانییەی دەکرێت بۆ پاڵپشتیکردنی ئۆپۆزسیۆن لەبەرئەوەی هێشتا دیارنییە دەرهاوێشتەکان چین پاش سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، لەبەرئەوەی لەوانەیە ئەنجامی ئەم شۆڕشە سەرۆکێکی ڕادیکالی لێ بکەوێتەوە زیاتر لەو بەرێزەی کە پێشوازیی لە خاتوو کلنتۆن کرد لە تەرابلس، توندوتیژی هەمیشە کەسانی توندڕەوی لێ دەکەوێتەوە، بەڵام هەرچەند بارەکە توندوتیژتر بێت لە سوریاو چەند زیاتر درێژە بکێشێت ئەگەرەکان ڕوو لەهەڵکشان دەکەن لەوبارەیەی کە توخمە هەرە توندوتیژەکانی نێو هێزەکانی شۆڕشەکەی سوریا لەکۆتاییدا دەسەڵات لەدەستبگرن، کە ئەمەیش ئەگەری هەیە کاریگەریی لێ بکەوێتەوە لەسەر هەموو وڵاتانی دراوسێ، ئەمڕۆیش پێشوەختە نیشانە هەیە لەو ڕووەوەی کە قاعیدە لەعێراق دەستی هەیە لە ڕاپەڕینەکەی سوریا، ئەمەیش تاکە چالاکیی قاعیدە نییە لەبەرئەوەی چەندین تەکتیك و کردەوەی تیرۆریستی لەوڵاتەکەتان ڕوویداوە لە تەقاندنەوەی بۆمب و خەرقی ئەمنی، نزیکەی ساڵێکە شۆڕشەکە لە سوریا بەردەوامە و ئەمە جەنگێکی درێژخایەنە، بۆیە نیگەرانی هەیە لەوبارەیەی ئەم شۆڕشە سیستەمێکی ڕادیکالی لێ بکەوێتەوە و کە پێگەیەکی جەماوەریی هەبێت و پاڵپشتیی لێ بکرێت لەڕووی دەرکردنی سیاسەتی توندڕەوانە، هاوشێوە لەگەڵ ئەوانەی کە لە ناوچەکەدا بینیمان، ئەمەیش هەمووانی نیگەران کردووە لەبەرئەوەی مەترسی هەیە هەندێك سیاسەتی توندڕەو پیادەبکرێت و ئەمەیش لەبەرژەوەندیی هیچ وڵاتێکی دراوسێی سوریا نییە، هەر لەبەر ئەمەیشە کە زیاتر قسە دەکرێت نەك ڕەفتار بۆ یارمەتیدانی یاخیبووەکانی سوریا. سوریا هەمیشە باڵانسێکی هەستیاری هەبووە لەڕووی هەربۆیە ئەگەری ئەوە هەیە خوێنێکی زۆر برژێت پاش سەرکەوتنی ئۆپۆزسیۆن، بۆیە ئەم بارودۆخە زۆر تاریکەو چەند زیاتر درێژە بکێشێت تاریکتر دەبێتەوە، بۆیە بەڕای من هەڵگیرسانی جەنگ و خوێن ڕشتن لە سوریا بەرژەوەندی بەهیچ وڵاتێکی دراوسێ ناگەیەنێت، نە لەڕووی باڵانسە هەستیارەکەی لوبنان یان تورکیا یان ئیسرائیل یانیش عێراق و کە پێمواییە



**گۆردن باون بۆ گوڵان:**

## نیگەرانی هەیە لەوبارەیەی شۆڕشی سوریا سیستەمێکی ڕادیکالی لێ بکەوێتەوە کە پێگەیەکی جەماوەری هەبێت

پێکدادانی بەرژەوەندییەکان و خێزانەکەی ئەسەد بەردەوام ڕێگەچارەی دڕندانەی گرتۆتەبەر بۆ مانەوەی لە دەسەڵات و ماوەیەکی درێژە دیکتاتۆرییەتێکی توند بەڕێوە دەبەن، بەڵام بەپێی تووڕەیی و ئەو نائومێدییەی کە لەنێو ئۆپۆزسیۆندا دەبینرێت پێمواییە زەحمەتە لێبوردەییان هەبێت، نەك تەنیا لەبەرامبەر گرووپە نزیکەکانی ئەسەد، بەڵکو لەبەرامبەر هەموو عەلەوییەکان و چەندین گرووپی دیکە کە دەستیان هەبوو لە ڕووداوەکان، ئەوە ئەگەری بەردەستە، بەڵام نازانم چارەسەری ئەم بارودۆخە چییە، پێمواییە چارەسەرەکە لەوەدایە هەڵبژاردنەکانی ڕوسیا ئەنجامبدرێت و پۆتین بکرێتەوە بە سەرۆك و ئەوکات لەناکاو ئەنجوومەنی ئاسایش لە نەتەوە یەکگرتووەکان کۆدەنگ دەبێت و پێشنیار بۆ بەرێز ئەسەد دەکەن سواری فڕۆکەیەك بێت و بۆ هەر شوێنێك بڕوات کە ئارەزوویەتی، بەڕای من ئەمە چارەسەرەکەیە، بەڵام هێشتا شتەکان دیار نییە و نازانین چۆن دەبێت)).

# هەرێمی کوردستان دوورگەیەکی ئارامە لە ناوچەیەکی شڵەژاودا

پرۆفیسۆر تید گەڵن کارپێنتەر*
تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هەر لە دروســـتبوونی ناوچەی دژەفڕینەوە لە باکووری عێراقدا کە ئەمەریکا و هاوپەیمانەکانی دوای جەنگی کەنداوی فارسی و لە سەرەتاکانی نەوەتەکانـــدا دایانمەزرانـــد، تورکیـــا بێ پەروا دوژمنایەتـــی هەرێمـــی کوردســـتانی عێراقی کردووە. ئـــەو پارێزگارییە وایکـــرد کوردەکان و هەردوو پارتە سیاســـییە ســـەرەکیەکە( یەکێتی نیشـــتمانی کوردســـتان و پارتـــی دیموکراتی کوردســـتان) خۆیان لە ڕکێفی ڕژێمی ســـەددام حوســـێن لە بەغـــدا ڕزگاربکـــەن و هەرێمێکی خۆبەڕێوەبەر دابمەزرێنن. ڕوخاندنی ســـەددام بە سەرکردایەتی ئەمەریکا لە ٢٠٠٣دا ئەو توانایەی دووپاتکردەوە و بەهێزی کرد.

هەر لەســـەرەتاوە، تێڕوانینی ئەنقەرە ئەوەبوو هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستانی عێراق دەبێتە پردێك بۆ دروســـتبوونی دەوڵەتی ســـەربەخۆی کوردســـتان. لەوەش زیاتر بـــاوەڕی زاڵ لە نێو ســـەرکردە تورکەکانـــدا ئەوەبـــوو کـــە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردســـتانی عێـــراق، چ جای دەوڵەتی ســـەربەخۆ، هێزێکی کێشـــکردنی بێ ئەندازەیی دەبێت لەسەر کەمینەی کوردی ناڕازی و نائومێد لە تورکیادا. بـــە دەربڕینێکی دیکە، باوەڕیـــان وابوو، هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردی لە باکووری عێراق هەڕەشەیەکی گەورەبوو لەسەر یەکێتی خاکی تورکیا.

گرتنەبەری چەندین ڕێ و شـــوێنێك لەلایەن ئەنقەرەوە و لە دوای ڕووخانی ســـەدام حوسێنەوە ئەو دوژمنایەتیەی دەرخست لەبەرامبەر هەرێمی کوردستان و خەڵکی کوردستاندا. ئەو سیاسەتەی ئەولەویەتـــی یەکەمـــی هەبوو بریتـــی بوو لە ڕێگرتـــن لە گەڕانـــەوەی کەرکوکی دەوڵەمەند بـــە نەوت و ناوچەکەکانـــی دەروبەری بۆ چوارچێـــوەی دەســـەڵاتی هەرێمـــی کوردســـتان، بە چاوپۆشـــین لەوەی دانیشـــتووانی کەرکـــوك تەفزیلی چـــی دەکـــەن. هەروەهـــا ئەنقەرە هەرێمی کوردســـتانی تۆمەتبارکرد بەوەی ڕێگەیان بـــە چەکدارە یاخیبووە جوداخوازەکانـــی تورکیـــا( پەکەکـــە) داوە بۆ ئـــەوەی خاکی هەرێمە خۆبەڕێوەبەرەکە بەکاربهێنن و لەوێوە هێرشـــبکەنە سەر ئامانجەکان لە ناو خاکی تورکیادا. لە چەندین بۆنەدا، ســـوپای تورکیا هێرشـــی تۆڵەسەندنەوەی لـــە ناو خاکی هەرێمی کوردســـتاندا ئەنجامدا بۆ ڕاوەدوونانی گەریلاکانی پەکەکە. بەڵام لە ماوەی دوو ســـاڵی رابردوودا، ئاماژەی شاردراوە دەبینین لەبارەی گۆڕان لە بیرکردنەوەی نوخبە سەربازی و سیاسیەکانی تورکیادا لە پەیوەندیدا بە کوردستانی عێراقـــەوە. هەنـــدێ لـــە ســـەرکردەکانی تورکیا سەرنجی ئەو ڕاســـتیەیان داوە کە باکووری عێراق دورگەیەکی ئارامە لە ناوچەیەکدا کە تا دێت زیاتر دەشڵەژێت و مەترســـیدارتر دەبێت. ئەگەرچی ئەو گومانە لە ئەنقەرە هەیە کە ڕەنگە بەرپرســـەکانی هەرێمی کوردســـتان هانی جیبابوونەوەی کوردەکان لە تورکیا بدەن، بـــەڵام تا ڕادەیەك ئەو گومانانە ڕەویونەتەوە. لە هەمان کاتـــدا، نیگەرانی تورکیا لەبارەی بەرەوپێشـــچونەکانی بەشـــەکانی دیکەی عێراق-هەروەهـــا بەرەوپێشـــچونەکانی ســـوریا و ئێران-بە شـــێوەیەکی دراماتیکی زیادیان کردووە. ئەو شـــیکردنەوە ژیرانەی لە ناو تورکیادا دەکرێت ســـەرنجی ئەوەیانـــداوە کە هەرێمی کوردســـتانی عێراق تا ڕادەیەکی گەورە هەرێمێکی سەقامگیر و دیموکراتیە- بە بەراورد بە بەشـــەکانی دیکەی وڵاتەکەو گەشـــەی ئابـــووری تەندروســـت لەو هەرێمەدا دەرفەتی سەرنجڕاکێشی بۆ بزنسکارانی تورکیا خولْقاندووە.

تێڕوانینێکـــی جیاواز و نوێخواز لـــە تورکیادا دروســـت بووە کە بەو شێوەیە لە کوردستانی عێراق دەڕوانێـــت کە ببێتە حاجزێك لە نێوان تورکیا و ئەو ناســـەقامگیرییە نیگەرانکەرەی لە ناوچەی شیعە و سوننەنشـــینەکانی عێراقدا هەیـــە. ئەگەرچی ئەو کەســـانەی ئەم تێڕوانینەیـــان هەیە کەمینەن، بەڵام ئەم تێڕوانینە لە گەشـــە و بڵاوبوونەوەدایە. هەرچۆنێـــك بێت، بۆ ئەوەی ئەو تێڕوانینە زاڵبێت، دەبێت کوردســـتان پتر پابەندبێت بە دیموکراسی و ڕیشەکێشکردنی گەندەڵیەوە. لە ڕابردوودا، مشتومڕ و ململانێـــی نێوان یەکێتی و پارتی گرژی توندی دەخولْقانـــد و تەنانـــەت هەندێ جـــار دەتەقیەوە و توندوتیژی لێدەکەوتەوە. ئەو ڕکابەرییە گۆڕاوە بۆ پەیوەندییەکی سەقامگیر- تەنانەت بۆ شەراکەت- لە ســـاڵانی ڕابردوودا، بەڵام ئەو کەســـانەی لە دەرەوەی دوو پارتە باڵادەستەکەن قەناعەتیان وایە کە ئەو ڕێکەوتنە بۆتە شەراکەتێکی سیاسی لە نێو هەردوو پارتەکەدا.

**تێڕوانینێکی جیاواز و نوێخواز لە تورکیادا دروست بووە کە بەو شێوەیە لە کوردستانی عێراق دەڕوانێت کە ببێتە حاجزێک لە نێوان تورکیا و ئەو ناسەقامگیرییە نیگەرانکەرەی لە ناوچەی شیعە و سوننەنشینەکانی عێراقدا هەیە**

**گواستنەوەی پۆستی سەرۆک وەزیران لە یەکێتیەوە بۆ پارتی دەرفەتێک دەڕەخسێنێت بۆ جەختکردنەوە و جێبەجێکردنی بەها دیموکراتیەکان. گواستنەوەیەکی ئاشتیانە و ڕێکی دەسەڵات دەرسێکی گرنگە بۆ باقی بەشەکانی عێراق**

گرنگە کـــە یەکێتی و پارتـــی کۆتایی بەم ڕەفتارانـــە بهێنن و کوردســـتانی عێراق بکەنە مۆدێلی دیموکراســـی. گواســـتنەوەی پۆستی سەرۆك وەزیران لە یەکێتیەوە بۆ پارتی دەرفەتێك دەڕەخســـێنێت بۆ جەختکردنەوە و جێبەجێکردنی بەها دیموکراتیەکان. گواســـتنەوەیەکی ئاشتیانە و ڕێکی دەســـەڵات وانەیەکی گرنگە بۆ باقی بەشـــەکانی عێراق و هەموو وڵاتانی دراوســـێی کوردســـتانی عێـــراق. کارکردن بۆ نەهێشـــتنی گەندەڵـــی و تەئکیدکردنەوە لەســـەر مافەکانی هاوڵاتیانی کوردستان بۆ ئەوەی ئاشتیانە ڕەخنە لە دەسەڵات و سیاسەتەکانی حکومەتە بگرێت بە سوود و قازانجێکی زیاتر دەشکێتەوە.


جیاوازییەکـــی نـــوێ- ئـــەم هەلومەرجەی کوردستان- هەیە لەگەڵ ڕوداوەکانی بەغدا، کە سەرۆك وەزیران نوری مالیکی بە شێوەیەکی ڕوو لە زیاد ڕکابەرە سیاســـیەکانی هەراسان دەکات و حاڵی حازر هەڕەشـــەی دادگاییکردنی جێگری سەرۆك کۆمار- کە سوننەیە- دەکات بە تۆمەتی خیانەتکردن. هەروەها جیاوازییەکی دیکەی هەیە لەگەڵ ئەو تاوانانەی کە لە سوریا ڕوودەدەن.

کوردستانی عێراق وەك مۆدێلێکی دیموکراسی و بوارێك بۆ دەرفەتی ئابووری هەڵوێســـتی ئەو کەســـانە بەهێز دەکەن کە هەڵگری ئەم تێڕوانینە جیـــاوازەن لـــە تورکیا، ئـــەو کەســـانەی وەك ناوچەیەکـــی جیاکەرەوەی-تورکیا لە ناوچە پڕ لە کێشـــە و گرفتەکان جیادەکاتەوە- سوودبەخش بۆ تورکیا لە هەرێمی خۆبەڕێوەبەری کوردستان دەڕوانـــن، نـــەك وەك دوژمنێکی مەترســـیدار. گرنگە ســـەرکردەکانی هەرێمی کوردســـتان ئەم دەرفەتە لەدەست نەدەن.

***توێـــژەری باڵایە لە ئەنســـتیوتی کاتۆ لە واشنتۆن دی.ســـی، نووســـەری هەشت کتێبە لەبارەی کاروبـــارە نێودەوڵەتیەکانەوە و ئەندامی بۆردی گۆڤاری وەرزی مێدێرترینیانە.**



# سەرهەڵدانەوەی مشتومڕ دەربارەی ڕۆڵی ئاین و دەوڵەت لە تورکیا



فەرید ئەسەسەرد

وتارەکەی ئەم دواییەی ڕەجەب تەیب ئەردۆغان لە پەرلەمانی تورکیا سەبارەت بەپێویستیی ((پەروەردەکردنی نەوەیەکی دیندار)) لە تورکیا هەرایەکی زۆری نایەوە. ئەگەرچی میدیاکانی تورکیا زۆر لەسەر ئەم مەسەلەیە دواون، بەڵام پرسیاری سەرەکی لەم ڕووەوە ئەوەیە کە ئەم لێدوانەی ئەردۆغان چیی لەپشتەوەیەو چی وای لە سەرەك وەزیران کردووە بەخۆڕایی هەرایەکی گەورە بنێتەوە؟

ڕۆژنامەی ((هوریيەت دەیلی نیووز)) کە لە تورکیا بەزمانی ئینگلیزی دەردەچێ، لە وتارێکدا کە سەمیح ئیدیز نوسیوویەتی گومانی خستۆتە سەر پابەندبوونی ئەردۆغان بەعەلمانیەت و سوکە ئاماژەیەکیشی بۆ ئەوە کردووە کەدەشێ ئەردۆغان و حزبەکەی ئەجیندایەکی نهێنییان هەبێ. دەستەواژەی ((ئەجیندای نهێنی)) کە ئێستا لە میدیاکانی تورکیا زۆر بەکاردەهێنرێ، ڕەنگدانەوەی دڵەڕاوکێیەکە کە خەریکە لەناو ڕیزی ناوەندە عەلمانییەکانی تورکیا پەرەدەسەنێ. ئەو ناوەندانە هەر لەسەرەتاوە بەهاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان قەڵس بوون و لەڕەفتارو سیاسەتەکەی خانەگومان بوون. ئێستا، پاش لێدوانەکەی ئەردۆغان، چونەتە سەر ئەو باوەڕەی کە گومانیان لەجێی خۆیدا بووە. پرسیارە گرنگەکە لێرە ئەوەیە کە ئەگەر ئەردۆغان ئەجیندایەکی نهێنیی هەیە، بۆچی ئاشکرای دەکا؟ ئەگەر ئەجیندایەکی وای هەیەو ئاشکرای دەکا، چی وای لێ دەکا سڵ لەهیچ کاردانەوەیەك نەکاتەوە؟

لێدوانەکەی ئەردۆغان لە وڵاتێکی وەك تورکیا شتێکی ئاسایی نییە، چونکە تورکیا دەوڵەتێکی عەلمانییەو بەپێی دەستوور ئاینی لە سیاسەت جیاکردۆتەوەو لەم سۆنگەیەوە کاروباری ئاینی بۆ هاووڵاتییەکانی خۆی بەجێ هێشتووە.

لە عەلمانیەتدا دەوڵەت هیچ ئەرکێکی ئاینیی نییە، بەڵام لێدوانەکەی سەرەك وەزیران شتێکی وای لێ هەڵدەکرێندرێ کەدەشێ دەوڵەت ڕۆڵی هەبێ لە پێگەیاندنی نەوەیەکی دیندار کە ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی عەلمانیەتدا ناگونجێ. زۆربەی ئەوانەی وەڵامی ئەردۆغانیان دایەوە، زۆرتر جەختیان لەسەر ئەوە کردەوە کە ناوەڕۆکی لێدوانەکە ئاین و دەوڵەت تێکەڵ بەیەك دەکا. جان دوندار لەڕۆژنامەی ((میللییەت)) نوسیوویەتی ((خەڵکانی دیندار پێویستیان بەوە نییە دەوڵەت بەرنامەیەك بۆ پێگەیاندنی نەوەیەکی دیندار دابنێ)). تەها ئەکیول لە ڕۆژنامەی ((هوریيەت)) نوسیوویەتی ((ئەم کارە بەهیچ شێوەیەك کاری دەوڵەت نییە)). ئیحسان ئەلیاساك لە بەرنامەیەکی کەناڵی هاپیر تورك وتی((ئەرکی تۆ پێگەیاندنی نەوەی دیندار نییە. ئەرکی تۆ خۆش کردنی ڕێگایە بەرەو ئازادییەکان. ئەرکی خێزانەکانە نەوەکان پێ بگەیەنن)).

تا ساڵی پار ئەردۆغان کراوەتر خۆی نیشاندەدا. لە ئەیلولی ساڵی ٢٠١١دا لە چاوپێکەوتنێکدا لە کەناڵێکی میسری، ئەردۆغان وتی ((من موسڵمانم، عەلمانی نیم، بەڵام من سەرەك وەزیرانی وڵاتێکی عەلمانیم. هاووڵاتییان ئازادن لەوەی کە لەسایەی سیستمی عەلمانیدا دیندار بن یان نا )). ئەم لێدوانە هەرایەکی زۆری لێ کەوتەوە، بەڵام نەك لە تورکیا، بەڵکو لە میسر. هەموو گرووپە ئیسلامییەکان، لەسەرووی هەموویانەوە سەلەفییەکان و ئیخوانی موسلیمین، بەرپەرچیان دایەوەو دژی وەستانەوە. تەنانەت پێش لێدوانەکەی ئەم دواییەی ئەردۆغان بەماوەیەکی کەم. ئەردۆغان بەبۆنەی ساڵیادی ٧٥ ساڵەی پیادەکردنی عەلمانیەت لە تورکیا، لە بەیاننامەیەکدا بەشان و باڵی ئەم ڕووداوەی هەڵداو جەختی کردە سەر بایەخی عەلمانیەت بۆ تورکیای مۆدێرن.

ڕەنگە پەرەسەندنی شەپۆلی ناڕەزایی لە جیهانی عەرەب و بەهێزبوونی باسکی ئیسلامییەکان لە چەند وڵاتێکی عەرەبی، کاریگەریی لەسەر شێوەی بیرکردنەوەی ئەردۆغان هەبووبێ، بەتایبەتی کە لە ساڵی پارەوە هەست بەزیادبوونی ئاسەوارە سوننیگەراکان لە سیاسەتی دەرەوەی تورکیا دەکرێ، بەتایبەتی سەبارەت بە پشتگیریی تورکیا لە بزوتنەوەی ناڕەزایی سوریا کە ئیخوان موسلیمین ڕۆڵێکی سەرەکیی تێدا دەگێڕێ و سەبارەت بەهەڵوێستی دژ بەحکومەتی نوری مالیکی لە عێراق کە حکومەتێکە زۆرتر شیعەکان بەسەریدا زاڵن.

ئەمە بەم مانایە دێ کە لەم قۆناغەدا سیاسەتی پارتی دادو پەرەپێدان زۆرتر کەوتۆتە ژێر کاریگەریی ئاینەوەو، ئەمەش زۆرتر بۆ دوو فاکتەر دەگەڕێتەوە، یەکێکیان دەچێتەوە سەر بەهێزبونی باڵی توندڕەوی ناو پارتی دادو پەرەپێدان پاش هەڵکردنی باهۆزی گۆڕان لە ناوچەکەو لەق بوونی پێگەی ڕژێمە عەلمانییە بەهێزەکانی ناوچەکە کە هەر ئەمەشە وای کردووە ئەنکەرە بەرامبەر بەعەلمانییەکان و کوردی تورکیا توندتر بێ. فاکتەرەکەی تر زۆرتر بۆ پەرەسەندنی دیاردەی لەخۆبایی بوونی پارتی دادو پەرەپێدان دەگەڕێتەوە. سێ جار هاتنە سەر کاری پارتی دادو پەرەپێدان و کۆنترۆل کردنی پۆستی سەرکۆمارو بەدەستهێنانی ٣٢٥ کورسیی لەسەرجەمی ٥٥٠ کورسیی پەرلەمان و لەق کردنی دەسەڵاتی دامەزراوەی سوپاو پەرەسەندنی ناوبانگی تورکیا لەدەرەوەی وڵات، هەمووی بەسەریەکەوە سەرانی دادو پەرەپێدانی تووشی لەخۆبایی بوون کردووە. ئەمە بەم مانایە دێ کە پێویستە تورکیا تێڕوانینێکی قوڵتری بۆ مەسەلەکان هەبێ، چونکە لە سیاسەتدا هەندێ جار هەڵەی بچوك ئاکامی گەورەی لێ دەکەوێتەوە.

# گەمەکانی وزەی ناوەکی



دەیڤید ڕۆمانۆ*

مانگی جارێک
تایبەت بە گوڵان دەینووسێت

پێدەچێت هەندێ جار نەتوانین تەفسیرێکی عەقڵانی بکەین بۆ ئەو گرژیە ڕوو لە زیادەی لەبارەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی ئێرانەوە دروست بووە. ئەگەر بە ڕاستی ناکۆکیەکە پەیوەست بێت بە مافی ئێران بۆ پەرەپێدانی هێزی ناوکی، هەروەك ئەوەی ڕۆژانە بەرپرسەکانی تەهران بانگەشەی بۆ دەکەن، ئەوا ئەو کاتە هەموومان لەوە تێدەگەین کە بۆچی ئێران ملکەچ ناکات بۆ فشار و ناچارکردنی ڕۆژئاوا. سەرەڕای گووتارە ڕەسمیەکەی ئێران، ئەوە ئاشکرایە کە ناکۆکیەکە پەیوەست نییە بە مافی ئێرانەوە بۆ برەودان بە بەرنامەی وزەی ناووکی کە مەبەستی ئاشتیانەی لە پشت بێت. هیچ لایەك ناکۆك نییە لەگەڵ ئەم مافەدا بۆ ئێران، لە نێویاندا ئەمەریکا و ئەوروپا.

تا ئەم دواییەش ئاژانسی وزەی ئەتۆمی نێودەوڵەتی چالاکانە هاوکاری ئێرانی کرد بۆ برەودان بە وزەی ناووکی. کاتێك ئێران لە ساڵی ١٩٧٠ ڕێکەوتنی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی ئیمزاکرد، ئەوا ( لەگەڵ ١٨٩ وڵاتی دیکەدا کە ڕێککەوتنەکەیان ئیمزاکرد ) لەسەر ئەمانەی خوارەوە ڕێکەوتن: ئەو وڵاتانەی ئیمزایان لەسەر ڕێکەوتنەکە کردووە و خاوەنی چەکی ناووکی نین ڕازین بەوەی هەرگیز چەکی ناووکی بەدەست نەهێنن و ئەو وڵاتانەشی کە ئیمزایان کردووە و خاوەنی چەکی ناووکین ڕازین بەوەی زانیاریەکانی پەیوەست بە تەکنەلۆجیای ناووکی کە بۆ مەبەستی ئاشتیانە بەکاربهێنرێت بدەن بە وڵاتانی دیکە، هەروەها ڕازی بوون بەوەی بەرنامەی چەکداماڵینی ناووکی بگرنەبەر بە ئامانجی ئەوەی لە کۆتاییدا کۆگا ناوکیەکانیان لە ناو ببەن. کەواتە لەبەرامبەر ئیمزاکردنی ڕێکەوتنی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی، ئێران لە لایەن چەندین وڵاتەوە، لە نێویاندا ئەمەریکا، هاوکاری کرا بۆ بنیاتنانی پرۆژەی وزەی ناووکی.

بۆ چەندین دەیە، ڕێکەوتنەکە سەرکەوتوو بوو لە ڕێگرتن لە بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی. بە دڵنیاییەوە، هیندستان، پاکستان و ئیسرائیل ڕێکەوتنەکەیان ئیمزانەکرد. گەرچی ئەمە مایەی گرفتە بۆ زۆرێك لە وڵاتانی جیهان، بەڵام کۆگا ناووکیەکانیان بە مانای خۆدزینەوە لە ئەرکەکانیان بەرامبەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی نەهاتووە. لەگەڵ ئەوەشدا، کۆریای باکوور، کێشەیەکی دیکەیە، لەبەر ئەوەی ئیمزای لەسەر ڕێکەوتنی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی کرد، دواتر کە هاوکاری کرا لە بواری ناوکیدا، ئەم هاوکارییەی بەکارهێنا بۆ دروستکردنی بۆمب، هەر کە چالاکیەکانیشی ئاشکرابوون بە پەلە لە ڕێکەوتنەکە کشایەوە.

هەر بۆیە ئەگەر بەرپرسەکانی ئێران خوازیاری ئەوەن دووچاری هەمان ئەو گۆشەگیری و دابڕانە نەبن کە کۆریای باکوور بە دەستیەوە دەناڵێنێت، ئەوا دەبێت ڕێگە بە گەڕانەوەی پشکنەرانی ئاژانسی وزەی نێودەوڵەتی بدەن، ڕازی بن بەوەی پرۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم چاودێریی بکرێت و بەرنامەیەکی ناووکی ئاشتیانە بگرنەبەر، کە لەم ڕووەوە هاوکارییەکی نێودەوڵەتی گەورە دەکرێت، لەبری ئەوەی درێژە بەم هەڵوێستە بدەن. بە پێچەوانەوە سزا نێودەوڵەتیەکانی سەر ئێران کە لە بەرامبەر پابەندنەبوونی بەو ئەرکانەی

ڕێکەوتنی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی بەسەریدا دەسەپێنێت دژی گیراونەتەبەر کاریگەرییە گەورەکانی لەسەر ئابووری وڵاتە دەرکەوتووە و هەڕەشەی تێسرەواندنی گورزێکی سەربازی لەلایەن ئەمەریکا یان ئیسرائیلەوە لە ئێستادا گەورەتر دەردەکەوێت. کەواتە بۆچی ئێران سوورە لەسەر بەدەستهێنانی توانای دروستکردنی چەکی ناووکی، بە تایبەتی کە ئێستا گەورەترین هەڕەشەی ئیقلیمی بۆ ئێرانییەکان( عێراقێك کە سوننەکان حکومڕانی بکەن) پاشەکشەی کردووە؟ ئەگەر مەبەستەکەش ئەوە بێت ببێتە ڕێگر و ڕەدعێك بۆ هەر گورزێکی سەربازی لەلایەن ئەمەریکاوە، ئەوا پێدەچێت ئەمە ستراتیجێك بێت ببێتەهۆی ئەوەی ئەو گورزە سەربازییە لە مەودای نزیکدا لەو وڵاتە بسرەوێنرێت. بەلەبەرچاوگرتنی ئەوەی هێرشکردنەسەر وڵاتێکی گەورەی وەك ئێران چ ئاکامێکی لێدەکەوێتەوە، هەروەها بە ڕەچاوکردنی ئەزموونی ئەمەریکا لە عێراقدا، ئێرانییەکان هەست بە دڵنیاییەکی زیاتر دەکەن لە ئێستادا. کەواتە بۆچی ڕێگا ئاسانەکە ناگرنەبەر و گفتوگۆ لەسەر هەموو ئەو هاوکاریانە ناکەن کە ڕۆژئاوا ئامادەیە بۆیان دابین بکات لەبەرامبەر پابەندبونیان بەو ئەرکانەی ڕێکەوتنی قەدغەکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی ناووکی و ئاژانسی وزەی ئەتۆمی دەیخاتە ئەستۆیان؟ بەڵام پێگەی بوونە ئەندام لە کۆمەڵەی وڵاتانی خاوەن چەکی ناووکی هێندە خراپ نییە، ئایا وایە؟ ئەگەرچی دروستکردنی نیگەرانی بۆ سەلەفیەکانی هەندێ لە وڵاتانی دراوسێ جێی بایەخی تەهرانە، بەڵام ڕەنگە گرتنەبەری بەرنامەی دروستکردنی چەکی ناووکی لەلایەن سعودیەوە لە ئایندەدا ئەوەندە جێی گرنگیپێدانی ئێران نەبێت.

ئایا هێشتنەوەی بارودۆخەکە بەو گرژیەی ئێستا، بێ ئەوەی بگاتە دۆخی تەقینەوە، لە بەرژەوەندی

**کۆریای باکوور کە ئیمزای لەسەر ڕێکەوتنی قەدەغەکردنی بڵاوبونەوەی چەکی ناووکی کرد. هەر کە چالاکیەکانی لەبارەی دروستکردنی بۆمب ئاشکرابوو بە پەلە لە ڕێکەوتنەکە کشایەوە. پێدەچێت ئێرانیش هەمان ڕێچکەی گرتبێتەبەر**

ڕژێمی ئێراندا دەبێت؟ بە دڵنیاییەوە، هەر کاتێك جەنەراڵێکی ئێرانی ووشەی «داخستن» و «گەرووی هورمز» بخاتە یەك ڕستەوە، ئەوا ڕاستەوخۆ نرخی نەوتی خاو بەرز دەبێتەوە، کە ئەمەش داهاتێکی زۆر دەخاتە سەر گەنجینەی ئێران. لەگەڵ ئەوەشدا، بە دڵنیاییەوە دەبێت ئەمە تەنها مەبەستەکە نەبێت. چونکە چەندین ڕێگا و شێواز هەیە بۆ ترساندن و شڵەژاندنی بازاڕەکانی نەوتی خاو کە ئەگەری سەپاندنی سزای نێودەوڵەتی و ڕووبەڕووبونەوەی هێرشی ئەمەریکی-ئیسرائیلی لە خۆناگرن. ئەمە بە دروستکردنی نائارامیەك لە سعودیە یان بەحرەین بەدەست دەهێنرێت. پێم وایە، پاڵنەری گرنگتری پشت ئەم هەڵوێستەی ئێران، پەیوەست بێت بە بیرهێنانەوەی ئێرانییەکان بەوەی ئەوان کێن. یەکێك لە باشترین ڕێگاکانی کۆکردنەوەی خەڵك لە دەوری ناسنامەیەك و پشتیوانیکردنی لە حکومەتێکی نوێنەرایەتی، هەمیشە پەیوەست بووە بە ناکۆکی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکاندا. چونکە بۆ ئەوەی «ئێمە» هەبێت، دەبێت لەبەرامبەردا «ئەوان» هەبێت. هەروەك ئەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە سەردەمی شەڕی سارددا و جیهادیەکان لە دوای ١١/٩ هۆکاربوون

**ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا هۆکار بووە لە بەهێزبوونی ڕەوتی موحافیزکاری حکومەتی ئێران**

لە داڕشتنی ناسنامەی ئەمەریکی ( «ئێمە خاوەنی هەموو ئەو خەسڵەتانەی کە ئەوان نیانە...»)، کەواتە ناکۆکی بەردەوامی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا هۆکار بووە لە بەهێزبوونی ڕەوتی موحافیزکاری حکومەتی ئێران و شووناسی ئیسلامی. خۆپیشاندەرە لیبراڵەکانی ئێران کە دوای هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٨ ڕژانە سەر شەقامەکان، ڕەنگە تەنها بوویێتە هۆی پشتڕاستکردنەوەی ئەو تێڕوانینەی کە ڕژێمی ئێستای ئێران بە ڕاستی پێویستی بە دوژمنایەتیکردنی دوژمنێکی گەورە هەیە»، بە دوژمنی بچوك و چەندین هێزی شەڕای دیکە.

پێدەچێت سەرکەوتنی سەپاندنی سزا لەم هەلومەرجەدا ئەگەرێکی لاواز بێت. سزاکان ئەو کاتە ڕەفتاری ئێران دەگۆڕن ئەگەر حکومڕانەکانی ئەو وڵاتە ڕیزبەندی بۆ بەرژەوەندیەکانی خەڵکی وڵاتەکە بکەن. ئەگەرچی ئێرانییەکان گرنگیەکی گەورە بە تێگەیشتنە تایبەتیەکیان دەدەن لەبارەی «گەورەترین بەرژەوەندی ئێرانەوە، بەڵام ڕیزبەندی پاراستنی دەسەڵات و پێگە لە پێشترە(کە بە پێی تێڕوانینی خۆیان ئەمە «گەورەترین بەرژەوەندیە»....)ئەگەر ئەم ناکۆکییە هاوکار بێت لە هێشتنەوەی ئایەتوڵا خامنەئی و ئەنجومەنی پاراستنی دەستور لە بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خاوەنی هزر و تێڕوانینی چاکسازین، ئەوا ڕەنگە دروستبوونی هەڵئاوسان و چەند کەموکورتیەك باجێکی بچوك بێت لەبەرامبەر ئەو دەستکەوتە گەورەیەدا. لەوەش زیاتر، پێدەچێت ئەم سەختی و دژواریانە قابیلی ئەوە نەبن بەراورد بکرێن بەو نەهامەتیانەی ئێرانییەکان لەسەردەمی شەڕی عێراق-ئێراندا چەشتیان.

*** ئوستادی سیاسەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە زانکۆی میزوری**